شیعر

# مەرکانەیەک خۆشەویستی
# و ئینجانەیەک لە بۆنی تۆ

عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)



# مەرکانەیەک خۆشەویستی
# و ئینجانەیەک لە بۆنی تۆ

ژانر : شیعر
نووسەر : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
دزاینی ناوەوە و بەرگ :ئیبراهیم ساڵح
تیراژ : 500
ساڵی چاپ : 2022

بەو چرپە جوانانە پێشکەشە کە ڕۆژ نییە
لە خەوی ژیان بەئاگام نەهێنن
بەو بزانەی کە بەردەوام
بەستەڵەکی خەمم دەتوێننەوە
بە نەسیمی میهرەبانی
بەو ڕوانینە قووڵانەی کە پڕن لە پرسیار
بەو ماچانەی کە هەمیشە لە کەنار دڵتەنگییەوە
بارانی ئارامیم بەسەردا دەبارێنن
بەو نیگایانەی کە سنوورەکانی
بینین تێدەپەڕێنن
بەو هەستانەی لە دووتوێی پەڕە تەنکەکانی دڵەوە دێنە
دەرێ و دەبنە چەتری خەمرەوێنی ژیان
بە تۆ ئەی شیعرەژن

# شیعرەکان

# یاداشتنامەی موسافیرێک
# کە هەر تەنها شیعری هەیە

لە فڕۆکەخانەوەی نێودەوڵەتی شارەوە تا ژووری دانیشتنی
ماڵ
کێویێک زبڵ و
گردێک غەدر و
ڕووبارێک لە درۆی سپی و
قەزناخێک لە وردەگلەیی خەست و
خۆڵ دێنە بەر دیدەی شیعرێکم
هۆپێک دەکەم بۆ دڵنیابوون دەستێ دەخەمە نێو دڵی وردە
پێکەنینەکانی مرۆڤە برسییەکانی شار
گوللەی هاواری دەستفرۆشی گوزەرەکەش بەبن گوێما
گیزە دەکا
لەسەر پشتی جادەکانی ئەم تەمەنە لەڕولاوازەی غەدردا
دەستگێرەکان بۆ چەند هەزار دینارێک و
سواڵکەرێکی چوار پێنج ساڵان بۆ لەفەیەک
بێوەژنێک بۆ گەیشتن بە مەرزەکانی قورتاربوون
شوفێرێک لەتاو مەنگەنەی بێدەرەتانی ژیان و
کچێک لەحەژمەت تەنیایی و
گەنجێک بەنێرگەلەی نێرینەیی ژیانەوە
سواری سەری شیعرم دەبن و

هەڵی دەدەنە نێو ژوورێک لەبیرکردنەوە و لە ڕامان
وشەکانم یەک یەک دێننە قسە و دەڵێن هۆ شاعیرەکەی نێو
خەمی مەملەکەتی چینایەتی
وەک هەمیشە بوویتە لێرە
تۆ باوەڕت خۆرەتاوە و
بۆچی بۆ برسییەکانی شار شیعر ناکەی بە کولێرە.

***

گەیشتمە شاری تۆقین و دڵەڕاوکێ
بە شەقامەکانی بیرکردنەوە تیژڕەوانە تێدەپەڕێم
تۆزی ترسی خەیاڵێکی فیرعەونانەم لێ دەنیشێ
پاسکیلێک لە تەپ و تۆز دەدات بەتەکما و
خۆم لادەدەم لە تەکسییەکانی لاموبالاتی خەڵک
بەنێو جادە دڵگوشراوەکانا هەتا ماندوو دەبم دێم و دەچم
تابلۆکانی سەر دیواری کارەساتە جەرگبڕەکان دەخوێنمەوە
کۆڕنیشی غەم دەمبا بەرەو پردی ڕقێکی ئەستوور کە
دەبینم
یەک یەک دوو دوو یان بە کۆمەڵ دانیشتوون و
لەگەڵ دەنگی گۆرانی موسەجیلەکەی سەیارەکە پێکەکانیان
هەڵدەدەن و
لەداخی وەزعەکە هەر وەک خۆیان دەڵێن، خۆ مەست
دەکەن.
جادەکانم لا کورتتر و تەسکترە

هەنگاوەکانم خێراتر بێ ویستی خۆم بەرەو کۆڵانێکی کۆن
بەس پڕ لەیادەوەری دەمبەن
دڵم دەگوشرێ و غەریبی ڕابردووم وەختە سەر بکا
دڵم دەبێ بەپارچەیەک لە خەم و ڕق و تووڕەیی
ڕێک وەک ئەو ساتەی لە نزیک دەروازەی بازگە ڕەشەکەی
شێراوە
دەستێ لەسەر جامی سەیارەکە دەبێتە چەسپی دووقلی و
ڕووت لێدەنێ
(ساعدنی حجي ساعدنی الله خلیک)
دەبێ بە پەتێکی ئەستوور ودەچێتە ملی پێکەنینەکانی ڕۆژم
وشەکانم هەر لە تاوەی خەمێکی گەورەتر لە خەم دێنە قسە
و
دەڵێن مەشخەڵ هۆ شاعیرەکەی نێو خەمی مەملەکەتی
چینایەتی
وەک هەمیشە بوویتە لێرە
تۆ سەرچۆپی خۆت گڕ بدە
چونکە شیعرت جەنگاوەرێکی دلێرە.

***

بۆ بەیانیش بەلای قشڵەی نیگەرانیدا دەڕۆم و تێدەپەڕم
لە چەمی ئافاتی ژیان دەپەڕمەوە و بەناو خەمچییەکان و
گوزەری ئازار و ناڵیندا دەڕۆم
لای حەسیرەکەی نێو یاددا و لە دوکانی دوودڵیدا
شەربەتێکی (عصیر رمان) دەخۆمەوە

گوێ لە دوو پیرەژنی بەردەم قاپییەکی دیوار نزمی
کوێرلەمە هەڵوەریو دەگرم کەوا دەڵێن
(ئێستا خۆشترە لە جاران. بەڵام ڕەزای هەمەرە ڕەشەکان
قورسە!)
لە چایخانەکەی نەفریندا
لەسەر سووچی بازاڕەکەی حەسرەت تیاییدا دێتە بارین
دەیان گورگی قژ لوول قژ لوول
چنگ پڕ لە غەدر دانیشتوون
چای ڕەشی تاوان و زوڵم ئەخۆنەوە
خەریکن خاوە ئەکەنە یاسای دارستانی بێخاوەنی ئەم شارە
ڕەنگینە
دێمەوە ناو شار و لە دەرمانخانەی فەخری دەپرسم: ئاخۆ
حەبی تاراوگە ڕەوێنیان هەیە؟
شەقاوێک لەملای گازینۆی منەوەرە دوو پیکابی پڕ لە
شورتەی ئیتحادی
قۆڵم دەگرن دەڵێن دەعوای نۆستالیژیات لەسەرە و تۆ
بۆت نییە خەیاڵ بکەی ئەی تاوانبار
نەخوازەڵا باس لە مافی کرێکار کەیت و شانیشی بۆ بدەیتە
بار

***

لەپاڵ دیوارە لەبغکراوەکانی کۆڵانە شەکەتەکان
ماندوو بوونم خەریکە بڕستی ڕۆژم لێ ئەبڕێ
زوو زووش لێم ئەپرسن ئاخۆ نیازت نییە بێیتەوە؟ نەکەی
کوڕە نەجاتت بووە و هەڵەی وا هەرگیز نەکەی!!
نەکەی بێیتەوە قەدری خۆت لە دەست دەدەی
ئای چەند دڵپاک و چەند نەزاکەتن ئەو خەڵکە..ئاخر بۆیە
خۆشم ئەوێن
ئەوان نازانن من بەروح لەگەڵ ئەوانم و
بەجەستەش لەناو تاراوگەی سارد و سڕدا
ئەوان نازانن من لەگەڵ هەر تەقینەوەیەک و ڕووداوێکدا
چەند شپرزە دەبم
نازانن لەگەڵ هەناسەکانی ئەواندا چۆن دڵی شیعرم لێدەدا و
وشەم دەبێ بە نارنجۆک
دەڵێن مەشخەڵ وەک چۆن بوویتە بە قەڵای شکۆ و جێێ
شانازی
هەر وا بە و نەهێڵی هەرگیز وشەکانت لەبەردەم پارە و
ستەمدا بێنە سەر چۆک

**کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠١٩**
**کەرکووک - ڤانکووڤەر**

ژێدەرەکان :
بازگەی شێراوە : بازگەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراقە.
هەمەری ڕەش : هەمەری سەربازییە کە سوپاسی عێراق و حەشدی شەعبی لە گرتنەوەی شاری کەرکووک بەکاریان هێناوە.
قژ لوولەکان : ئەو گروپە لە شەقاوە و مافیاکانی دەسەڵاتی کوردیی بوون کە تەنگیان بە خەڵکی کوردو غەیرە کورد هەڵچنیبوو و ببوونە مایەی هەراسانی خەڵک.
خاوە : سەرانە . بڕێک پارەیە کە قژ لوولەکان لە خاوەن دوکاندارە غەیرە کوردەکانی کەرکووکیان دەسەند.
دەرمانخانەی فەخری : یەکێکە لە کۆنترین دەرمانخانەکانی کەرکووک.
گازینۆی منەوەرە : گازینۆیەک بوو لە ناوەڕاسستی شەقامی جمهوری.
شورتەی ئیتحادی : پۆلیسی دەوڵەتی عێراقە.

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١١٦٥ ی ساڵی ٢٠١٩ بڵاو بۆتەوە.

# ڕامانێکی ئێوارەیی

گەلێ ئێواران لە قەراغ دەریا
بەدەم پیاسەوە دەچمەوە جاران
لەژێر هیچ دارێک ئۆقرە ناگرم
جەستەم دەشێلێ ڕەهێڵەی باران

شەپۆلی تووڕەی ژێر تۆف و لێزمە
دڵی تەنیاییم لە سینە دەبا
وەختێ لێم دەتکێ تەڕایی ژیان
دەکەومە سەما وەک گەڵای دەم با

لەگەڵ باهۆزدا مەلەکان هەموو
ئاسمان چۆڵ ئەکەن پرسە ئەبەستن
کاتێ خەزانی شیعرم پێ ئەگا
وشەکان یەک یەک بەڕیز ئەوەستن

هەتاوی خەمی دووری شیرینە
ڕوومەتی شیعری هەڵقرچاندووە
ڕوحی شەرابی خۆشەویستییە
نەمامی خۆزگەی لەڕێ چاندووە

زۆر دادەنیشم لە ڕێگەی ئومێد
بەڵکە بێتە ڕێم شیرین گوفتارێ
بە نەغمەی جوانی بێنێتە لەنجە
بە دڵ و بیژەنێ کەمان و تارێ

گشت کازیوەیەک دێم و قاوەی تاڵ
لەگەڵ تاراوگەی روح دەخۆمەوە
سەری شیعرێکم لە کەنار دەریا
بە ئاوی خەیاڵ پاک دەشۆمەوە

لەسەر گێلاسی ڕوومەتی شیعرێک
وێنەی ماچێکی لێوی خۆم کێشا
ئەوساکە زانیم کە چەند عاشقم
خۆم بە تەنیایی و دار و بەرد کێشا

دەبێ کۆتری ئەوینی قەدەر
بۆ لەسەر شانی شیعرم بنیشێت
ئاخر بۆ دەبێ بەهای شاعیر بوون
تەرازووی خەم بێ و بێباک بیکێشێت

هەتاکو شیعر و وشەم مابێتن
هێز نییە ئەوین لە دڵم دەرکا
هەتا شیرینی ژیان بمێنێ
ئەبێ شەیدایی لەشیعرم سەرکا

**شوباتی ٢٠١٩**

تێبینی : بەم شـیعرە بەشـداری فیسـتیڤاڵی نێرگز و بەهاری شاری ئۆتاوام لە کەنەدا لە ساڵی ٢٠١٩دا کرد، لێرەدا یەک دوو دێرم دەستکاری کردووە.

# شۆستە

**بۆ کارڵ مارکس**

کتیبەکەت کە کلیلی ڕزگاربوونە
لەم ستەم و دەرد و زۆرە
دەبینم فەرامۆش کراوە و
بۆ من مایەی خەم و کۆستە
هاوڕێ .. مارکس
کتێبی تۆ دەبێ لەناو کتێبخانەی دڵی چینی کرێکار بێ
نەوەک بێناز فڕێ درابێتە
سەر ڕێگاو قەراغ شۆستە.

**شوباتی ٢٠١٩**

# چەند دێڕەشیعرێکی سەر گۆڕەکانی ژیان

## کرێکارێکی تامەزرۆ

هەتا لە ژین بووم ڕەنجمدا و ڕەتام
ئێستاش نەمزانی گرفت و خەتام
کێشەم ئەوە بوو ئەمویست ئازاد بم
بژێم ژینێکی ئاسوودە و بەتام

***

## وانەی تێکۆشەرێک

ڕێبواری سادە تۆ ئەی نابەڵەد
ئەوە گۆرانی سەرکزیی ئەچڕیت
دەتەوێ مانا بەژین ببەخشی
تێبکۆشە هەتا ئەو ڕۆژەی ئەمریت

***

## حەسرەتی بۆیاغچییەک

دڵۆپێ خوێن و ئارەقەی لەشم
بوو بە بۆیاخی خانووی جوان و بەرز
تا لە ژینا بووم کەلاوەم شوێن بوو
مەراق بوو هەمبێ خانوو یاخود ئەرز

***

## ڕازی ماندوویەک

سەرتاپای تەمەن هەر کرێکار بووم
ئارەقم ڕشت و هەر ڕەنجم کێشا
ڕۆژێکم نەدی بڵێم وەی ئۆخەی
ئەمڕۆم خاڵییە لە دەرد و ئێشا

***

## نائومێدیی

لەسەر شۆستەی ژین
فرۆشتم هێزی مەچەک و بازوو
هەر برسی بووم و
قەت نەهاتە دی خەون و ئارەزوو

***

## قوربانی پارە

کۆشیێ خێزانم بە کوولەمەرگی
ئەژیاند و خەفەت جەرگی برژاندم
لەبەردەم حەزیای تەماحی پارە
ڕوحی پڕ هیوای بە مەرگ تەزاندم
❊❊❊

## خەیاڵی عاشقێک

دەوەستام لەسەر سووچی کۆڵانا
ئێواران لەدوای ماندووبوون و ئیش
گەلێ خەیاڵم دەهێنا و دەبرد
لەداخی ستەم دەمخواردەوە پیش
❊❊❊

## وتەی وەستایەکی بیناسازی

ئەوەی لەم گۆڕە وا ڕاکشاوە
نیوەی دیواری شاری هەڵچنی
یەک ڕۆژ کەس نەیوت تۆ بەهاداری
دەتۆش بیرکەوە کەی ڕائەچەنی
❊❊❊

## ژنێکی زەحمەتکێش

ئاگر ژیانمی کردە کۆی زوخاڵ
لەبەردەم تەنوور بۆ کولێرە و نان
چەندە غەددارە و نەزانن خەڵکی
راستی وێڵ ئەکەن ئای چەند نابینان

***

## قوربانی شوێنی کار

دە ساڵ سایەقی گەڵابەیەک بووم
دوو خانەوادەم لەئەستۆ و شان بوو
هەتا ئەو ڕۆژەی بوومە قوربانی
هۆشم گیرۆدەی هەر تێکۆشان بوو

***

## ئەویندارێکی ناکام

هەموو ئاواتم کچێ بوو هەمبێ
دوور لە وەڕسیی و چەمۆڵە و تەمبێ
لێمان هاتنە دەست گەوزاین لە خوێنا
دەیان وت ڕەنگە ئەوەش هەر کەمبێ

***

## جەنگاوەرێک

گۆشکرام لە کۆشی پڕ جوانی و نازا
دڵ لێوانلێو لە سکاڵا و ڕازا
تا لە ژینا بووم جەنگاوەرێک بووم
دژ بە کۆیلەتی دلێر و ئازا

❋❋❋

## کچێکی سووتاو

ئاخ من خۆم سووتان بووم بە کۆی زوخاڵ
هەڵقرچا جوانی و گەنجیم چووە چاڵ
نەمامی ژینم ڕەش بوو وەک خەڵووز
باڵندەی تەمەن دای لە شەقەی باڵ

❋❋❋

## دایکێکی ژین ڕەش

چەند بەدبەخت بووم چوار جار سووتا جەرگ
قەت خۆشیم نەدی کفن بوو بە بەرگ
خەڵکی دەترسان بمرن ئەمما من
ئاواتەخواز بووم مێوانم بێ مەرگ

**شوباتی ٢٠١٩**

# حیکایەتی ئازادی ژن

من پیاوێکی ڕۆژهەڵاتیم
حەیزەرانی پیاوسالاریم بەدەستەوە و
قامچی ستەم بەسەر پشتی ژیندا دێنم و
باسی ئازادی ژن ئەکەم
سینگم پڕە لە نارنجۆکی کینە و ڕق
چاوەکانم هەزاران وردە زەرەبینی لەسەرە
جارجار جامانیم لەسەرە و شەڕواڵ لەپێ
جاریش هەیە ئەفەندیم و قات و ڕیباتم لەبەرە
چەکی دەستی ئازادی من چەقۆی غەدر و
شمشێری سەرکوت وخەنجەری دەبەنگی و تێڵای غەدرە
کۆدی شەرەف لای من سێ پیتی عەجیبە و
لە نێو دەرپێی کچ و ژن و خوشک و دایکمن.
من پیاوکی ڕۆژهەڵاتیم..بۆنم ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا
هەزار تیرۆز، سەد گوڵەباخ ناتوانن بۆنی بۆگەنیم
کە لووتی گشتتانی پڕ کردووە، لا بەرن.
من حەز ئەکەم ژێرکراس و ستیانی ژنان ببینم
من دەخوازم لەگەڵ سەرجەم ژنان جووت بم
بۆنی سینگ و مەمکی پڕ و خڕیان بکەم
من بەدڵ خۆشی دەبینم گشت سبەینان
ئەو کاتەی لەش پیسی خەیاڵە گڵاوەکانی خۆم لە لەشم
دەردەکەم

لەسەر مێزێک دادەنیشم و ڕۆژنامەیەک دەگرمە دەست
بەسەر ژنە داماوەکەم دەقیرێنم
من پیاوێکی ڕۆژهەلاتیم
بە پەساپۆرتی گەمژەیی ولاتە و ولات گەڕاوم و هیچ فێر نەبووم
چوومە کیشوەرەکانی باکوور و باشوور و هیچ فێر نەبووم
دەستم لە رانی زۆر ئافرەت خشاند و هەر هیچ فێر نەبووم
کتێب گەلێکی زۆرم کڕی و لەنێو مەکتەبە دامناوم و هیچ فێر نەبووم
بووم بە هاوڕێی شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و سیاسیی و بازرگان و هیچ فێر نەبووم
من لەسەر کورسی بێ عەقلی خۆم دانیشتووم
کلتووری سەد سال لەمەوبەر باوەشینی بیرکردنەوەی وشکم دەکا
دواکەوتوویش دەرزی ژەهراویم لێدەدا
عەقلم تا دێت هەلدەئاوسێ .
من ڕاهاتووم لەسەر بانانی کتێب و خوێندنەوەدا چاو لە ژنان دابگرم و
بەزمانی جەستە یەک یەک پێیان بلێم حەز دەکەم لە باوەشم بن
لە ئاسمانی نەزانییەوە سەیری یەک یەک کچانی شار و ولات و جیهان بکەم

بەزمانی خەیاڵ پێیان بڵێم حەز دەکەم کە شەیتانی بوون
خەون بە منەوە ببینن تا بێبن بن
بێ بنی چی؟ بنی گۆمی جاهیلبوونم!!.
من پیاوێکی ڕۆژهەڵاتیم
هەموو ڕۆژێ لە ئاوێنەی شانس و بەخت و نێرینەیی خۆم ئەڕوانم
خۆم دەبینم دوو قۆچم لەسەر ڕواوە
جاریش هەبووە کلکم لە دەرلینگی پانتۆڵەکەمەوە هاتۆتە دەر
گەلێ جاریش پلەی گەمژەییم وەک ڕۆکێت چووتە سەر
من پیاوێکی ڕۆژهەڵاتیم ساتمە لە وشە و لە ڕستەی جوان و مانادار دەکەم و
هێڵنجم دێ بە ئازادی و یەکسانی نێوان نێر و مێ
هەناسەم پڕ لە میکرۆبی دژە ژن و
تروسکایی چاوەکانم لەسەر دەرپێی ناوگەڵی خوشک و دایکمە
ئەوە منم لەسەر کورسی جەهالەتدا دانیشتووم و
جگەرەی نەزانی و غەدر و پیاوسالاری خۆم دەکێشم و
دووکەڵی خۆپەرستیش دەدەم بە هەوا
ئەوە منم هەویری نێو کلتوورەکان بەدڵی خۆم دەشێلم و
کولێرەی دەسەڵاتی ڕق
سەموونی ژێردەستەیی ژن
کولیچەی سەرکوتی خەونەکانی کچ و

کێکی ستەم دروست دەکەم
ئەوە منم لەسەر کورسی بێمێشکیدا دانیشتووم و
فوو لە مۆمی عەقڵ کرانەوە دەکەم
عەقڵ دەنێمە نێو بوخچە و بە نەزانینی دەسپێرم
ئینسانیبوون دەنێمە نێو تەنووری کۆنەپەرستیی و
مرۆڤبوون دەدەم بە ئاوی بێوەفایی
لەسەر سەربانی هەر خەونێک ئاڵایەکی ڕەش دادەنێم
ئەستێرەی مەرگ و کۆیلەتی لە ئاسمانی ژیانەوە
دادەبەزێنمە نێو ژوورەکانی دایک و کچ و ژن وخوشکی
داماو
لەسەر کۆلانی گۆڕانی نەرێتیدا تێلاکانی دین و کلتوور و
پیاو سالاری دادەنێم و
ئەوی دەنگی لێوە دەبێ، دەنگی دەبڕم
ئەوی فزە و هاوار بکا بۆ ژین و دۆخێکی جیاواز، فزەی
دەبڕم
من پیاوێکم دەنگ هەر دەبێ دەنگی من بێ
ڕەنگ هەر دەبێ ڕەنگی خۆڵەمێشی عەقڵ و بیرکردنەوەی
قۆڕی من بێ
لەسەر کورسی حەیا و شەرم دانیشتووم و
قاچم لەسەر قاچ داناوە و
باسی ئازادی ژن دەکەم.
*
من پیاوێکی ڕۆژهەلاتیم

هەرچی جارێ لەگەڵ ژنەکەم بچمە دەرێ
سەبەتەی سینگ
ڕەشماڵی پرچی پێرمکراو
مەمکی پڕ و
بەژن زراقی ڕێک وپێک دەبنە نێچیری نیگای من
ژنەکەشم دەڵێ کابرا عەیب ناکەی تەماشای ئەو ژنانە دەکەی؟
ئینجا بۆڵەیەک دەکات و دەڵێ لای خۆی موسەقەفیت!؟
چ بەدبەختە ژنەکەم تێناگا چەندە پشت ئەستوورم
نا تێ ئەگا ..دەزانێ کۆمەڵ و داب و نەریت و ئایین و دەوڵەت پشتم دەگرن
بۆیە منیش ڕۆژهەڵاتییانە بەرچیخی پیاوسالاریم بەدەستەوە
قامچی ستەم بەسەر پشتی ژیندا دێنم و پاسەوانی ناوگەڵ دەکەم
بە ویستی خۆم چۆنی بلوێ باسی ئازادی ژن دەکەم.

٢٠١٨-١٢-١٣

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١٢٨٣ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# کۆمۆنیزم

کە جۆش ئەسێنێ
لەشکری مەزن تێکئەدا ژینی پڕ خەم و تاڵمان
بارانی خۆشی و شادی دائەکا
بەسەر ژیانی زیندەبەچاڵمان
نەشئەی ئازادی
دەست ئەکاتە مل ئینسان دەبێتە سەروەر گشت شتێ
کۆی بەختەوەری و خۆشی و ئاسوودە
بۆ خەرواری ژین دەبن بە مشتێ
ڕەونەقی ژیان تریسکە ئەدا جیهان دەبێتە کانگای داهێنان
تواناکان جۆرێک بەرز دەبنەوە بۆ کۆمۆنیزم دەبنە بارهێنان
تەنها بۆ دیرۆک ئەڵێین هەبووە شەڕ و
هەژاریی و کوشتن و بڕین
ئا لەو جیهانە تەلیسماوییەدا
نابینی جێگای ئازار و برین
ئیتر تا ئەبەد کەسێ نابینی نیگەران بێت و
هەیبێ خەم و ژان
بۆ ئەو ژیانە من تێدەکۆشم
جەنگاوەرێکم دژ بە خوێن ڕژان

٢٠١٩-٢-٣

# پەیام

یەکەم هەفتەی ئەڵقەگۆڕینەوەی من و هاوژینەکەم
سێ چوار پەیام بە سێ چوار ناوی جیاجیاوە
بەڵام لێورێژ لە ئیرەییم بۆ هات و کەوتە بەر دیدە
بێ ئەوەی ڕێز لە هەست بگرێ
وا خۆی نیشاندا بوو کەوا خانمێکە ستەمدیدە
تیایدا هاتبوو : کاک مەشخەڵ چ چەترێکی بەختەوەریت لەم
بارانی تەنیاییەدا بۆ هەڵدرا
کە دوو باسکی پڕ لە کار و خۆشەویستیت لێ ئاڵایە
وتم وایە بەڕێزەکەم
هاوژینی من هۆش و بیری لای جوانترکردنی ژیانە
هاوژینەکەم نە ئەسیری دەست ڕووخسار و
نە گیرۆدەی دەست شێرپەنجەی ژیانی ئاڵۆواڵایە.

**شوباتی ٢٠١٩**

# تەوقە

لە نێوان دوو هاوچارەنووس و هاوچیندا
دوو کۆیلەی کاری سەرمایە
ئاساییە تەوقەیەک ئاشتی بخاتە ژیانی نێوان دوو ئینسان
پێکەنینێک ببێتە خۆر
بتوێنێتەوە ڕق و کینە ڕێک وەک بەفری مانگی نیسان
ئاساییە بزەیەک هێورکاتەوە دەروونی شەکەت و ماندوو
فێنک کاتەوە دڵی تەنگ
بەڵام ئەستەمە زۆر ئەستەم
تەوقەکردن و خۆگیڵکردن لە ستەمی بۆرژوازی و
قایلبوون بە کۆیلەتی و مەرگ

٢٠١٩

# نەفرەت بارین

ئەو ڕۆژەی مەرگ بەر نەفرەتی من دەکەوێ
قیژەیەک گۆمی بێدەنگی ماڵی شیعرم دەشڵەقێنێ
نێرگز دەبێ بە یاوەری گوڵ و باخچە
شۆستەکانی خۆشەویستی دەنێتە ژێر پەیکی هەنگاو
شیعرەکانم یەک یەک دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەم دەگرن
دارچناری گەڕەکەکە واز دێنێ لە لەنجە و سەما
وێنەی دڵێک سوور سوور خوێنی خۆشەویستی پیا دێ و دەڕوا
دەبێ بە مانشیتی ڕۆژنامەی ژیان و
دڵخۆش دەبن ستەمکاران
کە دەبینن ئیتر زەنگێک، کاژێرێکی نەسرەوتووی خەباتی
کارگەر دەنگی نەما
کە دەبینن بێکەستره خەباتی سووری برسییەکان بۆ ڕزگاری
دڵخۆش دەبن کە دەبینن ئەستووترە پەتی زوڵمی ستەمکاری
*
لەنێو دڵی ڕۆژگاریکدا هاتمە دەرێ
وەک توێکڵی وشکەوەبووی ڕووی لیتاوی بەر خۆرەتاو
بە تاسەوە
لە قوژبنی هەورەکان و

پەنا و پەسیۆی بێدەنگی و
گیرفانی رووبارەکان و
ناو گلێنەی شەپۆلەکان بۆی گەڕام و نەمبینییەوە
لە پاسارییەکانی ڕوحی پەتبووی خۆمم پرسیار کرد و
بەناو حەوشە گەورە و بەتاڵەکانی رابردوو گوزەرم کرد
دەستی تیشکی خۆرم گرت و کۆڵان کۆڵان تاریکاییم
ئەزبەر کردو نەمدۆزییەوە
بەدارەکانی هەژاری و نەهامەتی سەرکەوتم و دەستی
بێدەربەستیم دەنا بەچاومەوە و
ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت نەمدۆزییەوە
وتیان ڕەنگە لەگەڵ لێزمەی بارانی بەهار ڕۆیشتبێ
وتیان دەشێ ڕێگایەک بە قاچاخ بردبێتی بۆ خاریج
گوێشم لێبوو هەندێک دەیانوت نا لەپەنهانی دڵێکدا خۆی
حەشارداوە.

❊

کە پێم نایە سەرزەمینی دوودڵی خۆم
خەریک بوو تەنیایی هەموو جەستەی شیعرم بڕاکێنێ
چەتر نەما هەڵی نەدەم
کەچی ئاژانسی کەشناسی ئەم دڵەی من وشکەساڵی
ڕاگەیاند و
پەرداخێک لە بێمانایی نرخی چووە سەر وەک نرخی ئەو
نووسەرانەی
قەڵەم دەدەن بە دۆلار و

ڕوحیان دەدەن بە خانوو و ئەرز
من خەریکم لەداخ بێمانایی کەسانی دەبەنگ و
چەرچییەکانی سەر شەقامی فرت و فێڵ و
قاچاخچییەکانی سنووری بێئاگایی لە پێستی خۆم بێمە دەر
و
تف بکەم لە دەستەووەستان
لە دوودڵیی و لە گومان و لەترس و بیم
تف بکەم لەو نەفرەتییانەی لەڕابردوو و ئێستادا دیم
کوێ بگەڕێم بیدۆزمەوە
ناو دڵەکان؟
دووتوێی کتێب و قەد چیرۆک و شیعرەکان
یان ها لەنێو مێشکی مرۆڤ تواوەتەوەو بووە بە ئاو
ئەو ئیرادە پڕ شکۆیەی بۆ ڕۆحی سەرمایەداری
هەم تەڵەیە و هەم تەپکە و داو

٢٠١٩

# دواجار منیش خودام هەیە!

خوداکەی من وەک خوا ڕەنگاوڕەنگەکانتان نەبێکەس و نە تەنیایە
بەڵام وەکو ئێوە ئەڵێن
خاوەنی ژین و دنیایە
خوداکەی من ترس ناخاتە دڵەوە
قەت هەڕەشەی سووتان و لە شیشدان ناکات
هەرگیز مژدەی بێبنەما بە پەیڕەوکەرانی نادات
خوداکەی من پێچەوانەی خودا جیاجیاکانی ئێوە
خاوەن پاداشت و بەڵێن و سزا نییە
پێچەوانەی خواکەی ئێوە
خاوەنی شمشێر بەدەستی قارەمان و ئازا نییە
خودای من هەر هەبووە و هەیە و ئەزەلییە
لە بیگ بانگەوە تا ئەمڕۆ
نە ئینسان گەمژە و گێل دەکا و
نە ژیانیش دەخاتە سەر ڕێی سەرەڕۆ
خوای من نە نوێژکەری دەوێ و
نە چاوی لە پەرستنە
نە وەکیل بۆ خۆی دادەنێ و
نە موحتاجی پاراستنە
پێش تەقینەوە گەورەکەش خودای من هەر هەبووە بوونی
لەوەتەی هەم هەمیشە هەستی پێدەکەم

لەعان کار و هات و چوونی
لەسەر ڕێی عەشقی خودای خۆم
چەپک چەپک ستایش دەچنم بۆ بەشەر
لەبەردەم جوانی گەردوونیش
نەفرەت دەکەم لە تۆفانی تانە و تەشەر
خودای ئێوە،
خودای سزا و لە زەمهەریر هەڵکێشانە
خودای منیش،
خودای جوانی و خودای هێزی ڕاکێشانە!

**٢٢ی ئازاری ٢٠١٩**

# گەردەلوولی دڵی کارگەر

**بۆ هاوڕێ لینینی مەزن**

هەموو وەرزێ.. تۆ گەردەلوولێکی تازەی
لەهەناوی بیر و باوەڕ هەڵدەکەیت و شەبەقێک لە ئومێدی
گەش
لەنێو دڵی ئێمەی کارگەر دەکەیەوە بەڕووی ژینا
کێوێکی لە بن نەهاتووی
دەچییەوە بەگژ تۆفانی جەهالەت وستەم و کۆیلەتی ئینسان
بۆ خەباتیش تۆ هەوێنی نەسرەوتن و
هێزی لەنێو وزە و تینا
هاوڕێ مەزنەکەی خەباتم هاوڕێ لینین
چەند تامەزرۆم دەست لەناو دەست
بە شەقامەکانی ژیان بێین و بچین
هەردوو ببین بە باڵندەی حەزی مرۆڤ
بە ئاواتی فڕیوی ئاسمانی غەدر
ببین بە موژدەی هەتاو و
ببین بە گۆرانی تازە و لە هیچ نەچین
هاوڕێی هێژام
چەند تامەزرۆم بە دەستی تێکۆشانی خۆم

به‌ بازووی ماندوونه‌ناسی ئاڵا به‌ده‌ست
یه‌كه‌ یه‌كه‌ جاده‌كانی نه‌هامه‌تی پڕ له‌ خه‌نده‌ و پێكه‌نین كه‌ین
پاركه‌كانی ژیان پڕ له‌ گوڵی خۆشی كرێكار كه‌ین
سه‌رفرازی به‌رینه‌ نێو یه‌كه‌ یه‌كه‌ی ماڵه‌كانی جه‌نگه
چینایه‌تییه‌كانمان
ده‌ستی خه‌ڵكی به‌شمه‌ینه‌تی سه‌ر ئه‌م هه‌ساره‌یه‌ بگرین
بڕۆین به‌ره‌و ئاسمانی بێكۆتایی دونیای یه‌كسانی
به‌ره‌و لووتكه‌ی سۆشیالیزم
هاوڕێی هێژام ده‌ستم بده‌رێ با به‌سواری ئه‌م زه‌مه‌نه‌
خوێن لێتكاوه‌
بڕۆین ببین به‌ موژده‌ سووره‌كه‌ی شۆڕش
به‌ سرووده‌ گه‌وره‌كه‌ی تێكۆشانی سه‌خت
ببین به‌ ده‌ریای هه‌تاو و بڕژێینه‌ نێو په‌نجه‌ره‌ی تاریكی
ماڵی گشت ئینسانه‌ به‌شمه‌ینه‌ت و چه‌وساوه‌كان
ببین به‌ تیشكی ئومێدی نه‌خشه‌ی ژین و
ببین به‌ توانای سه‌ركردووی نێو زه‌مه‌نی ساڵنامه‌كان
ببین به‌ دوو ئه‌ستێره‌ی سوور
بدره‌وشێینه‌وه‌ له‌ ئاسمانی بێكۆتایی هه‌ساره‌كان
هاوڕێی هێژا با من و تۆ
كوخه‌كانی یه‌كه‌ یه‌كه‌ هه‌ژارانی بێ سه‌رمایه‌ی ئه‌م هه‌ساره‌
گه‌رمه‌ بكه‌ین به‌ خانه‌خوێ
پێیان بڵێین ئێمه‌ هه‌وێنی شۆڕشین
هاتووین ژیان بۆ كۆیله‌ی كار دابین بكه‌ین

بۆ ئەو خەونە.. بۆ ئەو سەرزەمینە جوانە
بە بەرینی هەموو جیهان شەیداین تامەزرۆین پەرۆشین

**ئازاری ٢٠١٩**

# ترسەکان

هەموو هێز و دەسەڵاتە تاریک و نەگریسەکان
نەک تەنها لە تارماییەکەت،
بەڵکو لە گۆکردنت دەترسن
سۆشیالیزم
*
ئامادەن خۆیان و هەموو ژیانیان هەڵوەشێننەوە
تەنها تۆ نەبێ
موڵکایەتی
*
چ پەیکەرسازێک توانی
پەیکەرێکت لە ترس و خۆشەویستی
لەناو دڵی ئەم جیهانە بۆ بتاشێ
ئەی پیاوە مەزنەکەی شۆڕش
لینین
*

لە ژیانتا دڵی مێروولەیەکت نەیەشاند
لاسکی دارێکت نەشکاند
پاسارییەکت لەسەر هێلانە هەڵنەفڕاند
گمەی کوترێکت نە شەمزاند
کەچی بە قەد تووکی سەری هاوڕێکانت
دووژمنی سەرسەختت هەیە هاوڕێ
مارکس.

*

هەتوانی هەموو دەردێکی
مایەی گۆڕانییەکی بە جۆش و مەزنی
گەر جڵەوت لە دەست نەدەین
بنیادنەری خەونەکانی
ئەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی
کرێکار.

نیسانی ٢٠١٩

# نامەیەک بۆ کرێکاران

ئەم نامەیە بۆ ئێوەیە کرێکاران
ئەی ئەوانەی بۆ بەردەوامبوون لە ژیان
هیچ شک نابەن تا بیفرۆشن
جگە لە کاری هەرزانی لەشی خۆتان
ئەی ئەوانەی پڕن لە چەوسانەوە و غەم
لەهەر جێگا و سەرزەمینێ بوونتان هەبێ
پڕاوپڕن لە تووڕەیی و نارەزایی چ بە تاک و چ بە کۆتان
گرنگ نییە چ نەتەوە و ئاینێکن
بە چ زمانێ قسە دەکەن، ناوتان چییە
کوێستان، گویللەر، بەسمە خەڵەف، ئۆرهان، کارزان یاخود
بۆتان
ئاخر ئەی بەرهەمهێنەران
گەرچی زۆربە سواری پشتی بێکاریی بوون
جگە لە سفرەی بەتاڵ و
دۆش دامان بەدیار دەستەنگی و
ئاخخواردنەوە لەسەر خوانی هەموو ڕۆژەی نان و دۆتان
ئێوەی برسی خۆشباوەڕی فریوخۆر و
دەست پانکەرەوەی بەردەرگای زۆردار مەبن
چونکە ئەوان مەحاڵە شت بکەن بۆتان
ئێوەی بێبەش لەسەر دەریای ڕەشی نەوتا خەون دەبینن
خۆزگەکانتان دەدەنە بەر خۆری خۆزگە

ژیان تەڕ و سەوز دەکەن و
هەر لەخەونا گەشترو پڕ بەرهەمترە کێڵگەی ژینی گەنم و
جۆتان
لە نەگبەتی و کرێچیێتی و بێ خانە و لانەیی زۆربەتان
بەڕێکردنی خۆخزینە نێو یەک ژووری شەش و حەوت و
هەشت و نۆتان
هەرگیز نەکەن پشت بکەن لە چارەنووسی
پڕ لە دەرد و بەڵا و هۆتان
هەرگیز نەکەن بێتفکرین..
بێ بیرکردنەوەی جیدیی و قووڵ شل و کوت مەبن لە
گەڕان
بەدوای هەتوان
قەت کۆڵ مەدەن لە پرسین و لە سۆراخ و هات و چۆتان
نەکەن رۆحی بەرەنگاری خۆتان ونکەن
غەرق بن لەنێو تەسلیمبوون
تێبکۆشن بۆ رزگاری
نەک دابەستن کۆڕی گەرمی باوکەڕۆتان

**کۆتایی نیسانی ٢٠١٩**

# تۆڵە

عەرەبانەکەی پاڵ دەدا
پڕ لە بوتڵ و قووتووی بەتاڵ
لە خەیاڵیا دانیشتووە و لەسەر مێزێک
ناولەپی پڕ چەقۆ و چەتاڵ
خۆشترین خواردنی هەمەجۆر ڕیزکراوە بۆی
سەری سوڕماوە دەبینێ
هەمو شتێ بەدڵی خۆی سازکراوە بۆی
وەختێ دەبا بۆ دەم تیکە
بیری هەر لای ئەو جەوەیە کە خۆشە و جوان و عەنتیکە
لەو خەیاڵە خۆشەی دەکا تازە چاڵێک
وەردەگەڕی عەرەبانە و
خۆشی بە دەمدا دەکەوێ و چرکەی لێ دەبێتە ساڵێک
بەدەم جنێو و بۆڵەوە
بەخۆی دەڵێ تا هەناسەت تێدا ماوە
بچۆرە نێو لەشکری ڕزگاری تۆڵەوە.

**کۆتایی نیسانی ٢٠١٩**

# حیکایەتی عەرەبانە و یەکی ئایار

وەکو پێچکەی عەرەبانەکەی ژێر دەستم
سێبەرەکەم بەدوای خۆمدا پەلکێش دەکەم
ئەڕۆم؛ بەدەم هاوارەوە تا موشتەری بەدەست بێنم
بڕستم لێ دەبڕێ و ماندوو دەبم وەک ماندووم لە ژیان
داهێزرانی لەشی خۆم هەست پێدەکەم و
هەموو ساڵێ لە زەمەن یەک و لەتەمەنی تاریکیم دووان
دەڕوا دەبێت بە دووکەڵی یادەوەری نێو هەست و گیان
من عەرەبانە پاڵ دەدەم؛ چاوم لەگەڵ خولانەوەی تایەکاندا
دەخولێتەوە
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتر برین و ئازاری مرۆڤبوونم
دەکولێتەوە
دەنگم گڕە؛بەڵام ڕۆحم سووک و شیرین
لەپێچی هەر کۆڵانێکدا پتر، زیاتر، خۆ دەنوێنێ
لیستی خەم و ژان و برین
تا ئێوارە لەشەقامەکانی شاری زوڵم و غەدرا هاتوو و
چوونمە
پرسیار دەکەم بۆ چارەنووسم وا ڕەشە
ئەی ڕۆژگارم بۆچی وا شووم،هەژاری هەوێنی بوونمە
گەلێ جار نازانم چۆن وەڵامی داوای خانەوادەم بدەمەوە
نازانم چۆن پەنجەرەیەکی ڕووناکی بەسەر ژینی تاریکیمان
بکەمەوە

جارجار دەڵێم ئاخۆ کەی بێ باری قورسی سەر ژیانم
سووکتر ببێ و
فێنکاییەک ، سووکناییەک دڵم بکات بە مۆڵگەی خۆی
دوایش ئیستێک دەکەم دەڵێم بۆچی بەمجۆرە خەم دەخۆی
من دەبێ دەرد و نەگبەتی و سەرچاوەی ئەم تاریکستانە
بناسم
هێند زرنگم بە ئاسانی دەیسەلمێنم نە تەمبەڵم، نە ورە نزم
و کەساسم
من عەرەبانە پاڵ دەنێم ، عەرەبانەی خەمی ژیان
عەرەبانەی چارەنووس وەپێش خۆم دەدەم
کۆڵان کۆلان شەقام هاوار دەکەم بە دەنگی بەرز
با بەهەشتێک بنێینە جێی ئەم دۆزەخە پڕ دەردەی ئەرز.
ساڵ دوانزەی مانگ عەرەبانەی چارەنووس وەپێش خۆ
دەدەم
بە دەنگی گڕو تووڕەوە دەیدەم بە گوێی بۆرژوازی و
سەرمایەدار
ئەمڕۆ ڕۆژی چینایەتی و هاوپشتیم بەرز رادەگرم
ئەمڕۆ کار ناکەم خەباتم بەرز و ئایارم پایەدار

**کۆتایی نیسانی ٢٠١٩**

تێبینی : ئەم شیعرە لە مەراسیمی یەکی ئایاری ساڵی ٢٠١٩
لە ڤانکووڤەر لەلایەن شاعیرەوە خوێنرایەوە.

# ماچە مێژووییەکان

## بۆ ئەو ماچەی ئەحلام مەنسوور کە دڵی شیعری ڕاگرت

ئەحلام لەنێو چیرۆکێکیا
دیوارێکی سفتی لە ماچ هەڵچنیبوو
تا ئیرۆتیکی وشەکان
لەودیو پەردە تەنکەکانی خەیاڵەوە ئیحراج نەبن
ئەو نەسەبی دەچۆوە سەر ئەڵوەنی ماچ
جگەرەی جوانی دەکێشا و
بارەکانی فێر کردبوو پێک بێ وشە غەمبارەکان هەڵنەدەن و
بەر لە خەوتن شیعری عەشق بخوێننەوە
پێنجشەممان دەچووە سەر دیجلە و
ڕۆبیانی و شتی ڕەنگاوڕەنگ
کەرتە بسکیتی خەیاڵی دەدایە ماسییەکانی خەم
ئەم گرێک بوو گڕ لە ناخیا گڵپەی دەکرد
لەشی هەموو گڕی ماچ بوو
چاوی پڕ بوو لە خۆشەویستی ناکام و
دڵیشی دابوو بە وشە
ئەحلام ئێواران دەفڕی
ئەحلام جارجار دووربینی ماچێکی دەنا بەچاوەوە و
دەیڕوانییە پێدەشتە کاکی بەکاکییەکەی ئەوین و
لەگەڵ نووسینی چیرۆکێکی تازەدا تێر دەگریا

بە قژی خۆی هەڵدەگەڕایە سەر بانی خۆشەویستی
سووتووی جگەرەی دەناتە کوونەگوێی بیم
زوو زوو لە ترس زویر دەبوو
بەدیار زمان و وشەوە دادەگیرسا
ئەو عاشق بوو بۆیە دەسووتا لە خەما
ئەو دیوێکی پەنهانی ئەو دیرۆکە بوو
بوو بە دووکەڵ لەنێو هەوری کپ و تەما.
*
کاتێ ئەحلام ریز ڕیز ماچی دەنایە بەر پێی عەشقێکی خۆڵەمێشیی
کاتێ دەچوو لەناو پەروەندەی دادگایی زمانی غەم
یەک یەک وێنەی ماچەکانی بە کامیرای لێوی دەگرت
تاکو دۆسیەی خۆشەویستی بباتەوە
کاتێ دەچوو لەگەڵ شیعرا پەرداخی مەی پڕ دەکرد و
مەست مەست وشەی دەنایە نێو شیعر و چیرۆک
ئەو کاتانەی لەسەر لێواری حەژمەتی کسپەیەکدا دەبوو بە حەز
ئەحلام دەمی دەنایە نێو دەمی شیعر
دڵی دەخستە سەبەتەی یاخیبوون و
مەرزەکانی ئەودیو تخووبی جوانیشی دەهێنایە رەقس و سەما
وشەکان دەستی یەکتریان دەگرت و
چیرۆک دەفڕی بەسەر زەریای خەیاڵاتی پاکیزەیی

مێنەیی دەبوو بە فانتازیای گۆڤار و ڕۆژنامەکان
جوانی ڕەگی لەنێو ژوورێکی بچووکدا دادەکوتا و
تەحەداکان هەموو ئێوارەی پێنجشەممە کۆڕیان لەسەر
سێکس و ئیرۆتیک و مەمک و ماچە مێژووییەکان دەبەست.
ئەحلام ببوو بە باڵندە و
بەسەر شەقامەکانی نووسیندا دەفڕی
ببوو بە غەدرێکی جوان و لە پەنجەرەی باڵەخانەی
نووسینەوە
هەموو ئێوارەیەکی غەمگین خۆی دەکوشت
خۆی دەدایە بەر فیشەکی کلتووری کۆن
خۆی دەدایە بەر ساتووری دواکەوتوویی
خۆی دەدایە بەر چەقۆی رقی شەهوەتەکانی ڕۆژهەڵات
چ ڕۆمانێک بوو ئەو ژنە
چ چیرۆکێک بوو ئەو کەتنکەرەی مێژوو بۆ خۆی بردی!
*
بۆ یادی ئەو ماچە کوژراوانەی ئەحلام
جار جار دەچمە ڕۆخی دیجلە و گوێم لە هەناسەی ئەو
دەبێ
دەنگی تەقەی پێلاوە پاژنە بەرزەکەی
دەبینم لە ئەرشیفی دڵەخورپێی نێو نووسیندا دانیشتووە
تەپڵەکێکی جگەرەی حەز
قەڵەمێکی پەمەیی بە کورتە ژێرکراسێکەوە

لەنێو ژووری یادەوەری سەر کاغەزێکی وەک دڵی ئەحلام
سپی
ماچی شیعر و ماچی وشە و ماچی نووسین و ماچی مەی
بە دووکەڵی جگەرەوە
دەبنە تابلۆی ژیانی سەر لاپەڕەیەک لە کتێبی ژیاننامەی
ئەحلام مەنسوور
دەبن بە فیلم و سەرگوزشتەی ژنێکی یاخی لە خوا و شیعر
و شەراب
دەبن بە بانیژەی رووخانی دیوار و بەربەستەکان
دەبن بە دەنگ لەسەرزەمینی بێدەنگی
دەبن بە هەسارەی سووری نێو ئاسمانی دڵی گوناهە
گەورەکان
دەبن بە زایەڵەی ڕۆحی سەرمەدییانەی عەشقی ئەڵوەن
لەنێو بێستانەکانی گریانی تەنیایی شەوانی بەغدا
دەبن بە ڕیتمێک مۆسیقا و بە ڕستێک سەمای ئەبەدی
دەبن بە ئاوازی ماڵئاوایی ژین و
بە دارخورمای خەونی ژنەکانی نێو قەسری دلڕەقی

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ – ئایاری ٢٠١٩**

ژێدەرەکان :
ئەحلام مەنسوور ئەمینی چیرۆکنووس و مامۆستای زانکۆ
لە ساڵی ١٩٥١ لە خانەقین لە دایکبووە و لە ٢٠١٣لە
سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

ئەڵوەن ڕووبارێکە بەنێو شاری خانەقیندا ڕەت دەبێت و ناوی ڕۆمانێکی ئەحلام مەنسوورە.

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٦٩ ی ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

# من عاشقی بۆرژوایەکی دڵڕەقم

لە سەرمایەدارێک زیاتر
بۆ زێدەبایی عەشقی تۆ
تەماحکار و چاوچنۆکم
ئەی نابینی هەموو ڕۆژێ چۆن لەبەردەم
پەیکەری میهرەبانی تۆ لەسەر چۆکم
*
ئێمە هەردوو کرێکارین
هەردوو کۆیلەی کرێگرتەی نیزامی سەرمایەدارین
بەڵام گیانە بۆ لە جیهانی خۆشەویستی نێوانمان
تۆ زاڵم بیت و خاوەن بڕیار
ئێ بۆ دەبێ لە چارەنووسی ئەم عەشقە
تۆ ببیتە بۆرژوازییەکی دڵڕەق و
منیش ببم بە کرێکار
*
کارگەی وشەم خەریکی بەرهەمهێنانی نمایشی ئەوین و
خۆشەویستییە
تیایدا هەردوو هەم ئەکتەر و دەرهێنەرین
هەم کارگەری دەستەنگ و بەرهەمهێنەرین
لەدوا پەردەی خۆشەویستی نێوانماندا
لە ململانێیەکی چڕ، لە پێناو مان ونەماندا

من هەر کارگەرە ماندووەکەی ژێر ئازاری سەرما و
گەرمام
تۆش گۆڕاوی و
بوویتە بە خاوەن بڕیار و بە کارفەرمام.

*

من و تۆ ناگەینە ئەنجام
تۆ بڵێی پیاز من بڵێم سیر
ئاخر ناکرێ دڵرەقەکەم هەمیشە تۆ
ببیە پاسەوانی زیندان
منیش ئەسیر

*

بە پانتایی خۆشەویستیت
من ڕقم لە سەرمایەیە
کە ئەپرسی تۆ چ کارەیت
ئەڵێم ئەوە بە ڕاستیتە یاخود کایەیە
تۆش ئەڵێی بۆ؟
ئەڵێم چونکە کرێکارێکی دەستەنگم
ئارەزووی دڵی ڕەقی تۆش هەڵوەدای پلە و پایەیە.

*

شیعرێکی نوێت بۆ خوێندمەوە دڵی منت گەلێ خۆش کرد
بەتایبەتیش خۆت نووسیبووت
سەرزەنشتی بۆرژوازی و ستایشی کرێکارت لە پەرداخی
شیعر نۆش کرد
لە دوا کۆپلەش دەنگ خۆت گڕ کرد و بە تۆنی بەرزەوە
وتت من عاشقم ئەوەی دڵی منی ژن ڕانەگرێ
بکەوێتە ژێر ڕەهێڵەی زریانی و تۆف و تەرزەوە
*
لەم ماوانە یادی یەکترناسینمان بوو
بڕیارماندا ئێوارەکەی نانێ بخۆین پێکڤە هەردووک
لە نێو خەیاڵی عەشقدا ببم بە سوارچاکی خەونە جوانەکانت
و
تۆش بۆ حەزی عاشقانەم ببی بە بووک
شەوەکەشی تۆ ببیە شاژنی شیعر و منیش ببمە شاعیری
سەوداسەری تۆ
بۆیە خانمەکەم هێشتاکە تاریکی دانەهاتبوو داوات لێمکرد
چەند وشەیەکی ڕەونەقدار
بکەمە بە خەرمانە بۆ دەوری سەری تۆ
*

زوو زوو دەڵێی من سەرمایەدار نیم مەشخەڵ
بۆ پێم دەڵێی بۆرژوازی
تۆ بۆ بە وشە و شیعری خۆت
ڕۆژێ نەتوت شیرینەکەم تۆ کرێکاریت ناڕازی
نا گیانەکەم پڕ بە مانای وشە تۆ سەرمایەداریت
تۆ خاوەنی گەوهەری جوانی ئینسانییت
بۆیە لای من و شیعری من خانمێکی پایەداریت

**ئایاری ٢٠١٩**

# وەرە هاوڕێ چ ڕێکەوتێکی سەیر بوو

بۆ حەمەزەکی هاوڕێم
چ ڕێکەوتێکی جوان بوو وەختێ هاتی و
لەسەر سووچی کۆڵانێکی تفت و تاڵدا مێژووی برسیێتیت
دەخوێندەوە
بێ ئەوەی شەقامی ترس دڵت بێنێتە لەرزین و
بێ ئەوەی مانای مردنیش ببێتە شرۆڤەی ژینت
دەتگوت دەڕۆم هاوڕێ دەڕۆم زۆر درەنگە
ناکرێ لە تەمەشای هەتاوی ڕەش ببمە تەماشاکەر
ناکرێ لە مەرگی کانییەک پشت لە شەپۆلی دەریا کەم
ئێ چۆن دەکرێ دایکم بگری و منیش فرمێسک نەبینم
ئاخر چۆن دەشی باوکی دەستگێڕ بتوێتەوە و منیش تامی
مردن نەکەم
چ بێتامە هاوڕێ ژیان ڕەنگاوڕەنگی خۆی کوشتووە
هاوڕێ شەوەکانم درێژ بوونەتەوە وەک درێژبوونەوەی
ستەم
خەمەکانم گەورە بوونە وەک گەورەبوونی ژێردەستیی
ئومێدیشم گەڵەگەت وەک باڵای بەرزی بەیداخی سووری
تێکۆشان
هاتی و بە بێدەنگی نامیلەکەی ڕزگاریت لەسەر سکت لەژێر
کراسەکەت شاردەوە و
گوتت ئەڕۆم..

گوتت هاوڕێ ئەڕۆم هەتا لەناو گەرووی برسییەکانا ئەبم
بە زایەڵەی هاوار
لە مشتیانا ئەبم بە زەبر
لە کتێبی نێو دەستیانا ئەبم بە پەنجەرەی وشە و
بە ئاوێنەی پیتەکانی بیرکردنەوەیان لە ژیان
ئەبم بە دەروازەی گڕ و
بە دەربەندی پێکەنین و
بە جەنگەڵی چڕی باوەڕ
ئەبم بە نەخشەی خەونە ڕەنگاڵەییەکانی کچانی شار
ئەبم بە شیعرێکی دەستی ئازاد سوبحی
بەو سەرزەمینە خەملیوەی کە هەر خەیاڵ سنوورەکانی
دەبینێ
گوتی ئەڕۆم هاوڕێ ئەڕۆم
گوتم نەء هێشتا وەرزەکان بێکەسترن لە زیندانییەکی تاک و
تەنیا
هێشتا ڕوون نییە بارانی سوور دەبارێت
یان دەبێتە وشکەساڵییەکی بێوێنە
گوتم هاوڕێ هەتا تاقگەی ئەوینێکی سەوداسەر
جوگرافیای دڵ جێ نەهێڵێ و نەچێتە نێو دوو توێی ژیان
تا لەژوانی هەتاو نەبین بە عاشقێکی لەخەم وەڕس
تا مەشخەڵی سەرفرازی شەوەکانمان نەسپێرێ بە کازیوەی
خوشنوودی
هەتا هاوارە دیلەکان شەقام لەباوەش نەنێن و

تا تروسکەی ئاسۆی ڕەوینەوەی ترس و ژان و ئازار
نەبێتە چەتری سەرسەری ڕزگارەکان
بیر لە چوون و سەفەری نێو وەرزەکان و
بیر لە داگرتنی هەور و
نووسینی کتێبە سوورەکان مەکەوە
گوتم هاوڕێ کەی بە شەرابی خەستی سووری تەنیایی
خۆت مەست بووی و
فێری فڕینی نێو ئاسمانی سروودە مەزنەکەی بووی
کەی باخچە ڕاز و گلەییەکانی خۆی بۆ کردی
کەی پێکەنین لێوی دایە و بابەکانی ئێمەی کردە مۆلگا و
جێژوان
ئەوکات وەرە بەیەکەوە دەبین بەگۆرانییەکی جوان
دەبین بە سروەی ئازادی ژیانی سەرجەم هەژاران
دەبین بە شیعرێکی درێژ تێکەڵ بە خۆشەویستی و عەشق
دەبین بە ڕێگا بۆ هەموو شۆڕشگێڕانی ڕێی رزگاری
کرێکاران
دەبین بە دەریای ڕووناکی و
بە سەمای دار و درەختەکانی ڕووی ژیان
هاوڕێ وەرە با لە ئەزموونی سوورەوە
لە کێڵگە بەپیتەکانی ئەزموونی ئۆکتۆبەرەوە بڕۆینە نێو دڵی
شۆڕش
با لە هەمان مانیفێستی مارکس و ئەنگڵسەوە دەست
پێبکەین و

ببین بە شوراکانی بناغەی دەسەڵاتی ئومێد و خەون
بەئاڵایەکی سوورەوە ئاسمان بکەین بە هێلانەی هاوارێکی
بێوێنە و نوێ
هاوارێکی بێئەندازە تازە و ڕەوان
نەک لێدانەوەی هەر هەمان بەیت و بالۆرەی جاران و
وتنەوەی هەمان کۆنە قەوان
وەرە هاوڕێ چ ڕێکەوتێکی سەیر بوو
چ ناسینێکی دڵتەنگ و
چ پێکەوەبوونێکی سادە و ساکار بوو
هەردوو بە هەمان ڕێگادا ملمان نا بۆ ناسینەوەی گوڵەکانی
کەنار رووباری هاوڕێتی
بە هەمان ڕێگا کەوتینە ناسینەوەی دژوارەکان
بووین بە قەرەج
بووین بە مەشخەڵ
بووین بە چیرۆکی بە چێژی دەم ئاگردانی شەوانی خەباتی
چینی کرێکار
بووین بە دڕکەزی نێو چاوی ژان و ستەم و تەواوی
سەرمایەدار.
ئایاری ٢٠١٩
تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٣ی ساڵی
٢٠١٩ بڵاو بۆتەوە.

# لەرزین

## ( بۆ ستێفنی و ئامێزە گەرمەکەی)

چ زەمینلەرزەیەکی گەورەت خستە دڵی شیعرەوە
چ ئاوی جۆشێکت پرژاندە دەروونی هەناسەکانی ڕوحەوە
لەبازنەی چ خەیاڵێکدا بەندت کردم
کە من وێنەی تۆ و بۆنی گەرمی ئامێزگرتنەکەت وەک
ناسنامە بنێمە گیرفانی نووسینەوە
چ سەرسامییەک ئەم کەینوونەیەی هەژاند
تا ئێستاش لەبەردەم باوەشە تووند و چرپە بەگوێ
دادانەکەت هەر دەلەرزم
چ مەزەندەیەکی ڕۆژهەڵاتیی ختووکەی هەستی دام و
خەریک بوو بە پانتایایی ئەم گەردوونە بقیژێنم
خەریک بوو ببم بە دووکەڵێکی سپی و
لەبەردەم شەوە بێ سەلیقەکانی ڕۆژگار سەما بکەم
من ئێستاکەش لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا هەر دەلەرزم
لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێک دەلەرزم و
تەنانەت لەنێو جێگاشدا کاتێ خەیاڵ بۆ خۆی دەمبا هەر
دەلەرزم.
ستێفنی جەستەی لەرزیوم دەنێتە نێو شیلەی وشە
جوانەکان
دڵم دەنێتە نێو ئەوینی هەستێکی ئێجگار غەریب

ستێفنی ماوەیەکە خەمێکی قووڵ لە ڕوخساریا دێت و
دەچێ
چاوەکانی، چاوە شینە ئاسمانییەکانی ئەو ژنە پڕن لە
پرسیار و گومان
لەمێژ نییە دەستی داوەتە جگەرە و مژی قووڵ قووڵیان لێ
ئەدا
ئەو دڵی کردۆتە سێ کەرت..کەرتێک بۆ کچە تاقانەکەی
کەرتێکی تر بۆ داخ و کەسەری پیاو و
سێهەمیشیان بێ وەی لێبدا خستوویەتیە بەردەم حەزی
شێتەکانی
ئەو ژنە نە بەربەست دەبینێ و نە دیواری کلتوور و
نە چاوی زەقی ئایینەکان دەیترسێنن
ستێفنی لە کوورەی ڕەهایی کاردا قاڵ بۆتەوە و
دەستێکی بە ژیانەوە ودەستەکەی تر بە ئازادی
ئەم حیکایەتە کەمدووەی منی خستۆتە سەر لەرزین
کە دەمبینێ بە مشتێ وشەی شیرین و
چنگێ پێکەنینی سادە ئەمنێتە نێو بێشکەی باوەش
ئەوسا خەوی خەیاڵ دەمبا وسەدان فلیمی ئەویندار
بەبەرچاوما دێن و دەبا
ستێفنی گەر بتناسێ جارێ دەبێ بە نەسیم و
گەلێ جاریش بە ڕەشەبا
ئێستا هەموو پێنجشەممەیەک ستێفنی لە گۆرەپانی کۆمپانیا
بەدەم قەڵەمبازییەوە هەر پێئەکەنێ

ئیتر من و هەموو هاوکارانی سەرکار ستێفنی ماچ دەکەین
و
ئەویش بۆ هێشتنەوەی ڕوحمان بە زیندوێتی
دەست بە سەما ئەکا و جلی خەیاڵی خۆی دائەکەنێ

**ئایاری ٢٠١٩**

# جەنگ

جەنگ ماشێنی هاڕینی مرۆڤ و
کەرت و پەرت کردنی ژیان و کوشتنی خەونە
تاسانی هەناسەکانی سوکناییە لەبەردەم ئەژدیهای مەینەت
ئەڵێی کونی ڕەشی ژینە و
ڕۆح و ڕەنگ و جووڵە و جوانی قووت دەدات
*
جەنگ شەیپوورێکی مەترسیدارە و
دڵی وجود دەخاتە لەرزەوە
ئومێدەکانیش یەک بە یەک دەخاتە بەردەم هەڕەشەی ژێر ئەرزەوە.
*
جەنگ گەڕانە بە دووی کوژراوەکانی تەماح و
لاشە ئەنجن ئەنجن کراوەکانی قازانج
*
جەنگ لە سێدارەدانی باخچە و
سەربڕینی گوڵە
زیندانیکردنی هەتاوە لە بنمیچە شێدارەکانی چاوچنۆکی
*
جەنگ بەخشینی تاریکییە بە مرۆڤایەتی و
زەلیلکردنی سەفەرە لەبەردەم کاری ڕەهابوون
*

جەنگ خاوکردنەوەی ڕیتمی گۆرانییەکانی ژیان و
سووتانی فلیمەکانییەتی بەدەست غەمی ناهۆشیاری
*
جەنگ لە قێزەوەنترین فۆرمی خۆیدا
گوزارشتە لە ناشرینترین چارەنووس کە مەرگە.

**ئایاری ٢٠١٩**

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١١٧٣ ساڵی ٢٠١٩ بڵاو بۆتەوە.

# چەند لەتەئاوێنەی شکاو

### ڕەفز

تۆ زانیت ڕەفزت دا بەکێ
گرەوت لەسەر دڵێک کرد
تالەنێو دەستە خوشکەکانی قوتابخانەت
بەشدار بیت لە کوڕ ڕەتکردنەوە و کێبڕکێ
خانمەکەم ئەو دڵەی تۆ
نازانم بۆ لەسەر ڕێگای عەشق عاسی بوو
ئەی نازانی خانمەکەم
ئەو کوڕەی کە ڕەفزت پێدا
هەڵسوڕاوێکی سیاسیی و خەباتگێڕی مارکسی بوو.

*

### تاج

چەند شادومان بووی کە بۆت دەرکەوت دەزگیرانت
کۆمۆنیستە
شادومانتر بووی وەختێ زانیت
لەنێو کەس و کار و هاوڕێ و گەڕەک و شار خۆشەویستە
ئەو هەناسە پڕ ئۆخەیە و ئەو خەندەیەی سەر ڕوخسارتم
لەیاد ناچێ

کە پێی وتبووی خۆشەویستم لەمڕۆ بەدوا ئیتر تاجی و
لەسەر سەری
چەند جوان بوو خستنە ژێر پێڵاو ئەو هەوڵانەی پێیان وتی
شوو مەکە بە شیوعی کافر و سەرسەری
*

## زیندان

چەند چوکلێتە نامەیەکی نارد و ون بوو
مەزەندەت کرد خەجاڵەتە و لەشەرمانا
ڕەنگە بووبێ بە قەترەی ئاو و ڕۆ چووبێ بەناخی ئەرز
دوای ماوەیەک کە هەواڵیت بەدەست گەیشت
زانیت لە زیندان توند کراوە
ئیتر ئەوسا هەراسان بووی لات بوو بە ئینسانێکی بەرز
ئەو لەیەک کات عاشقی تۆ و
دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوو لە ژیان
بۆیە لەدەستپێکی نامەکان دەینووسی
یەکگرن ئەی کرێکارانی گشت جیهان

*

## دایک

وتت کتێبێکی خۆشت لەبەردەستە
بۆ ئەمڕۆی خەباتی ئێمە
هەم گۆرانییە و هەم بەستە
وزەیە بۆ هەنگاوی جوانترکردنی ژین
هەتاوێکە؛ لەئاسمانی خوێندنەوەدا هەتا بژین
وتت ئەگەر کاتت هەیە بیخوێنەوە
ئەم کتێبە جگە لە باوەڕی سووری
نووسراوە بە ئاه و حەسرەت و خوێنەوە
وتم بڵێ ئەو کتێبە چییە ناوی
وتی ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکییە
بیخوێنییەوە بیرت ناچی هەتا ماوی
*

## جوانەمەرگ

جوانەمەرگ کەسێکە دەستی لە هەوک گیر نەبووبێ
کەسێکە خەونەکانی نەهاتبنە دی
کەسێکە بە کۆمەڵێ هیواوە سەری نابێتەوە
جوانەمەرگ کەسێکە تەمەن بواری نەداوە گومان بکات و بپرسێ
جوانەمەرگ ئەو کەسەیە کە ئەم دێرانە دەنووسێ
*

## قەتێی پرسیار

بە بیانووی جۆگە گسکدان
ڕۆژی چەندجار دەهاتە بەر قاپی حەوشە
چاوەکانی پڕ لە قسە و
ڕوانینی تەژی لە وشە
قەتێی حەزی هەفتە نەبوو هەڵنەفڕێ و
لەسەر رووەمەتی نووسینم نەبێ بە شیعرێکی تازە
نەبێ بە گەردانەی ملی ئەو کەنیشکەی غەرقی ناو ڕاز و
نیازە
هەتا ڕۆژێ دەرفەت هات و زۆر بە ساکاری لێی پرسیم
مادام ئاوا شەیدای منی
پێمناڵێی ئەو ماوە زۆرە بۆ بێدەنگ بووی
ئەی باشە تۆ لەبەرچی ئاوا شەرمنی
وتم گیانە زۆر دەترسم ببمە مایەی بەدبەختی بۆت
لەبری ئاسوودەیی عەشق ببێ بە زنجیر و بە کۆت

ئایاری ٢٠١٩
تێبینی : چەند دانە لە ئەم شیعرانە لەڕۆژنامەی ڕەوت
ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٢٠ دا بڵاو بۆتەوە.

# چەند دیمەنێک لە پەنجەرەی ژیانەوە

بەچاوی پڕ فرمێسکەوە
ئەم ئافرەتە کرێکارە شۆخ و شەنگەی کارگەکەمان
لە نووسینگەی بەڕێوەبەر زۆر بە پەلە هاتە دەر و
تووند دەرگاکەی دوای خۆی داخست
دواتر وتی : ئەو بێئەخلاقە وا دەزانێ وەکو خۆیم
ئیتر فەرشی بێڕەوشتی بورژوازی
لە سەرەڕێی بیرکردنەوەی سەرجەم کرێکاران ڕاخست.

**

مەراقم بوو کە پێی بڵێم خۆشم ئەوێی
زۆر زیرەک و زۆر چاوکراوە و ئازا بوو
دوای چەند ساڵێک بووین هاوڕێی خەبات و تێکۆشانی یەک
بینیم ئەویش ئەنگێزەی ڕزگاری لایە
لەو ڕۆژەوە وەک دوو دڵ بەڵام یەک جەستەوەستاوین
شانبەشانی یەک

**

لە قوتابخانەی دوا ناوەندی
مامۆستایەکمان شیوعی بوو
وانەی زمانی و ئەدەبی کوردی پێ دەوتینەوە
هەر یەکێکمان شتێکی دژ بە ویستی چینایەتی ئەو
مامۆستایە بوتایە
خێرا بە چەند وشەیەکی مزر و ترش ناو دەمی دەکوتینەوە

ڕۆژێ قوتابییەکی هەستانە سەر تەختە ڕەشەکە و پرسی
ئادەی باوکت چ کارەیە؟
وتی باوکم بەڵیندەرە.
زۆر توورە بوو وتی هەتیو دە فلتەفلت بەڵیندەرە بەڵیندەرە
بنووسە دەی باوکم کرێکارێکی ڕەنجدەرە.

**

گوێم لێبوو بە هاوڕێکەی وت
کوڕێکی تا بڵێی بێدەنگ و کەمدووە
بۆ ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ئەزانی
کتێبێکی کارڵ مارکسم بۆ سەندووە
دوو ساڵ پاشتر هاوڕێکەی بوو بە هاوکارم
چاوی چرا و
دەمی مژدەی سەرفرازی و
وشەکانی تک تک خەونیان لێ ئەچۆڕا
زۆری نەبرد بۆرژوازی
ئەم ئومێدەی قۆڵبەست کرد و
ئیتر هەتاو ڕۆژی دەیان جار ئەتۆرا

**

لە قوتابخانەی جمهووری
نامەی کەپڵەکەی نیشانی خوشکم دابوو
وتبووشی گەر ئیزعاج بووی
داوا دەکەم لێم ببووری
نا ئازیزم..کەپڵەکەت دیارە زۆر ڕێکە و شۆڕشگێڕە

وای دەبینم بۆ تۆ ڕێک پڕ بە پێستت بێ
خۆزگەم بە خۆت
ئای چەند خۆشە کە هاوژینت
هاوڕێگای مانیفێستت بێ.

**

لێرە ئەندامی سەندیکام
سەندیکایەک نە ڕەنگی سوورە و نە زەردە
لای خۆی وایە سارێژکەری چی ناسۆری و خەم و دەردە
بەڵام کاتێ بە زمانی مارکس لینین دەیدوێنی
هەر ئەو ساتە کە گوێبیستی وەڵام دەبی
دەیان نەمامی دوودڵی و شەتڵە گومان
لەسەر ڕێگای بیرکردنەوەی خۆت دەڕوێنی

**

ڕۆژێ خەریکی ئیدیتی کتێبی ئەنتۆلۆجیا بووم
نێرگز قاوەیەکی نیمچە تاڵی هێنا و
لە تەنیشتمەوە دانیشت و وتی مەشخەڵ :
گەلێ دڵم بۆت دەیەشێ
تۆ خۆت بۆ چینی کرێکار سووتاندووە و
وا چاویشت لەسەر دانا
پێمناڵێی کێ ئێستاکە ئاگای لە تۆیە
وتم ئازیز : ئەگەر کەسیش ئاگای لە سووتانم نەبێ
تۆ خۆت زۆر چاک ئاگاداری
تۆ بزانی بەسە گیانە ئاخر تۆ خۆت کرێکاری

**

بۆ ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق شەو کار بووم و
بە ڕۆژیش نووستووی ناو جێگا
شەوان لەگەڵ ئەستێراندا کارم دەکرد
خۆریش ببوە خەمی ڕێگا
ئەمێستاکە ڕۆژکارم و بەشەوان دەنووم
ئەستێرەکان لێم هەڵدێن و
منیش بە شوێنیانا مانووم.

**١٣ کانوونی دووەمی ٢٠١٩**

# هەڵشاخان بەڕووی هەژاریی

ناچارت کردم کوڕەکەم نەنێرم بۆ قوتابخانە
ئیش بکات بەو مناڵییە
تا پێی بژێین
تا ڕزگار بین لەو نەگبەتی و  بەدحاڵییە
ئەی هەژاریی
*
گیرفانی خۆم قەت بە گەرمی نەبینیوە
حەزم دەکرد بەدڵی خۆم
کراسێکی شین هەر وەک شینایی ئاسمان
بۆ هاوژینەکەم بکڕم
تا بەس بە کۆنەکراسێک سەردانی ماڵە باوان کا
منیش هەتا هێزم تیا بێ سروود بۆ مەرگی تۆ بچڕم
ئەی هەژاریی
*
ڕیتمی ترپەی دڵم لەگەڵ بەرز و نزمبوونەوەی نرخی کاڵایە
چۆن تا بازاڕ هەڵاوسان بێ
بۆشایی نێوان برسێتی و سفرەی رازاوە تەماحکار بەژنێکە
بەرزەباڵایە
ئەی هەژاریی
*

ڕەنجی ئەو چەند ڕۆژەی کارم لە مانگێکا
نەک نەشتەرگەرییەکەی دایکم بگرە بەشی دەرمانی
چاویشی نەکرد
بۆیە بوومە گەردەلووی تووڕەبوون و
ئاڵام لە نێوقەدی هاوار و بانگێکا
ئەی هەژاریی
*
ئەتناسمەوە بە سروشتی بوون و خووتا
هەڵدەشاخێم بە سیمای ناشرینی ڕووتا
تۆ لەژێر پەردەی بوونەوە
سەرەتاتکێ ئەکەی لەگەڵ پێکەنین و بزە و خەندە
سەفا و ئاهەنگی زۆرداران لەسەر هەناسەی تۆ بەندە
تۆ دێی هەتاو بە پەڕۆی ڕەش دادەپۆشی
تۆ خۆت خەمی و بەرگی جەللادێک دەپۆشی
شۆڕش دەم بێت من بۆی زارم
ستەم کپ بێ من هاوارم
ڕقم لێتە و دووژمنی گەورەی بابە گەورەی تۆم
کاتێ لەسەر دەستی مندا هەتاوی یەکسانی هەڵدێ
بۆ هەمیشە و هەتا هەتا ئازاد دەبم
دەبمە گەورە و سەرووەری خۆم
ئەی هەژاریی

**ئایاری ٢٠١٩**

# ئەو ڕۆژانەی شەقام و دەنگ تێکەڵ دەبن

هەرچی جارێ دەنگ هەڵببڕین
یان داوای مافی خۆ بکەین
تۆمەتێکمان دەدەیتە پاڵ
ڕێگای ڕاستی هەنگاوەکانمان پڕ دەکەی لە قۆرت و چاڵ
بە دیعایە و درۆی شاخدار دەمان کەی بە حیز و گەواد یان لەشفرۆش
دەمانکەی بە مۆتەکە و دز بە موعتادی تلیاک پەرۆش
کەسایەتی کۆمەڵایەتی سیاسی هاوارەکان ڕیسوا دەکەی
تێدەکۆشی خەڵک بە مافی ڕەوای خۆی بێ بڕوا کەی
دەبییە چقڵی چاوی هەنگاو
دەبی بە ئەژدیها بۆ نێو گۆمی پەنگاو
هەرچی لە دەستت دێ دەیکەی
بێگوێدانە هیچ یاساییەک
چی ئارەزوو  و خەون هەیە بۆ خۆت دەیبەی
ئەمڕۆ ئیتر نە شار شارەکەی دوێنێیە و
نە فریوخواردووی دەست فێڵ و دەستی وازین
ئەمڕۆ ئێمە هاتووینە دەنگ
هاواری مەرگی تۆ دەکەین  هاوار دەکەین ئێمە دژی بۆرژوازین
*

شەقامەکان ئێستا شەوانیش ناخەون
بوونە بە نێرگزەجاڕی نارەزایی و دەنگ هەڵبڕین بۆ ئازادی
تێکەڵبوون شەقام و ئینسان
ڕێک وەک تێکەڵبوونی خەونە لەگەڵ ژیان
تێکەڵبوونی خەونی ئەستێرەو  بانگەواز
تریفە و خوێن لێچۆرانی برینەکانی جەنگاوەر
تازە شەقام بەبێ ئینسان ناچێ بەلای خەونەکانی
مایکۆفسکی
ناچێ بەلای پێکەنینە قەڵبەز ئاسای سەر لێوی فابتزارۆڤ و
نیگا تیژەکانی گۆرگی
نا..نا..شەقام ئێستا پاڵتۆی ڕۆزا لۆکسمبۆرگی سووردی
لەبەردایە
کاسکێتێکی بۆر هەروەکو کڵاوەکەی هاوڕێ لینینی
لەسەردایە
شەقام ژنە و هەموو شەوێ مەمکی خۆی دەنێتە دەمی
دڵە پڕ لە حەسرەتەکانی ڕاکشاوی سەر سۆشتە و پاڵ
دیوارە کۆنکریتەکان
ئێستا سوپای ستەم مەقەستێکی تیژە و
خەریکی بڕینی پەنجەی سەرکۆڵان و شەپۆڵی نووستووی
سەر ڕێگای خەریتەکان
ئەمڕۆ ئیتر دەنگ و وشە بوونەتە یەک
شەقام و ئینسان ئاوێزان

یان ئەوەتا بەهار دێنین بۆ سەرزەمینی بەشەرییەت
یان ئەوەتا ژیان دەبێ بە پایز و گەڵاڕێزان

**٢٠١٩**

# ئەندێشەی گەڕیدەیەکی نێو خاشاک

پەیتا پەیتا دەستەسڕەکەی لە باخەڵی دەردەهێنا
ئارەقەی لاجانگ و ڕووخساری دەسڕی
بێئەوەی شکۆی شانازی لەکەدار بێ
ناوکی مەلۆتکەی خەمێکی تازە لەدایکبووی دەبڕی
ماتماتیکی بژێوی دەهێنا و دەبرد
هاوکێشەکانی کلۆڵی و چەرمەسەریی شیکار دەکرد
هەرچی جارێک لە خەیالا دووری خەونە ڕەنگاڵەییەکانی
ئەم ژیانەی دەپێوا
قولانجێک کورتی دەهێنا
ئەم ئارەقرێژەی ژێر دەستاری برسێتی
وجودی خۆی لەسەر رق لە زوڵم و غەدر
وەک سەربازی مەشقپێکراو بەرەو جەنگی چینایەتی
ڕادەهێنا
هەتا دەهات مەودا و درزی نێوان ئەم و خاوەن پارە
فراوانتر
پانتایی ژینی تاڵ و خەم بە ویستی ستەم بەرینتر
هەموو ڕۆژێک ئەم بە بۆنی ناخۆش ناخۆش دەبێتە
خۆراکی توانەوەی تەمەن و
بالاکردنی باوەڕیش پتەو بە ئایندەییەکی ڕووناک و گەش
ئایندەیەک سپی سپی خاڵی لە ڕەش

دەپرژێنێ  بەسەر رووخساری ئینسانی نێو زۆنگاو و
گوفەکەکان
نەسیمی حەسرەتێکی گڕ دەشێلێ ڕووی نەرم و سافی
ئەودیو پەنجەرە گەورەکانی کۆشکەکان
ئەم بە کتێب هەتا توانی خۆی پێگەیاند
نەخێرێکی گەورە و مەزنی بەڕووی دونیای سەرمایەداری
ڕاگەیاند
ئەم جەنگاوەرە لاواز و لەڕ و سیسەی کە بێبایەخ دێتە
بەرچاو
سەنگەرێکی پۆلایینە و پۆشاکی جەنگێکی گەرمی لەبەردایە
ئەم قووتووکۆکەرەوەیە بەقەد ژمارەی قوتووەکانی نێو
عەلاگەکەی دەستی
سەدان چیرۆکی سەروەری و پڕ شانازی لە سەردایە

**ئایاری ٢٠١٩**

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە
١٢٠٥ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.

# نامەیەک بۆ هەڵگرانی بیری کوردایەتی

سڵاو ..هەڵقرچاوانی نێو کوورەی پڕ بڵێسەی کوردایەتی
لەت و پەتکراوانی نێوان جەنگەکانی چاچنۆکی و فوول
چڵێسەی کوردایەتی
خۆشباوەڕان.. بەرچاو لێڵان
ئەوانەی ڕێگای خۆتان ناناسن و نازانن کە وا لەلێواری
هەڵدێرن
ئەوانەی بەهەزاران سک برسین و هەر تەنها بەسکێک تێرن
ئەی ئەوانەی گشت دونیاتان لا ڕێوییە و
پێشتان وایە خۆتان شێرن
ئەی ئەوانەی کە تامەزرۆن تێر پێبکەنن بە دڵی خۆتان
ئەوانەی خوێنتان ڕشت و لەبری گەیشتن بە ئازادی
دەبینن زنجیرەکانی دەست و پێتان
زنجیری بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ڕاستەڕێتان
تووند بۆتەوە و نازانن ڕوو لە کوێ بکەن و بۆ کوێ بڕۆن
ئەوانەی هەر ڕۆژەی بە درۆیەکی تازە ئەخەڵەتێن و
بە بەڵێنێک فریو دەخۆن
ئەی ئەوانەی بەشێک لە جوانی تەمەنتان سەرفکرد لە
چاوەڕوانی و
لەسەرەی دەنگدانی بەردەم سندوقەکانی هەڵبژاردن
یاخود لە سەرەی بەنزین و
یانیش لەسەرەی مەعاش ئاوی هەردوو پێتان داهات

ئەی ئەوانەی قەت بە جیددی نەتان پرسی
ئەی دەسەڵاتی بۆرژوا، کوا بەشی من ئەی کوا داهات؟
لەبیرتانە هەر چەند ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ
هەر یەک دوو ڕۆژ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس
زۆر لەسەرخۆ وتمان برا و خوشکی هێژا
هەتا بیر لە یەکگرتن و تەباییمان نەکەینەوە
هەتا یەک دەست و یەک بڕوا
نەبینە یەک جەستەی تەژی تێکۆشان سەرناکەوین
بیرتانە گویتان نەگرت و
بەشوێن پێی تەڵەکەبازانی سیاسیەتدا ملتان نا و لەخشتە
بران
نەمانوت لەگەڵ ئەواندا دوو دووژمنی چینایەتین
نەک خوشک و بران
نەمانوت گوێ لەو دڕکەزییانەی ژین مەگرن
پێمان نەوتن ئەوانە قەستەسەری ڕاپەڕین و ئاڵوگۆڕن
سەرچاوەن بۆ ژێر دەستەیی ئێمەی کارگەر
لای بۆرژوای وڵاتانیش کۆیلەی دەست لە مست،
سەرشۆڕن
نەمانوت هەر پشت بە خۆتان ببەستن و بەس
نەمانوت گەر دەسەڵاتیان لەدەستدا بێ
خراپترن لە ئاخوند و لەسوڵتان و لە حیزبی بەعس
ئەی نەمان وت کوردایەتی تفەنگێکە و بە گوللەی زوڵم
ڕۆحی شۆڕشگێڕانەتان لەت و پەت دەکا و دەکوژێ

قسەکانی ئێمەتان لا ژانە سەر و هی ئەوانیش ختووکە بوو
هەستت دەکرد هەست و خەیاڵی فریودانت دەورووژێ
پێتان وابوو ئێمە هەڵەین کوردایەتی دەرمانی هەموو دەردانە
کوردایەتی خۆری ڕزگاربوونە لە ستەم و غەدر
ڕێی تێکۆشانی مەردانە
کە بینیتان شەقی مزری کوردایەتی
هەمان شەق و تێهەڵدانی غەدری نیزامی سەرمایەن
کە بینیتان ئێستاش قسە و کرداری ئێمەی کۆمۆنیست
وەک هەمیشەپشت و پەنان و پڕ مایەن
ئینجا قسەی ئەوسای ئێمەی دڵسۆزتان وە بیر هاتەوە
یان هێشتاکەش زۆرتان ماوە و بیرتان کلۆڵ
بەدیار سیمای ژیانی چرچهەڵگەراو و دەنگی کپکراوی ماتەوە
لەبیرتان دێت داوای باشتربوونی ژیانی ئێوەی ڕەش و ڕووتمان دەکرد
داوای کار و بیمە لەبۆ بێکاران و
داوای ئازادییە سیاسییەکان
داوای جیایی ئایین لە دەوڵەتمان دەکرد
داوای یەکسانی ژن و پیاو
داوای ٣٥ سەعات کار و
پێکهێنانی شووراکان و هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆتانمان دەکرد

ئەی بیرتانە بە قینی کوردایەتییەوە پێتان وتین دەستی
بەعس
تابووری پێنج، دەستی دەرەکی و ناو و ناتۆرەی ناجۆرتان
لێمان دەنا
لە بیرتانە نەوەیەک لە کچ و کوڕی بوێر و چالاک و ژیر
بووین
دەیەها جار لەسەر مافی ڕەوای ئێوە و چارەنووستان
بۆ کەوانی پێکانی سینگی کوردایەتی و سەرمایەدار ڕێک
وەک تیر بووین
لەبیرتانە دەچووینە ناو چاوی ئاگر
بەگژ گوللە و ڕەشەبای مەرگ دەچووینەوە
لەبیرتانە کە بەعسیش ویستی بێتەوە
چۆن ئێمە بووین ڕووبەڕووی ئەو هێزە گەورەیەی
بووینەوە.
هێژایانمان .کوردایەتی پەینێکە وەختێ دەکرێتە ژێر کێڵگەی
بیری یاخیبوونی مرۆڤ
هەرچی داری شۆڕشگێڕی بەرهەمدارە نەزۆک دەکا
ئینسان لەئاست پێشهاتەکان و ڕووداوە گرنگەکان لەرزۆک
دەکا
کوردایەتی پەتایەکە لای ئێمە
بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی سادە و هەژار وەک بەنج وایە
بۆ کەڵەکەی سەرمایە و ڕۆحی بۆرژوا
باسک بەهێز

ماسوولکە پڕ لە وزەیە و وەک گەنج وایە
ئێوە گوێتان لێمان نەگرت وەختێ وتمان کوردایەتی
دژ بە ئازادی و ڕزگاری هەژارانە
گوێتان نەگرت کاتێ لەناو بنکەی شوراکان دەمانوت
تاکە گرەنتی ڕزگاری لە بەهێزبوونی خەباتی کارگەرانە
هێژایانمان ..کەی کاتییەتی کوردایەتی فڕێ بدەن و
هەنگاو بنێن بەرەو ئامانجی ڕزگاری سەرجەم بەشەر
کەی دێنە سەر ئەو بڕوایەی
لەژێر ستەم بێنە دەر و
بۆ هەمیشە تاجی سەروەری ئازادی بنێنە سەر

٢٠١٨-٢٠١٩

# بیسووتێنە

**(دژ بە پلانی دووژمنکارانەی داعش و داعشییەکان
کە خەڵە و خەرمانی جووتیارانی کوردیان سووتاند هەر لە
خانەقینەوە تا کۆبانێ)**

لەسێبەری مەملەکەتی خۆشباوەڕی و بێئاگایی
لەلێوار خەرەندی قووڵی هەژاری خۆنەناسین
هەر دوو هەنگاو لەولای شۆستەکانی ڕامان و تێفکرین
گڕی دەچێ بە ئاسمانا
گڕی ڕۆح و
گڕی هەناسەی ڕەنج و ماندووبوونی هەزاران دەستەنگ
دەبنە پەنجەرەی غەدرێکی لە قبووڵ نەهاتووی ژیان
من تێناگەم حیکمەت لە بڕینی دارێک چییە، کە ببڕدرێتەوە
حیکمەت لە چاندنی دانەوێلە چییە، بسووتێنرێ
حیکمەت چییە دەستی نزا بەرەو حەلحەلەی ئاسمان بێ و
خواش گڕت بۆ بهاوێژێ
تۆ دەست بەری بۆ بنیاد نانی هەناسە، ئەو مەچەکی زمانت
ببڕێ
تۆ دڵت پڕ لە ئاشتی کەی
ئەویش لوغمی پڕ زەمهەریر لەسەر ڕێگاکەت بچێنێ
چ حیکمەتێکە نەتوانی خوا ببینێ

چ داناییەک لەوەدایە زمانی شمشێر بکەیتە سەرووەری
کوشتنی خەون
باڵندەی ژین بنێیتە نێو قەفەسی ژین
بیسووتێنە.. ئەوەی نزا بە زمانی شمشێر نەکا
ئەوەی بە ئاوی بیابان دەموچاوی خۆی تەڕ نەکا
ئەوەی منداڵی شەش ساڵان لاقە نەکا
ئەوەی ژنی پێ ئینسان بێ و
ئەوەی کون و ژەنگگرتووی نێو وتەکانی بنێتە چاڵ
ئەوەی لەبەردەم هەمەجی بەربەرییەتدا ببێتە پرسیاری
مەحاڵ
ئەوەی نەتوانێ لە ژێر قەبرغەی دوعاکانی سەربڕیندا
چاولێک بنێ..بسووتێنە
بیسووتێنە..نەمامە بەژن نزمەکانی ئومێد
درەختەکانی هیوا
جۆخینی ئاشتەوایی و تەوقە و برایی
گەنمی نەدووراوەی عەدالەت و خۆشی
کارێزی دڵ سافی و بێگەردی دەستەنگان
بیسووتێنە..قژی درێژی خەرمان و
کەزی بادراوی شەغرەکان
زریکەکانی کەروێشک و حەسرەتەکانی باڵندە و
نەسیمی جوانی ئێوارانی هەرێمی خێرلەخۆنەدیو بسووتێنە
قورئان هات و لەشکر هات و خالید هات و بەغدادی هات

ئاخوند هات و سوڵتان هات و بانگخواز هات و مەلا هات و
خەلافەتی بیدعە و تەکفیر هات و وتی بیسووتێنە
گەلەرییەکانی خۆشنوودی بسووتێنە
کتێبەکانی سەر زەوی بسوتێنە
بیشکە و منداڵ پیرەمێرد و کچی قەیرە و بێوەژن و خاوەن
پێداویستی تایبەت بسووتێنە
مەمکی پڕ لە شیری دایک بسووتێنە
تەنانەت گریانی منداڵ
قریوەی خۆشی ژیان و تریفەی مانگ
جریوەی ئەستێرەکانیش بسووتێنە
دارخورماکان.. چەرکوفەلەکی ئاهەنگی سەیرانەکان
ڕەوڕەوەکانی فێربوون و
کێڵگەکانی دادپەروەری بووستێنە
*
ئێوە بوون و هەر ئێوەشن ڕووباری شەرابتان سووتاند
ئێوە بوون و هەر ئێوەشن درەختی هۆشمەندی و ژیریتان
هەڵقرچاند
بەبەرچاوی مێژووەوە بەجادەکانی گوڵڕێژکراوی ژیانا هاتن
و پەژمووردەییتان بەخشییەوە
سەری خەون و حیکایەت و داستانەکانتان بڕی و
خوێنەکانتان دەسووە ڕووی دیواری غەدر
تەوری باج و سەرانەتان دەستی هەژاری بڕییەوە
بەلاستیکی ڕەشی فەتوا و تەکفیرکردن

ناوی هەرچی وتی (نا)بەڕووی ڕەشی دزێوتان سڕییەوە
وەک نامۆیەک بەسەوزایی هاتن هەرچی زەرنەقووتەی ناو
قۆزاخەی ژیان هەیەڕفاندنتان
ئۆردوگایەکی مەزنتان لە ژیانو ئینسان چیکرد
بەکاری ملکەچکردن و کۆیلەکردن خنکاندتان
تەنانەت نەتان دەهێشت پێروەکانی کرمی خۆزگەی دڵی
ئینسان مت بی
نەزانانەش وەک خۆتان بەرد دەپەرستن
نەتان هێشت هیچ خوایەک بت بێ
خۆتان ڕاست و قسەتان راست و گفتتان راست و کتێبتان
ڕاست
بەڵێنتان راست و وتەتان ڕاست و ئەسحابە و فریشتە و
ڕێگاتان راست
بەم عەقڵەوە چوونە جوغزی دەبەنگییەوە و نەهاتنە دەر
هەزار و پێنسەد ساڵ دەبێ ئەم درەختە زڕەتان ڕواند و
نەهاتەبەر
*
بیسووتێنە
وشە و کتێب و شیعری جوان بسووتێنە
خۆشەویستی و ئازادی و پێکەنین و ڕامووسان بسووتێنە
گڕ بەربدە لە خەندە و ماچ
ئێمە دێین و دەست دەدەینەوە بێڵ و پاچ
لەسەر خۆڵەمێشی سووتانەکەی ئێوە سەما دەکەین

هەڵدەپەڕین
سروود دەڵێین بۆ خۆشەویستی و بۆ ژیان
گۆرانی دەڵێین بۆ شادی و بۆ ئازادی و سەرفرازی
سەرجەم ئینسان

**حوزەیرانی ٢٠١٩**

# تەمە ژنێک

## ( بۆ فابیۆلا ئەو شۆخەی خوای قەرزاری لاتین کرد)

لەنێو تەمێکی پەمەیی هاتیتە دەر
یەکەم وشەت بە خەندەوە (Ole) ئۆلایەک بوو
من لەسادەیی خۆمەوە ، وەک کوردێکی ڕۆژهەڵاتی سوور داگەڕام
لێوم تەتەڵەی تێکەوت و
چاوم ببووە تەتەری سەر نیشتمانی جوانی لەشت
ئای چیم لێهات، ئەو ڕۆژەی دەستی پرسیارێکت گرت و پرسیت.
چاوەکانت ڕەنگی گەردوونی بینینی منیان شێواند
لێم ڕوون نەبوو لە ئاسمان ڕا هاتیتە خوار
تۆ ئینسانیت، یان تەمێکی لە ڕوح و هەست و بوون تێکەڵ
خەریک بووم نەخشەکانی ڕێی قسەکردنم ون دەکرد
نەمدەزانی لەنێوان تەمە ژنێک و خەیاڵی خۆم چ ڕێگایەک بگرمە بەر
فابیۆلا هات تەمێک بوو منی ڕاپێچا و بردمی بەرەو دوورگەکانی بیرکردنەوە
گەردەلوولێک بوو لە هەست و منی دایە دەستی مەستبوون
پەنجەرەکانی ژیانی پێ ناساندم
گردەکانی خەمی لەسەر ڕێ لابردم

فابیۆلا دەریاچەیەکی ڕەنگاوڕەنگە و منی برسی ڕۆژهەڵاتی
مەلەی عیشقی تێدا دەکەم
سەر دەنێمە سەر ئانیشکی تاڵە تەمەکانی قژی و
ئەویش پڕم دەکا لە خەندە و جوانی
فابیۆلا تابلۆیەکی قەرەجی ونە و لە ئێوارەیەکی غەمگیندا بە
خەندەوە بە جێی هێشتم
منی دایە دەستی ڕێکەوتێکی پیری درەنگ هاتوو
منی دایە دەستی دووکەڵێک لە خەم و
پارکێک لە تەنیایی ئەوین
ئەو ڕۆیشت و بەڵام هەمیشە لێرەیە
لەنێو شیعر و وشە و دڵ و هەست و یاد و ڕۆژەکانمە
لەنێو خەندەیەک نووستووە
لەنێو ئینجانەی خەمێکم وەک گوڵە شەوبۆ شین بووە
هیچ شیعرێکم بۆ نانووسرێ هەتا بۆنی سەرمەدی فابیۆلا
نەکات
هیچ سەفەرێک جانتاکانم بە بێ هەناسەکانی ئەو نابنە
هاودەم
فابیۆلا تەمێکە پەمەیی و منی لە خۆی پێچاوەتەوە و هەر
دەڕوا تا دێت لێکتر دادەبڕێین و دوور دەکەوینەوە لە یەک
ئەو بوو بە ڕەنگێکی جوانی نێو کۆسمۆی ئەوینی من و
منیش بووم بە عاشقێکی تەنیایی نێو گەردوونی ئەو.

٢٠-٥-٢٠١٨

# لوتفییە

لوتفییە، ئێستاش لە یادمە کە بەردەرگای ماڵت گسک دەدا و دوایش سۆندەت لە بۆڕییەکە دەخست و ئەو بەردەمەت ئاوڕشێن دەکرد، دڵی من فێنک دەبۆوە. ئەو کاتەی کە نیوەڕوانان دەهاتیە دەرەوە و بە بیانووی فڕێدانی زبڵ سەرەتاتکێیەکت لەگەڵ دەکردم و بە پێکەنینێکەوە وەک ئاماژەی خۆشەویستی ئاوڕێکت لێم دەدایەوە و ئینجا تووند دەرگاکەت لەدوای خۆتەوە دادەخست و منیش تەواوی پەنجەرەکانم لەسەر ئەو ساتە عەشقەت کلۆم دەدا. لوتفییە تۆ نەتدەزانی من چۆن ئۆقرەم لێبرابوو و بێپەروا بە من بووایە چاوم لەسەر دەرگای ماڵەکەتان بوایە. ئەزانی لوتفییە چەندینجار ئیرەییم بردووە بە عامودی بەردەرگای ماڵتان ، ئەی ئەزانی چەنجار خۆزگەم خواستووە ببمە باڵندەیەک و لەسەر تەلی عاموودەکەوە و لەو بەرزییەوە تەماشات بکەم کە چۆن لەناو حەوشە و بەرهەیوانەکەتان دێیت و دەچیت. لوتفییە من سات لەدوای سات نزیکتر دەبوومەوە لێت و هەستم ئەکرد تۆش وەک مەلەوانبازێکی شارەزا خۆت ڕووت دەکەیتەوە و ئینجا خۆت فڕێ دەدەیتە نێو دەریاچەی ئەوینم. بەڵام وەکچۆن خەون بێت،
دابونەریت و کلتووری کۆنی ژیان دەبوونە زنجیری دەست و پێی حەز و ئارەزووەکانمان. لوتفییە ئەمڕۆ کە چل ساڵی ڕەبەق بەسەر لەدایکبوونی خۆشەویستیماندا تێدەپەڕێت،

من هەر بە لوتفی تۆوەم و چاوم هەر لە لوتفی تۆیە. ئەزانم ئەگەر ئەم قسانەم ببیستیت، یان مندالّی کوڕەکەت بۆت بخوێنێتەوە، سەرەتا بەعەقلّم بێدەکەنی وەک ئەوەی هەر هەرزەکارەکەی جاران بم ، بەلاّم دوایی دەچیتە ژوورێک و تێر تیر دەگریت و وێنەیەکی من لە ئەلبومی دلّتدا دەردەهێنیت و قسەی لەگەڵ دەکەیت و سەرزەنشتی دەکەیت بەوەی کە بۆ نەهات بۆ خوازبێنیت و بۆچی لە پرێکدا و بۆ یەکجاری ون بووم. لوتفییە ئێستا سپیایی کەوتۆتە نێو مووەکانی برۆ و قۆڵ و مەچەکم. ئێستا نەک وەک جاران ناتوانم بەسەر عاموودی خەیالاّ سەربکەوم و لێت بڕوانم، بەلّکو بەدەم ئیشکردنەوە سووکە پشت ئێشەیەکیش ئازارم دەدات. داخم ناچێت لوتفییە کە پێکەنینەکانتم ون کرد، سەرەتاتکێکانتم لەدەست چوو، ئاماژەکانی عەشقی تۆم وەک ئاوێنەیەک لەدەستم بەربۆوە و ورد و خاش بوو. لوتفییە خەتای من نەبوو، دۆخێک زروفێک، ناچارییەک بەم چارەنووسییەی گەیاندم. لوتفییە ئەزانی ئێستاش کە لەبەردەم ئاوێنەدا ڕیش دەتاشم، تۆ لە ئاوێنەکەوە دەمدوێنی. تازە لوتفییە من و تۆ ڕۆیشتین و هەرگیز بە خەونیش ناگەین بە یەک.( گەرچی لە ڕابردوودا دەیانجار لە خەونمدا ئاوێزانی یەکتر بووینە)، تازە ئیتر لوتفییە بووی بەسەراب، بەلاّم عەشقەکەت خوێنە لە دلّمدا و بە بزە و خەندەکانی جارانت دەژیم. دواجار لوتفییە من خۆم بەبەختیار ئەزانم کە ئێستاش تۆم لە دلّدا هەلّگرتووە و

کاتێکیش ئەمرم عەشقی تۆم لە دڵدا فیچقە دەکات. ئای لوتفییە خۆزگە ئەمزانی تۆش منت لەبیر ماوە یان مەینەتییەکانی ژیان هەموو شتێکی لە یادەوەریت سڕیوەتەوە؟.

**ئەیلوولی ٢٠٢٠**

تێبینی : ئەم پەخشانە لە بڵاوکراوەی بۆپێشەوە ژمارە ٩٠ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوبۆتەوە.

# دەربیچەکانی شیعر

## کاڵا

زوو زوو باوێشکێکی ئەدا و هەڵی ئەگلۆفت چاوەکانی
دەیدی جەستەی نەرم و نیانی ئەو ژنە بەدیار بەرهەم
دەتوێتەوە و
ئەمیش لەملا دڵی دەکرد بە هێلانەی ڕازەکانی
ڕوانین و بەرخوردی لەگەڵ کارفەرمادا پڕ بوو لە گلەیی و
لە سکاڵا
بەڵام ئەفسووس هەموو ڕۆژێک
هێزی لەش و ڕەنجی کاری ئەو خانمە دەبوو بە کاڵا

*

## عەمەلە

لەژوورەکەی بەڕێوەبەر دانیشتبوو
هەردوو دەستی نابووە نێوان هەردوو ڕانی
لەشوێنەکەی خۆی راچڵەکی
ئەوکاتەی مودیر نەڕانی
چیت داوە لە مانگرتن و یەکێتی و مافی عەمەلە
تۆ نازانی ئەم قسانەت جێی مەترسی و بێ ئەرزش و بێ
عەمەلە

لە کەلی شەیتان بێرە خوار
بیریَ لە خۆت بکەرەوە
چیت داوە لە ڕێگای پر چەوت و چێڵ و خوار
واز لەو کۆمۆنیزمە بێنە و بیَ بەرەوە
دەنا دەرگای مەعمەلەکەم کراوەیە و
بە واژوویەک خۆت دەبینی لە دەرەوە
بە عەزمێکەوە هەستایە سەر پێکانی
وتی هەموو دڵ و هۆشت بکە بە گویَ
ئەم قسانەت بۆ خۆت باشن
تۆ نازانی بەرژەوەندی چینایەتی ئێمە لە کویَ و ئێوە لە
کویَ

*

## ئەشکەنجە

لە زیندانا ئەفسەرەکە تووند لێی دەدا و
دەیقیژاند ناچارم مەکە هەڵت بواسم بە پرچت
کۆمۆنیزم درۆیەکە و واز بهێنە لە باوەڕی کاڵوکرچت
تۆ چیت داوە لە خوێندنەوەی  مارکس و ئەنگڵس و لێنین
چیت داوە لە گرتنەبەری ڕێگایەکی پڕ لە خوێنین
ئەویش بەدەم نوزەیەکی ناڕوونییەوە
خوێنی دەم و لووتی سڕی و (بژی حیزب)هات بەزارا و
ئارامییەک پڕژایە نێو دەروونییەوە.

*

# پەیام

لە قۆناغی بنەڕەتی مامۆستاکە
پەیامێکی ناردبوو بۆی منداڵەکەی فێری خوا پەرستی بکا
فێری ئایین پەروەریی و لەچک و رەوشت و
فێری خۆشەویستی بکا
باوکەش وەڵامی دایەوە
منداڵەکەم لەسەر خۆشەویستی ئینسان ڕاهێناوە
دوور لە ستایش
لەسەر پاراستنی بەهای ڕێزی ژیان بار هێناوە
تۆ مامۆستای بنەڕەتیت
قەد نەمزانی بەو ئەندازە کەللەپووت و
مێشک پەتیت.

❊

# دوو خانم

خانمی یەکەم  دەیان تەڵە و خشتەی هەیە و
لە سیمایدا فریشتەیە
دڵی ڕەشە و باڵا پۆشە
خانمی دووەم هەر خۆیەتی
بەبێ دەمامک
هێند ئازادە ڕێک وا دەزانی سەرخۆشە.

**٢٠١٩**

تێبینی : دوو شیعری نێو ئەم ئەم دەربیجانەی شیعر (کاڵا و عەمەلە) لە بڵاوکراوەی ڕێچار ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو کراونەتەوە.

# دیدارێک

**(بۆ گرەیس کە توانی بە ئاماژەیەک**
**شیعرێکی نوێم پێ بنووسێت)**

لە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی دوو دەقەی زەمەنێکی
خۆڵەمێشیی، یەکمان بینی
ئەو هەر ئەتگوت عاشقێکی ئەنگاوتەیە و  برین بۆتە ڕازی
دڵی
منیش ماری شیعر جەستەی خەیاڵ و زمانی شەتەک
شەتەک داوم
کەوتە باسی حیکایەتی لێکدابڕان
دوایش پۆل پۆل خەندەی فڕێ ئەدایە سەر لێوەکانی و
منیش ورد ورد لە تەنیایی ئەو خەندانە و ئەو هەناسە
بێکەسانەی ئەمڕوانی
کە لە ئاسمانی حەوشەکە دەبوونە هەوری پەمەیی
نازانم ئەنقەست یان ڕێکەوت دەستی خستە سەر شانی
پرسیارێکم و
بە ئەسپایی بە قەد و باڵای شێواوی شڵەژاییم هێنایە خوار
هەتا پەنجەی لەنێو مشتما ئۆقرەی گرت و بە ئارامی لە
جووڵە کەوت

من نەمزانی و لەکوێی شیعر و چەند لە دڵی خەیاڵ و زماندا دوورم
هەرچیم دەکرد ڕووم هەر لە مۆڵگەی دڵی بوو
نیو دەقیقە تێپەڕیبوو ، گرەیس تۆزێ لێم هاتە پێش
بە هەناسەی کە هەر لەگەرمی هەناسەی عاشقێکی بە ئەزموون بەس دۆڕاوی دەکرد
توانی هەوری حەزێک لە ئاسمانی هۆشمان بهێنێتە خەیاڵ بارین
من خەریک بوو تیغی تیژی دوودڵییەک پارچە پارچەی دەکردم و دەیدامە دەست گرەیسی بەر لەعنەت کەوتوو
ئەویش سەرێکی هەڵبڕی و لەژێر چەتری نیگایەکدا کەوتە قسە
من خەیاڵ و دڵ و هۆشم بۆ کردە گوێ
تەنها وتی زۆر بە دڵمی
نەمزانی چ گەردەلوولێک بوو هات و بردمی بەرەو پەژمووردەیی
چ زریانێک بوو لوولی دام
چ لافاوێک بوو دیوار و شوراکانی شاری حەزی تێکوپێکدام
چ باهۆزێک بوو لە سەرمای وشەکانی ڕووتی کردمەوە
ویستم بڵێم ، قسە بکەم، بەڵام زمان نەهاتە گۆ
زارم تەتەڵەی دەکرد و لەشیشم زیاتر دەلەرزی
ترسێک دڵی کردم بە ئارامگای بیم و تۆقینێکی لە وزە بەدەر

لەم ساتەدا گرەیسم لێ بوو بە هەور
بە شەپۆلی زەریای نووستوو
بە باخچەیەک پڕ بێ لە گوڵ و غەریبی
تۆزێ نزیکتر کەوتەوە ، پەنجەی لەدەستم ڕاپسکان
وتی : دەتوانین ژوانی یەکتری کەین
بەسەر هێمای بەڵێم پێ وت
ئەو شڵەژا و منیش لەنێو گۆمەکانی شپرزەیی خەریکی
مەلەکردن بووم
بەهێواشی بە پەیژەی بەردەم دەرگاکە سەرکەوتە سەر
ئاوڕێکی لێم دایەوە و بۆم پێکەنی
منیش وەکو پەیکەرێکی بێ هەست و خووست تا دەرگاشی
کڵۆم نەدا جووڵەم نەکرد
ئینجا خەیاڵێکی سارد جەستەی تەزاندم
ویستم بجووڵێم ، زۆرم پێچوو هەتا توانیم هەنگاو بنێم
من دوو دەقەی ئەم بینینەم لابوو بە دوو کاتژمێری دوور
و درێژ
هێشتا لەنێو کۆڵانە پێچاوپێچەکەی زەمەنە خۆڵەمێشییەکە
بووم
گرەیسم دی بوو بە ئەستێرە لە ئاسمان
منیش بەسەر جادەی شیعرێکی سەرخۆشدا هێواش هێواش
زۆر بە زەحمەت هاتمەوە نێو جوغزی ژیان

٢٠١٩

# پووکانەوەی گەرای گومان

### بە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ی عێراق پێشکەشە

بزانن چۆن هەنگاو لەنێو گلێنەکانا ڕێ ئەکا
هاوار دەبێ بە کوانووی دڵێکی جۆشدراو
چاویش بە پەنجەرەی بیر و زەردەخەنەش بە ئاڵای بەرزی تووڕەیی
ئیتر گەرای گومان لە کوێی شیعر دانێم
کاتێ شەقام سوور دەبێت و شار دەبێتە تابلۆیەکی برسی و یاخی
کاتێ ترس جانتای سەفەر هەڵدەگرێت و
کۆچ دەکا بۆ سنوورەکانی ئەودیو ژین
ئیتر گومان لە چیبکەم ؟
لە تیژیی نووکی شمشێری ئیمامەکان
یان لە تەقەی چەکی دەستی فریوخواردووە بێچاوەکان
لە خوێندنی نزای دایکانی نێو کۆلیتە قوڕاوییەکان
لە جەربەزەی گەنجەکان و بیم شکێنی ڕاپەریووی نێو
کۆڵانە بێ ناسنامەکان و ژمارەکان
لە برسێتی چۆلەکەیەک
لە تینووێتی ماسییەکی کوژراوی نێو ڕووباری خەم

لە ئارەقەی ڕژاوی سەر نێوچەوانی کرێکارێکی سفرە چۆڵ
نا..نا ئەوەی ئەمڕۆ شەقامەکان دەهەژێنێ
سۆراخی نانێکی گەرم و
گەڕانە بەدوای ژیان و
قۆڵ کردنە قۆڵی پێکەنینێکی سادەی
هەناسە و ئۆخەی دڵێکی شەقار شەقاری پڕ خوێیە
ئەوەی ئەمڕۆ گڕ لە ستەمکار بەردەدا
ڕوحێکی پڕ لە شۆڕش و پڕ لە برینی بە سوێیە.

**چواری تشرینی یەکەمی ٢٠١٩**

# کۆچە ناوادەکەی شیعر

دەمەوێ لەم تاریکییە بێکەسەدا سەری خۆم هەڵگرم و
بڕۆم
نە گوێ لە پاڕانەوەی داربییەکان دەگرم و
نە لا لە پەنجەرە تەماوییەکانی ژیان دەکەمەوە
دەڕۆم بەنێو جادەکانی بیم و ترس هەنگاو دەنێم
دڵم ئەکەم بە چەپکێ پشکۆ ژیلەمۆ
دەمەوێ بار کەم و بڕۆم
شوێن پێی هەورە کۆچەرەکان هەڵبگرم
لەبەردەم کاروانسەرای شیعردا تەماشای ئاسمانی خەیاڵ
بکەم
لەئەستێرەی شەو ڕابمێنم تا بزانم ئاراستەی ژیان بەرەو
کوێم دەبات
نامەوێ وەرزا و وەرز لەبەردەم داری چاوەڕوانیدا
بەئومێدی هاتنی یار ڕابوەستم
بار دەکەم بار
ئیتر حەوجەم بە بێدەنگییە قووڵەکانی ژیان نامێنێ
جوایەز جوایەز لەنێو گرتە ڤیدیۆکانی غوربەتدا دەژیم
شیعر بۆ گۆڤارە پانوپۆرەکانی فەنا دەنێرم
لە ئۆفیسەکانی یاخی و بەرەنگاربوونەوەی ستەم دەبمە
سپارتاکۆسی مێژوویەکی تازە

شۆڕش لە نێو ڕستە و شیعر بەرپا دەکەم
دەمەوێ بار بکەم بار
لەم جوغزە بەرتەسکەی خەیاڵ دەچمە دەرێ
دەبم بە بەرد
دەبم بە ئاو
بە کۆترێ یان بە شیعرێ
یان بە هەناسەبڕکێی ساتی گەیشتن بە ئورگازمی نووسینی
دەق دەمەوێ بارکەم بار
بوزگورەکانی نەگبەتی و نەداری و بێکەسیی خۆم
دەنێمە نێو عەرەبانەی پشتی پیکابێکی خەون و سەفەر
دەکەم  نوقڵی وشە و
شیعرە کێک و
نەستەلەی قەسیدەی خۆشی
هێشووە هایکۆ
سەبەتەیەک خەونی ڕەنگاوڕەنگی جوایەز
بەرچنەیەک لە ئومێدی سووری ژیان
دەدەمە مناڵانی سەر ڕێگای پێشوازی نووسینی دەقێک
بار دەکەم بار
بە بێ ئەوەی بە کەس بڵێم کاژی ترس فڕێ دەدەم
بە بێ ئەوەی سڵ حونجە کەم
یان ترس بنێمە ڕستەی نێو دڵمەوە
بێ ئەوەی ئاوڕ لە کەوتنە قەستییەکانی ڕۆژگارە
بەسەرچووەکان بدەمەوە

بار دەکەم و دەڕۆم تا لەوسەری پانتایی هەست
کۆشکێک لە وێنە و
قەڵایەک لە سفتیی و
باخچەیەک لە هارمۆنیا
حەرەمسەرایەک لە زمان لەنێو چاوەڕوانی جوانی بنیاد
دەنێم
لەوێشەوە لە پەنجەرەی وشەکانی باڵەخانی قەسیدەوە
سەیری سیحری فڕین دەکەم
کۆچی ئاڵۆزی بیرەکان دەمخەنە سەر کەڵکەڵەی سەفەرێکی
دوور
سەفەرێکی لەهیکرِای وا کە نەتوانم فریای نووسینیش
بکەوم
ئا لەوێدا پیتەکان خۆ دەپێچنەوە و
وشەکان جانتا بەشان دەوەستن و
ڕستەکان دەبنە چاوساغ و
شیعر دەدا لە شەقەی باڵ
دەڕوا و جێمدێڵێ و بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ کۆچ دەکا
کۆچی ئەمجارە کۆچی ناوادەی شیعرە
کۆچی سەفەرێکی تاڵە
کۆچی زمان و وێنە و جوانی و مۆسیقا و
کۆچی بەلێشاوی خەونی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ خەیاڵە.

**تشرینی دووەم ٢٠١٧**

# بەستەیەک بۆ جەنگاوەران

خۆی نەفرەتێکی گەورە بوو
دڵی هەموو جیهانی بەردایەوە
گریانەکەی محەمەد

❊

دانە دانە تیلماسەی مەرگیان کەبس دەکرد و
وەکو ناسنامە لەپێناو مرۆڤایەتی
دەیانکردە گیرفانی دڵیانەوە
ئازادیخوازان

❊

شارێکی لە هەتاو شاردەوە
ڕێک وەک قارچک، وەکو چەتر
بۆمبە فسفۆرەکەی سوڵتان

❊

بوو بە کرمی نێو گوێی جەنگاوەرانی خوا و
کاسبوونی کۆیلەتی و ستەم
هەلهەلەی چەک بەدەستێکی یەپەژە

❊

یەک ئایەتی تێدا نییە
نەبێت بە شمشێری غەدر
لەسەر ملی ئێمەی ئینسان
قورئان

*

چ بێتوانایە
ئەم گەشەی تەکنەلۆژیایە و
ئەم زانستە زەبەلاحە
لەبەردەم نهێنییە گەورەکەی
ئیرادە

*

نە جنۆکەم..نەکافرم
نە زەردەشتیم..نە ئیسلامیم
لەمرۆوە تەنها ئینسانم
من

*

لەدژوارترین ساتەکانی بەرخوردانا
هەتاوی یەکسانی دەبینێ
چاوی یەپەژەیەک

*

گوێم لە خرچەی شکانی
پشتی ئابووری فاشیزمی سوڵتانیزمە
بە نوقورچ و پەلامارەکانی
بایکۆت

*

لەنێو هەموو شەرئاوەرەکانی ئەم دونیا تاریکەدا
تاکە تروسکەیەک هەبێ

جێی ئومێد بێ
باوەڕە بەرزەکەی تۆیە
هاوڕێ مارکس
*
بە تۆزی باروتی فیشەک چاو دەڕێژێ و
مەخزەنەکان بوونەتە کاریتەی سنگی بەرز و جوانی
یەپەژەیەک
*

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٩**

# هاواری سایەق توکتوکێک
# لە گۆڕەپانی تەحریرەوە

لەنێو کەلاوە تاریکەکاندا
هاتووینەتە دەر دەنگ هەڵدەبڕین
ژیانی خۆمان ناوەتە نێو مشت
بە شۆڕش تەڵخیی ژیانمان دەسڕین

نێر و مێ هەردوو خاوەن یەک گەرووین
هەردوو یەک هەست و هەردوو یەک مرۆین
بۆ ڕیفاهییەت و ئازادی ژیان
وەک تینوو بۆ ئاو وێڵ و تامەزرۆین

لەوەتەی چاوی ژینمان پشکووتووە
قەت نەمان دیوە لە ژیان خۆشی
ئەم دەسەڵاتە ڕەش و ملهووڕەش
هەر تێکۆشاوە بۆ کەللە بۆشی

ئاییینیان کردە مەقاشی دەستیان
خەونیان سووتاند ئومێدیان پسان
لە کۆیلە کەمتر نرخیان بۆ دانانین
خنکاین لە گۆم سەرکزی و تاسان

ئێستا ببینە هاوار گڕ دەگرێ
عەرشی ئاسمانی هێنایە لەرزین
گەرچی هەرهەموو تینووی ژیانین
ئای چەندە جوانین گشت ڕوو لەبەرزین

هاکا هەتاوی ئازادی هەڵات
ئەم سەرزەمینە ڕوون دەبێتەوە
پشکۆی سووتانی ستەم و غەدر
بۆ هەتا هەتا دەگەشێتەوە

دەسا کچان و کوڕانی بوێر
با گشت ببینە یەک دڵ و یەک دەست
با لە ئامانجی ڕزگاری خۆمان
نزیک ببینەوە بگەین بە مەبەست

بژین وەک بەشەر بە خۆشی و شادی
ژیان ڕازاوە و جوان و قەشەنگە
مرۆڤ نرخ بەرز بەس دەم بە خەندە
بۆ ئەو ئاواتە ڕوومان لە جەنگە

**تشرینی دووەمی ٢٠١٩**

تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارەی ٤ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.

# سێگۆشەی بەرمۆدای مەرگ

من خەڵکی سەرزەمینێکم بە بەرچاوی دادگا خەسیوەکانەوە
بەپاساوی شەرەفی پیاو سالارییەوە ژنان خەڵتانی خوێن
دەکرێن
من خەڵکی شوێنێکی سەیریم .. ئینسان تەنها بەخاتری
ئەوەی بڕوایان جیاوازە
ئابلۆقە دەدرێن و لەژین دادەماڵردرێن
خەڵکی کۆلانە عەجیب و تاریکەکانی شوێنێکم
لەسەر وتارێک.. شیعرێک ..نووسینێک دەردرێی بە دادگای
نا بێلایەن و سزا دەدرێی
لەسەر ئەوەی ستایشی حیزب و سەرۆک و خێڵ و
گەمژەیی نەکەی تیرۆر دەکرێی
خەڵکی پەناو پەسیوی جێگایەکم سەیر
ناوێریت یەخەی ڕەش بگریت
بەنوێژی نیوەڕۆ یەخەت دەگرنەوە و پەسیو بەدەرت دەکەن
و دەتکەن بە پەند
ناوێریت هاوارێک پڕ بە دەنگی خۆت کەی
سوبەی ساڵحان دەنگت لە سێدارە دەدەن
من خەڵکی جەنگەڵستانێکم پڕ لە ترس
سوڵتانەکەم کەڵبەدارە و بە ددانی تەکنەلۆژیای فرە مۆدێرن
گاز لە دڵ و گاز لە جەرگ و هەناو ئەگرێ

من سەر بە مەملەکەتێکم دەبێ بە ماست بڵێی ڕەشە دەنا
سپایی چاوانت دەدزن و کوێرت دەکەن
دەبێ بە ماف بڵێی دەستکەوت
بە بوودەڵە و لەیبووک بڵێی شۆڕشگێڕ و
بە قارەمانی ماستاو و مامەحەمەیی و کوزکێشی بڵێی
هەڤاڵ و شتی تر
چ چارەنووسێکی ڕەش و
چ قەدەرێکی ناشیرینە نووسەری بیت و نەوێریت لە
شەقامەکانی شارەکەت
بە دەنگی بەرز باسی لووتبەرزی سەرکردە و
ترسنۆکی فەرماندەکان
نا ئینسانی یاساکان و
زەلیلی مرۆڤەکان کەی
من خەڵکی کوێم؟.. من لەم دەڤەرەوە هاتووم
کە بۆنی خوێن.. لووتی ئاسمان و کتێب و زانکۆ و خێزان
پڕ دەکات و تارمایی مەرگ بۆتە سێبەری سەر سەرمان
من لەم تاریکییەوە هاتووم ..نازانم چرایەک پێکەم
یان کتێبێک بنووسمەوە؟
نازانم دەنگم هەڵبڕم، یان سەفەر و کۆچ بۆ خۆیان
دەمبەنەوە؟
من فەرهادی نێو جەنگەڵی پڕ دڕندەی ڕۆژهەڵاتم
دەمەوێ دیواری ترس پڕ کەم لە دەلاقەی ئومێد

شاخی تەسلیم بوون بنکۆڵ کەم وبێپەروا بەستە و گۆرانی
نوێ بڵێم سوێندە گەورەکان بشکێنم
بتەکان بێنمە سەرچۆک و تاریکیی بڕەوێنمەوە
چاوەکانی نەوەی تازە پڕ لە خۆر کەم
زاریان پڕ لە نوقڵە هاوار دڵیان لێوڕێژ لە ئومێد و
بیریشیان تیژ بڕوانێتە ئاسۆی سووری دادپەروەری
من خەڵکی جێیەکم نازانم چ ناوێکی لێ بنێم
سێگۆشەی بەرمۆدای مەرگ
یان قەسابخانەی ئازادی
فریودانی خۆشەویستی
یاخود کانگای لەدایکبوونی راپەڕین یاخیبوون لە جەور و ستەم
یان هەڵگەڕانەوە لە بت و لە ڕیتواڵە بە بەتبووەکان
من خەڵکی سەرزەمینێکم ناوی خۆمم بۆ ناوترێ
ئینسانییەتم لەژێر پەلاماری غەدری دەسەلاتی
دواکەوتووانە؛ لەتوپەت کرا!
شیعرم کوژرا و ناوم لەناو دەفتەری بیرچوونەوەدا وشک
بووە من خەڵکی شوێنێکم سەیر سەیر
لەهەستانی تووڕەبوونی خەڵکەکەیدا
سەرکردەکان بۆ خۆپاراستن لەفەوتان  شوێنیان کونە
مشک بووە.

**تشرینی دووەمی ٢٠١٩**

# سڵاو لە شۆڕش

سڵاو لەئێوە ئەی دان بەخۆگرتووەکانی گۆڕەپانەکانی
عێراق
سڵاو لە میهرەبانی دارخورماکان وەختێ شیلەی عەشق
دەڕژێنێتە سەر ڕوومەتی گەڵای ژیان
سڵاو لە پێکەنینی دیجلە و
تووڕەیی شەقامە بەخوێن سوورەکان
ئەو کاتەی ڕەهێڵەی فیشەک وەک لێزمە دەبارێت
سڵاو لە دڵنەوایی کچانی شەنگی ژێر چادرەکان
ئەو کیژانەی سنوورەکانی جیاوازییان بڕیوە و لە کەناری
ئارامیدا خەریکن دەبنە ئەستێرەی شەوە نووتەکانی ژیان
سڵاو لە سەربڵندی مەتعەم تورکی
لە چیرۆکە نەبیستراوی پەنا و پەسیوی خەلانی و وەسبە و
تەحریر
لە گریانە بەکوڵەکانی جادەکانی زیقار و
سڵاو لە ڕەشەڕێحانەکانی بەسرەی خۆراگر
سڵاو لە تۆ ئەی شۆڕش
سڵاو لە نەبەردەکانی توک توکەکان ئەو دەمەی بەنێو
ئاگردا ڕێ دەکەنەوە بەرو ئاسۆی نوێ
سڵاو لە پەرستیارە چاوگەشەکان کە خەریکن لە منداڵدانی
خەمە گەورەکانەوە ئاهەنگی لەدایکبوونی ئومێدی جوان
جوان دەگێڕن

سڵاو لە گۆرانیبێژە دڵ پڕەکانی سەر ستەیجی ژیان
سڵاو لە شاعیر و
لە نووسەر و
لە گەنجە پڕ لەهیواکان کە بێ گەڕانەوە ڕێگاکانی
نەهامەتییان بڕیوە و لەسەر ترۆپکی سەرفرازی ڕاوەستاون
سڵاو لە لاوە پڕ خەونەکان
سڵاو لە دایکە جەرگ سووتاوەکان
لەباوکە دڵ پڕ حەسرەتەکان
لە دەزگیرانە ماندووەکانی نێو ئاپوورەی بەختەوەریی
کەوا دەستە دەستە مەشخەڵی ئیرادەیەکی پتەو بەدەستەوە
دەگرن و پانتایی سینگیان کردۆتە هێلانەی پێکرانە
بەردەوامەکان.
سڵاو لە زیندانییە بەجەرگەکان
لە بوێرییە کوژراوەکان
سڵاو لە دەنگە بەرزەکان
لە هاوارە بە جۆش و پڕ ئومێدەکان
کە ئاسمانیان هێناوەتە بەرپێی ڕزگارییەکی قەشەنگ
سڵاو لە کازیوەی خەباتی چاونەترسانەی ئێوە
سڵاو لە شەپۆلی دەریای پەنگ خواردووی سەرجادەی
ئێوە
سڵاو لە سەدای شیعری سەدەی بیست و یەکی ئێوە
سڵاو لە وزەی نەبڕاوەی هەڵقوڵاوی دڵی ئێوە
سڵاو لە وێنەی دزراوی نێو تابلۆی ژیانی ئێوە

سڵاو لە ژێر پا خستنی پیرۆزییەکانی نێو هەست و بیری ئێوە
سڵاو لە شەقی مزرتان کە لە تائیفیتان هەڵدا
سڵاو لە هەموو ئەو بڤانەی وەک کۆلارە کە بەرەو ئاسمان هەڵتان دا
سڵاو لە شەبەقی دڕاندنی سەرجەم پیرۆزییەکانی ژیانتان
سڵاو لەو عەزمە قەشەنگەی مانای تازەی بەخشی بە ناو و نیشانتان
سڵاو لەو خوێنە ڕژاوەی هەموو ڕۆژێک دێتەوە نێو دڵ و گیانتان
سڵاو لە خۆراگریتان لە کەربەلا و نەجەف و بەسرە و ناسریە و بەغدا
ئێوە هاتن و بەنێو دەماری مێژوودا بوون بە تابلۆ
ئێوە هاتن و بەنێو شەقام و گۆڕەپانی شارەکان بوون بە موعجیزەی ئەمڕۆمان
ئێوە هاتن و تەسلیمەکانی گاڵتەی قومارچییەکانتان بەتاڵ کردەوە
ئێوە هاتن وتتنان ئێمە نەوەی بۆبجی و گەیم و نێرگەلە و موعتاد نین
ئێوە هاتن وتتان ئێمە بە دەستی پڕ لە گوڵەوە باوەش بە ئاشتیدا دەکەین
ئێوە هاتن وتتان  توند و تیژی بەسە،

وتتان مەرگ لەپێناو خۆشگوزەرانی ئێوەی تەوەزەل ئیتر بەسە
وتتان هەژاری بۆ ئێمە و دەوڵەمەندی بۆ زۆرداران ئیتر بەسە
وتتان جەنگ و مردن بۆ ئێمە و ڕابواردن بۆ منداڵانی ئێوە بەسە
وتتان گەڕان بەدوای قووتوی سەر زبڵدان بۆ ئێمە و سەردانی وڵاتان و یانە سوورەکان بۆ منداڵانی ئێوە بەسە
وتتان بەسە نابێت ئیتر ببین بە پارووی چەوری دەم لێپرسراوە بودەڵەکان
وتتان ئیتر نابێت ببین بە داشی دامەی نێو دەستی بێبارەکان
وتتان نابێت ببین بە فیشەکی ناو تفەنگی دەستی زاڵم و زۆردارەکان
وتتان نابێت ببین بە فێنکایی و نەسیمی ژێر هەواری دڵڕفێنی قین لە دڵ و دڵ ڕەشەکان
وتتان نابێت ببین بە پاسەوانی بەر دەرگای شۆڕش کوژ و یاخی کوژ و چالاکوان و هەڵسوڕاوکوژەکانی نێو دەسەڵاتی عێراقی ڕەش
وتتان نابین بە چەقۆی دەستی ئایینی ڕەش
وتتان ئەبین بە ژەهر بۆ گەرووی پڕ لە فێڵ و پڕ تەڵەکەی ڕەش

وتتان ئەبین بە دێوەزمە بۆ سەر سینگی دز و ئەژدیهاکانی
دەسەڵاتی ڕەش
وتتان ئەبین بە ماری هاواری یاخی و ئەچینە مل کلکی یەک
بەیەکی بەکرێگیراوانی ئێرانی ڕەش
وتتان ئەبین بە فیشەکێک بۆ ناو دڵی جەردەکان و
نەخشەدارِێژەکانی نێو ناوچەی سەوز و
عەقڵی کۆن و بەردینی ڕەش
لەگەڵتانم لەگەڵ دەنگ و هاوارتانم
لەگەڵ خوێنی ڕژاوتانم
لەگەڵ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوتانم
لەگەڵ گەدەی برسیتانم
لەگەڵ خەون و
لەگەڵ ئومێدی ئینسانی بەرزتانم
لەگەڵ چیرۆکی ناوازەی هەموو ڕۆژەی خەباتتانم
لەگەڵ شیعری جوانتانم
لەگەڵ کسپەی ناخی پڕ لە هاوارتانم
لەگەڵ هەناسەی تەزیووی سینەتانم
لەگەڵ هیوای نێو دڵتانم
لەگەڵ هاتوچۆی کوتکوتدا شیعرتانم
بۆ بەیانییەک کە ئاسوودە و بەختەوەر بین ئاگردانی
شەوانتانم
بۆ گەیشتن بە ئازادی و بە یەکسانی و سەرفرازی
ڕۆشنایی چرای ڕێتانم

وشەم، شیعرم، قەڵەم ، هەستم ، نەستم دەکەم بە ئاوێنەی
باڵانومای ئەم شۆڕشە و شاعیرتانم
لە سەنگەری بەرگریدا دژ بە قەلەڕەشەکانی جەهالەت
لەگەڵتانم
بۆ خەونەکان
بۆ سبەێنێیەکی گەش و پڕ پێکەنین
بۆ ڕزگاری یەکجارەکی لە ستەم و چەوسانەوە ئاڵا
بەدەست لە نێوتانم
سڵاو لە ئێوە و لە شۆڕش
ئەی خولقێنەری جوانترین گۆڕانگارییی
ئەی سووتێنەری ستەم و ڕیاکاریی
ئەی هەتاوی گوڕ و گەرم
ئەی کراسی شانازی پڕ وشەی بەرم
سڵاو لە تۆ ئەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرم

١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠

# پێنج کەڤاڵی ڕەنگاوڕەنگ

## فروخ فروخزاد

سبەینێیەک کچێکی ڕەشپۆشی پاڵتۆ لەبەری لەش باریکەڵە
بە جگەرەکەی لێوییەوە بە توورەیی دەرگاکەی لە دوای
خۆی داخست و چووە دەرێ
قژی لە شیعر و
چاوی لە وشە و
دڵی لە گۆرانی بوو
بەر لە نیوەڕۆ پێش ئەوەی شەقامە ڕووتەکانی تاران
پڕ لە بۆنی بەیبوون بکا و
مەمکە سرکەکانی تۆزێک گیر کاتەوە
ڕووداوێک دەیکا بە مانشیتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

❊

# ڤرجینیا وۆڵف

عەسرانێکی پایزیی بەنێو گەڵا وەریوەکاندا ڕووە و
ڕووبارەکە هەنگاوی نا
دەنگی پێی و وردبوونی گەڵا وشکەکانی ژێر پێڵاوە ئارام
لەبەر بڕاوەکەی
لەگەڵ گڤەی کزەبا دڵڕەقەکەی ئەو دوانیوەڕۆ ساردە بوو
بوون بە ڕیتمی شیعرێک تازە
هێدی هێدی دەیوتەوە هەتا لەنێو ڕووبارەکە قیژەی خنکاو
نائومێدی بوو بە دووکەڵی خووڕە بەرز و نزمەکان و
مردنیش بوو بە شوناسی گردبوونەوەی پارچە
تێکشکاوەکانی بوونی شاعیر.

❊

# نازک الملائکة

پێش ئەوەی پێچە و عەباکان پەلکێشی کەن
ئەو دۆزەخی کلتووری نابووە ژێر پاژنە بەرزەکەی پێی
بە عەزیە کورت و خەت خەتەکەی ژیانی شەقامی لەخۆی
دەئاڵاند
فیکەی گەنجەکانی شەقامی ڕەشید و موتەنەبی وەکو
جگەرە دەکێشا

هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک نەبوو لەژێر باڵی ویدا
خۆیان لە ئارەقەی لا مەمکی هەڵنەسوون
دیم لە شیعرێکی سەیابدا بووە بە درەختێکی ڕەقەڵەی گەڵا
وەریوو
بە شیعر ئاوی خۆی ئەدا و
سیبەریشی سێبەری شیعر و وشەیە.

*

## زەینەب خانی خادمی سوجادە

یەکەم پەردەی ڕەش و تەنکی لەسەر ڕووخساری دزێوی
ژیان لابرد
یەکەم نوزە قورگی ئەو بوو دەری بڕی
یەکەم نەغمە بەزاری بولبولی شیعری ئەو بوو بیسترا
گاە لەژێر هەسانی ترس و
گاە لەبەردەم چەقۆی غەدر هاتوو چۆی بوو
تا بوو بە گوڵ
لەسەر بەردی مێژوو ڕوواو هەتا ئێستاش نەژاکاوە
لە هەناوی تاریکاییدا بوو بە چرا و نەکوژایەوە
دەنگی هەر لە زریان ئەچوو
نیگای باهۆز
بۆیە لەنێو ئەم دیرۆکە شاردراوەیە بوو بە خەرمانەی
جوانی و
چووە سەر شیعرێکی چەقاوەسوو و توورە.

*

# دۆرۆسی لیڤسەی

لەسەرەتاکانی ڕێگای هەڵبژاردنی ژیانا
بە گوڵێکی سوور وەک دڵی دەریای دواند
بوو بە عاشقی چرپەکان
بوو بە دەزگیرانی درەختێکی سەوز و
بە کۆدی هەڵهێنانی نهێنییەکانی پشت پێکەنین
گەلێ شەوان دەبوو بە شەپۆڵی خەم و
لەنێو دەریای بیرکردەوە و ڕامانی هەتاوی جوانا
خەوەکوتکە دەیبردەوە و
بۆ سبەینێش دەبووەوە بە ئۆقرە لەبەربڕاوەکەی
شەقامەکانی گەنجێتی و
کۆڵانە پانوپۆڕەکەی شیعر و نووسین
دەبووەوە بە قردێلەی خەونێکی سوور و
بە ئاسمانێک لە سپیایی.

**ئاب – تشرینی دووەمی ٢٠١٩**

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٧٢ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.

# ئومێد لەنێو تەپوتۆزی ئێوارەیەک

ئێوارەیەک هەتاو لەنێو تەپوتۆزی ئاوابووندا چاوەکانی
هەڵدەگلۆفی و
تروسکایی لێبڕابوو
بەچوار دەوری خۆی تاریکیی لە قەد و باڵای دەئاڵان
ڕێگە قیرتاونەکراوەکەی نێوان خەون و ئومێدێکی
فریو خواردووی دەست کزەبای چاوەڕوانی
چەشنی تەمەنی پڕ کاری
لە ئاوێنەی ژیانی پڕ لە تەقەللا و پڕ لە ماندووبوون
دەیڕوانی
لەسەر پشتەکۆڵەی ژیان پریاسکەیەک لەخەمی نان
هەگبەیەک لە برسێتی و دەرد
بوخچەیەک پڕ لە هەناسەی سارد و تاساو
بوونەتە سێکوچکەی حەسرەت
بوونە بە مەتەڵی جەنگاوەری ڕاساو
تاوێک دەیهەوێ باڵ بگرێ و وەک باڵندەی حەزەکانی
لە شەققەی باڵ بدا و بفڕێ
تاوێکی دیش لە سەرزەمینی مەینەتی لاوکێک لەبۆ ژیان
بچڕێ
ئێستا تەمەنی برژاوی کورتی ئەم تارماییەی شیعر
پڕ پڕە لە حیکایەت و بەسەرهاتی خەوەکوتکەی بەر ئازار و
مردنی ڕێشۆڵەکانی نێو خەیاڵ و بیرکردنەوەی

پڕن لە فرمێسکی دایک و
لە گریانی لاوانەوەی دەم تەنیایی بیر بردنەوەی
پڕن لە گۆرانی حەزە کوژراوەکانی ژێر خێمە ڕووتەڵەکان
پڕن لە ترس لە ئیهانە و قامچی پۆلیس
لە زەفەری پیاوە بەد و بوودەڵەکان
❊
بۆ کوێی دەبا ئەم بارە قوورسە لە خەم و لە شکان و
نەهامەتی
لەگەڵ هەناسەی هەنگاویا وردە وردە تەرزە و ڕەهێڵەی
بارانی خەم دەبارێن
لەگەڵ پارچەپارچەبوونی ڕۆحیا
پۆل پۆل باڵندەکانی سەر داری بیرکردنەوەی ئەو دەتارێن
لەگەڵ خوێنبەربوونی وشە و ئاوسبوونی هەڵبەستی شەو
خەمی ئەم ژینە نووتەکە
لێناگەڕێ ساتێ چاوە خورماییەکانی ئەو پیاوە لە تارمایی
بچێتە خەو
❊
هەرچەند دوور بم بەڵام بەقەد هەناسەیەکت نزیک و
بەقەد تاڵەموویەکی مەودای نێوانمان ئێستا دوورم
ڕەنگە جارجار دەنگم کز بێ
بەڵام تا دێت لەسەر خەبات بۆ یەکسانی چووست و
سوورم
تا لەسەرچاوەی وشیاری و مەعریفەی ڕێگای ڕزگاری

ڕووبارێک لە بیرکردنەوە و
دەریایەک لە تێکۆشانمان نەیەتە دەر
هەتا لەنێو قۆزاخەی بێ ئیرادەیی وسووڕی متبوون و
نەزانی نەبین بە دەنگ
سەرچڵیمان وەکو بەری داری ژیان نەیەتە بەر
نەچرایەک دادەگیرسێ و نە ئاسمانیش ڕووناک دەبێ و
درەوشاوە
دەنا هەتا ماوین ماری کۆبرای ئەم نیزامە چینایەتییەی هەیە
بە ژینمانەوە دەدات و دەبینین کە
لەسایەی مەرگ و فەوتانا هەر ئومێد لەناو تابووت
ڕاکشاوە.

٢٠١٩-٧-١١

# ئەندێشەی کتێبفرۆشێکی قەراغ جادە

پەیتا پەیتا دەستەسڕەکەی لە باخەڵی دەردەهێنا
ئارەقەی لاجانگ و ڕووخساری دەسڕی
بێئەوەی شکۆی شانازی لەکەدار بێ
ناوکی مەلۆتکەی خەمێکی تازە لەدایکبووی دەبڕی
ماتماتیکی بژێوی دەهێنا و دەبرد
هاوکێشەکانی کلۆڵیی و چەرمەسەریی ئەم ژیانەی شیکار
دەکرد
هەرچی جارێک لە خەیاڵا دووری خەونە ڕەنگاڵەییەکانی
ئەم ژیانە پڕ لە مەینەتییەی دەپێوا
قولانجێک کورتی دەهێنا
ئەم ئارەقڕێژەی ژێر دەستاری برسێتی
وجودی خۆی لەسەر ڕق لە زوڵم و غەدر
وەک سەربازی مەشقپێکراو بەرەو جەنگی چینایەتی
ڕادەهێنا
هەتا دەهات مەودا و درزی نێوان ئەم و خاوەن پارە
فراوانتر
پانتایی ژینی تاڵ و تار بە ویستی ستەم بەرینتر
هەموو ڕۆژێک ئەم بە گڕی مۆمی حەسرەت دەبێتە
خۆراکی توانەوەی تەمەن و
بالاکردنی باوەڕیش پتەو بە ئایندەییەکی ڕووناک و گەش
ئایندەیەک سپی سپی خاڵی لە ڕەش

دەپرژێنێ بەسەر ڕووخساری ئینسانە خاوەن بیرە
بەپیتەکان
نەسیمی حەسرەتێکی گڕ دەشێلێ ڕووی نەرم و سافی
ئەودیو پەنجەرە گەورەکانی کۆشکەکان
ئەم بە کتێب هەتا توانی خۆی پێگەیاند
یاخیبوونێکی مەزنی بەڕووی دونیای سەرمایەداری
ڕاگەیاند
ئەم جەنگاوەرە لاواز و لەڕ و سیسەی کە بێبایەخ دێتە
بەرچاو
سەنگەرێکی پۆلایینە و پۆشاکی جەنگێکی گەرمی لەبەردایە
ئەم کتێبفرۆشەی قەراغ جادەی ئومێد بە ژیانی نوێ
سەدان چیرۆکی سەروەریی و پڕ شانازی لە سەردایە

**ئایاری ۲۰۱۹**

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ۱۲۰۵ ی ساڵی ۲۰۲۰ بڵاو بۆتەوە.

# وێنەی خوشکەکەم
# لە دەفتەر ڕەسمی منالْی

جاران خوشکەکەم لەسەر گەڵایەک لە خەون
بە هەزاران نزای دەکرد
پەپوولەی ماچ و قوربانی هەڵدەفڕاندە سەرزەمینەکانی ژیان
جاران خوشکم بە پەیژەی جوانیا سەردەکەوت و
بەردەوام شۆخی دەکرد لەگەڵ فرمێسکە وەریوەکانی
چاوەڕوانیم
فۆتەیەکی لە بەرائەت لەسەر دەکرد
چەپکەگوڵی میهرەبانی و قوربانی دەسکەنە دەکرد و
دەیخستنە نێو ئینجانەکانی ڕۆحی
جاران کات لەبەردەمم دەوەستا
دەمتوانی پەنجە بخەمە نێو دەستی وبچرپێنم بە گوێیدا و
لەگەڵ خۆمدا گڕی بدەم و لەفەی بۆ بکڕم و تەنانەت فێری
جگەرەکێشانیشی بکەم
ئاخ بەڵام خوشکەکەم لەوسەرەوە چوارمشقی لەسەر
پەڵەهەورێک لە موحیببەت
دادەنیشت و ڕیسی فریودانی لێدەکردمەوە بە خووری و
نەیدەهیشت چرچی بکەوێتە دەموچاوی بیرەوەریم
جاران خوشکێکم هەبوو لە نەعناع
تەڕ هەروەکو تاقگە بەخووڕەکانی بوون

جوان وەک چێژی شیعرێکی نوێ
ئارام وەکو پەنجەرە داخراوەکانی قەڵاکەی ماڵ
خوشکەکەم دڵی لە بۆن و
چاوی لە گوڵە بەیبوون و
نیگای میسکی لێ دەتکا.
لەسەر زەردەخەنەکانی سەر لێوی شەوە نووتەکان
هەزاران کۆتری بزەی ماڵیی دەکرد
بەهەردوو ناولەپی دەستی دەیکێشا بە شووشەی
باڵەخانەی زیندانەکەی ژیان
خوشکەکەم جاران فلووتی بێنەوایی دەژەند
بە کراسێکی ئاودامان سپی وەک دڵی دەچووە پارکەکانی
خەم و
گلەیی دەکرد لە کەناری ئارەزوو و پاسارییەکانی بەختی
ڕەش
جاران خوشکەکەم گریانی نەدەناسی، پێکەنین دەرگاکانی
لێ کلۆم دەدا و
لەسێبەری تەنیایی خۆی دەسڵەمییەوە
هارکاتێکیش بەدەم یاریکردنەوەوە بمترساندایە فیزاحێکی
گەورەی دەکرد
من و خوشکەکەم جاران بەیەکەوە مەتەڵمان بۆ باران
دەوت
بەیەکەوە بیرمان لە سەفەری ژیان دەکردەوە
بەیەکەوە دەچووینە سەربانی ڕابردوویەک لە قاقا

کتێبمان دەبرد بۆ ئاسمان
مۆسیقامان دەکردە نێو دەستەسڕی نائومێدی و تا هیلاک
بوون
باسی تاشەبەردەکانی غەدرمان بۆ یەکتری دەکرد
هەرکاتێکیش میوانداری شیعر و کتێبم ساز بدایە
ئەو بە سینییەک لە میهرەبانی و بەرائەتەوە دەردەکەوت
ڕەگەکانی ترس و خۆشنوودی دەناسی
وەک خووی هەمیشەیی لەبەردەم پەیکەری عەشقدا دەیدا لە
گریان چەندێ گەورە بوو خوشکەکەم وەختێ دەمبینی بۆ
شیعر سەما دەکا
بیری دەکەم بە ئەندازەی گەورەیی ئەو بیری دەکەم
ئەو دەمەی خۆر ئاوا دەبێ و تیشکی پڕتەقاڵی لەنێو
هەورەکاندا
ڕێک وەک تاڵە پرچی خوشکەکەی جارانم زەرد ئەچێتەوە
سەردەخەمە سەر دەفتەر ڕەسمی منالّیی و وێنەی
خوشکەکەم دەبینم
دەبینم دەداتە گریان
پردی فرمێسک لە چاوی باڵندەکانەوە دروست دەکا و پیایدا
دەپەڕێتەوە بۆ دوورگەکانی جارانی
بە پاستیل لەسەر دیواری مەینەتی دەینووسی "عەشق
گوناهێکی گەورەیە"
ئینجا دەچێتە کۆشی دایکم تا پرچی خەونەکانی بۆ
بهۆنێتەوە

خوشکەکەم بەیداخی لە ئاوریشم و
پێکەنینی لە وەهمدا لە ئەنگوجکی کراسەکەی گرێ دەدا و
خانە خانەی لەسەر مەرگ و ژیان دەکرد
من و خوشکەکەم پایزێک کە پڕ لە با و لە باهۆزی
چەمانەوە و تێکشکان بوو
بەنهێنی دیوارەکانی دوودڵی، لێکدابڕاین
ئەو بوو بە تەمێکی سپی بە ڕووبارێک لە بەرائەت
بە باخچەیەک لە قەشەنگیی و
بە ئینجانەیەک لە قوربانی و لە فیدا
منیش بووم بە گۆرانییەکی کۆچەر و
بە ئاسمانێک لە خەم و
بە تابلۆیەک لە بیرەوەری خوشکەکەم.

## کۆتایی ئازاری ٢٠٢٠

فیزاح : هاوار
خانەخانە : جۆرە یارییەکی منداڵانەیە و لەسەر زەوی هەشت چوارگۆشەی پێکەوە لکاو دەکێشرێت و بە بەردێکی پان یارییەکە ئەنجام دەدەن. ئەم یارییە گەرچی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەیکەن، بەڵام زیاتر ڕەگەزی مێ خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن.
تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٧٧-٢٧٨ ی ساڵی ٢٠٢٠ بلاوبۆتەوە.

# کەینوونەی نووسەرێک

چەند لەناو ئەم زەمەنە ماندووەدا ماندووم
لەژێر دارە ڕووتەنییەکاندا و لەسێبەری لێزمەی خەم و
ڕەهێڵەی ستەمدا ڕێگاکانم پەی کرد
گوڵ نەما نەیچنم بۆ بەرۆکی کیژی ئازادی و
کچی ئاشتی و
بووکی ڕزگاری
شیعر نەما نەیکەمە تارا و نەیدەمە سەر زەماوەندی
تێکۆشانم
زەمەن خەریکە وزەم لەبەر دەبڕێ
خەریکە دەمسپێردرێتە دەست پایزەکانی نەهامەتی و
سەفەرە بێ دەستکەوتەکانی تەمەن
تارمایی شەکەتیی دەیانجار هەڵیگرتووم و تا لێواری
بێتاقەتیی بردووم و
کەچی گڕی بەرەنگاربوونەوەم بەهێزتر و
باڵای ناسینی خۆم بڵندتر و
ژیلەمۆی ئومێدم گەشتتر.
وشە نابێت بە نان و ناتوانێت برسییەک لە دەریای برسێتی
ڕزگار بکات
نابێت بە ئاسوودەیی و ناتوانێت خۆشبەختی ببەخشێنێتەوە
نابێت بە ئازادی و ناتوانێت زنجیری کۆیلەتی ئینسانەکان
بپچڕێنێ.

وشەی جوان ڕاچڵەکینە لە جیهانی بێئاگاییدا
وشەی جوان یەخەگرتنی ئینسانە بەپرسیارە گرنگەکان
ڕۆشنکردنەوەی پانتایی تاریکیی بینینی ژیانە
وشە دەتوانێت ببێتە چەک و دژ بە زۆرداری بێتە دەست
دەتوانێت ناسنامەی ئینسان بگۆڕیت و ماهیەتی دەربخات.
ئەوەی وشە بۆ مانەوەی ئەم ستەم و چەوسانەوە
وەحشەتدارە تەرخان دەکات
جگە لە کۆنەپارێزێک
جگە لە دژە ڕزگارییەک
جگە لە دیفاعکەرێک لە کۆیلەتی ئاوازێکی تری نییە لەبۆ
ژەنین
پەیامێکی تری نییە جگە لە دژایەتی مارکس و لەنین
وشەم هەمان وشەی گرداری لۆرکایە
هەمان وشەی نیرۆدایە
هەمان وشەی مەکسیم گۆرکی و جاک لەندەنە
هەمان وشەی نووسەرانی ڕێگای ڕزگاری بەشەرن
وشەکانم تینوویێتیان لە کانیاوی مارکسیزم دەشکێنن و
جەنگاوەرن و دژ بە چەوسانەوەی ئینسانیەت لە شەڕن.
٢٠٢٠

# کڵاوەکانتان بدەنە دەم ڕەشەبا

بەیانیتان باش نووستووەکان،
ئەی خەوخۆشەکانی نێو نوێنی نەهامەتیی
ماندوو لەلەش دەرهێنەرەکانی ژێر کەپری ستەم و زۆر
بێ تاقەتەکانی خۆ لەخۆ زیادەکەیەی پانتایی بوون
وەڕسبووەکانی نێو پارکی نەزانین
بەیانیتان باش ئەی زمان لەدەم دەرهێنراوەکانی مێژوو
ئەی جووڵە لەبەر بڕاوەکانی بازاڕی کڕین و ساغکردنەوەی
خەستە و عەقڵ و هۆش
هیچ ڕۆژ نییە خۆرەتاوێک لەڕەنگی قەترانیی نەنرێ و
سەمایەک نەیەتە کوشتن
ئاوازێک سەرنەبڕدرێت و برسییەک نەگریەت بۆ نان
کەچی لای ئێوە وەک نەباتان دیبێ و نەباران، باکتان نییە
بەیانیتان باش ئەی بێدەنگە سەرکزەکەی نێو حەشاماتی
هاوار و
ئەی زیندەوەرە خۆکوژەکانی نێو دارستانی ژیان و
ئەی فێڵکەرە فێڵ لەخۆکردەکەی یاری و زۆرانبازی نێوان
هەق و نێوان ناهەق
ئێوە نابینن چۆلەکەکانی ئومێد چۆن سەربەرەوخوار
شەمشەمەکوێرە ئاسا بە تەلی سەرکزییەوە هەڵواسراون
نابینن بەڵێنەکانی ژیان وەک شەختەی تەنکی پایزان خرچ
دەشکێن و چاویان لە ئاستدا دادەخەن

نابینن ( نا ببوورن ئێوە کوێر و نابینان) ڕووناکی
هەراسانی کردوون و هەر خەریکی نزان
تا پەتەکانی ستەم و زنجیرەکانی چەوسانەوە ئەستوورتر
بن!
ئێوە چێژ لە ئازاری خۆتان و ئینسانییەتدا دەبینن
دڵخۆش دڵخۆش بە مەرگی یەکتر پێدەکەنن و دەڵێن ئینجا
چییە هەموو مردنێکمان لەسەرە و هەر دەمرین
ئێوە دەستتان بە کڵاوەکانتانەوە گرتووە و ترستانە ڕەشەبا
هەڵبکا و بیبا
ترستانە کەپری خەمتان تێک نەچێت و باهۆزی شەڕ
یەخەی ڕۆژەکانتان نەگرێ
ترستانە هەتا مردن سەر شۆڕ کەن و ئەم سەرشۆڕییەتان
لەدەست بچێ
ترستانە سفرەکانتان خاڵی بێ لە نانی زەلیلی و ڕیسوایی
ترستانە شەقی زوڵم کۆتایی بێ و ئازاد بژێن!!
ئەی نەخۆشەکانی نێو بیمارستانی خۆپەرستیی .. ئەی
کۆیلەکان
ڕۆژانە تەڵە بۆ ئازادی دەنێنەوە و کاتێ دەیگرێت خۆشحاڵ
خۆشحاڵ پێئەکەنن
پێئەکەنن بە سەری بردراوی حورمەت و
بە دڵی دەرهێنراوی شکۆ و شانازی
بە چاوی هەڵکۆڵدراوی ڕاپەڕین و شۆڕش و خەبات

پێمەکەنن..ئیتر درەنگ کەوتوون ببنە سەکۆی قوربانیدان بۆ ژین
بەسەرچووە ئەو ساتانەی خەونتان تێدا دەبینی و
لە گۆ چووە ئەو زمانەی کە بڕیارە شتێک بڵێ
ئێوە لە ڕۆخی خەرەندی هەزار بە هەزاری بوونن
یا ئەوەتا کۆیلەتیتان پیرۆز دەکەن بۆ هەمیشە
یانێش خۆتان ڕائەچڵەکێن و
دەست لەکڵاو بەر ئەدەن و دەیدەنە دەم ڕەشەباوە.

٢٠١٩ - ٢٠٢٠

# دوێنێ و تەماشاکانی ئەمڕۆم

جاران ڕۆژەکانم جێدەهێشت و
بەشوێن گوڵە بەیبوونەکانی خۆشەویستیدا
سێبەر سێبەر هەوری خەمم دەڕەواندەوە و
دەچووم لەسەر بەرزاییەکانی ئومێددا
تەماشای ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە پشت نووشتاوەکانی
تەمەنی خۆمم دەکرد.
جارام خۆمم لێدەبوو بە سەعلوکێکی دەرەوەی مێژوو
یاخی یاخی لە شەوە هەرە تووش و تاریکەکاندا
گۆرانیم بۆ هەتاو دەوت.
لەسەر شووشەی برسێتیدا وێنەی نانم دەکێشا
لەپاڵ دیوارەکانی چاوەڕوانی
بەسەرهاتی تەنیایی خۆمم بۆ عاشقە دڵشکاوەکان
دەگێرایەوە
بووم بە بابەتی ڕۆماننووس و سیناریستە سەوداکەرەکان
بووم بە ئاوێنەیەک لە پەشیمانی
بە پەنجەرەیەک لە فڕین
بە هەفتەیەکی پڕ لە سەفەر و لە پشوو
ئێستا دوای ناسینی تۆ و
هەناسە پڕ حەسرەتەکانی شیعر
خەمی هەڵگێرانەوەی ژیان،
بووە بە پۆرترێتی شاعیرێکی خولیاگەر

کەوێنەکانی ئەم ژیانەی لێ تەڵخ کردووم
ئێستا دەبێت لەژێر چەتری ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی
پێی دەڵێن بوون
ڕەش بکەمەوە سپی و
خەم بە ئومێد و جوانی
جەنگەڵ بە خۆشنوودی و
خۆشمان ببینەوە بە ئینسان.
ئێستا دەبێت هەموو ڕۆژێ بڕۆمەوە دوێنێ و
سەریش لە ئایندە بدەم
تا دڵنیا بم گەڵای زەردی بێهیوایی و فەرامۆشی
لەگەڵ پایزە خەونێکدا هەڵوەریوون.
ئەمڕۆم نە لەدوێنێ دەچێ و
نە ئایندەشم وەک ئەمڕۆ بەتاریکی داپۆشراوە

٢٠٢١

# گۆڕینەوە

بە منداڵی سینی هەنار، مەنجەڵی پاقلەی کوڵا و
قابلەمەی گوڵەبەڕۆژەم لە کەلەکە و لەسەر تەپڵی سەر
داناوە
کۆڵان کۆڵان ..کوچە کوچەی ئەو گەڕەکانەم پەی ئەکرد
بۆ بژێوی و بۆ یارمەتیدانی خێزانم تەتەر بووم بە گشت
ماناوە
ئەمێستاکە چل ساڵە دەستگێڕی ناکەم،  بەس ئامادەم
بەدەنگی بەرز هاوار بکەم وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و وەک
تێکۆشان
هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و
ئەندامانی پەرلەمان و چی حیزب و چی سیاسیی هەیە
لەسەر سینی خەم و ویژدان
بگۆڕمەوە بە سەلکێ توور یان بە دوو نان

٢٦-٨-٢٠١٩

# دیدار

لەناو کتێبخانەکەی مامۆستا بەکر دیم وەستا بوو
کتێبێکی بلیخانۆفی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد
چەندین ساڵ بوو دابڕانێک کردبوونی بە دوو هەناری
شیرینی ئەمسەر و ئەوسەری زەوی
هەردوو موشتاقی بینین بووین
من و ئەو لە ڕۆژگارێکدا، هەر لەم شارە بێئۆقرەیە
خوێنەرێکی جیددی مارکس و لینین بووین
وتی بابڕۆین بیرەوەرییە جوانەکان و خاتیراتی هەشتاکانم
ڕێک وەک ئەستێرە سوورەکەی ناخی دڵم بۆم هەڵگرتووی
تۆش حیکایەتی خۆت باس کە مەگەر هەر من بزانم چ
سەرکێشێک و
چ یاختێکی پڕ لە خەمی سەرهەڵگرتووری.

**ئەیلوولی ٢٠١٩**

تێبینی : مامۆستا بەکر کتێبخانەیەکی هەیە لەناو جەرگەی شاری
کەرکووک بەناوی (ژووانی خوێنەران – ملتقى القراء)

# چاودێری

ئەمڕۆش دیسان لە ساحەی پاس چاوەڕوانی
نەفەرات بووم وەختێ دەرکەوت
وەکو جاران شل و مل و
وەکو ڕۆژان خان و مان بوو هات و سەرکەوت
زووش زووش سەیری مۆبایلەکەی دەستی ئەکرد
هێند خەملابوو..لە ژنێکی ڕۆمانسییانەی خەیاڵی هەڵبەستی ئەکرد
من پێمخۆش بوو تا ئێوارە لەناو پاس بێ و دانەبەزێ
دڵی سپی و بێگەردی خۆمی بیدەمێ وەک کاغەزێ
پرسی : بەچەند خوولەکی تر دەگەینە لای مەحافەزە
تازە کارم پەیدا کردووە لەژێر چاودێری مودیرم
من نامەوێ دووابکەوم، نەک کارەکەم لەدەست بدەم
چونکە سەرچاوەی بژێوی دوو منداڵ و دایک و باوکێکی زۆر پیرم.

**ئەیلوولی ٢٠١٩**

تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی ڕێچار ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٠ دا بڵاو بۆتەوە.

# لەنێو قاوەخانەیەکدا

لەسووچێکی قاوەخانە بێنازەکە
لەگەڵ خەیاڵ و قاوەی تاڵ دانیشتبووم
ئەویش هاتە سەرمێزەکە و دیم رێک لە بەرامبەرمایە
بە کتێبەکەی دەستم را زانی چۆن بیر دەکەمەوە و چ
بڕوایەک لە سەرمایە
باسی شۆڕش و ژیان و کۆمەڵگەی کرد
وەڕسبوونمی هەتا ئاستێکی بەرز برد
سووکایەتی کرد بە ژیان
بێڕێزی کرد بە خەبات و مێژووی ئینسان
ئەیوت جیاوازی لەنێوان سۆشیالیزم و ئەم ژیانە بوونی
نییە
کە من هەموو شتێکم بۆ فەراهەم بێ
ئیتر شۆڕش مانای چییە؟
منیش دوا فڕم لە قاوە تاڵەکەمدا و هەستامە پێ
لەم وڵاتە ناسراوەی بە سەرما و بەفر و کرێوە و تۆف
پەنجەی ناوەڕاستی دەستم پێ نیشاندا و
پێم وت فەک ئۆف

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٩**

تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی ڕێچار ژمارە ٨ ی ساڵی
٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.

# پەیمان

لەگەڵ کازیوەی بەیانیان چ گەرما بێ یان سەرما بێ
دەبێ جێگا و نوێن جێ بێڵم تا جلی خەم لەبەرما بێ
بڕۆمە نێو دونیای بازاڕ بفرۆشم هێزی کاری خۆم
کووانوویەک گەرم بکەم نەک هەڵلەرزین لەسەرما بێ
لەدوای نزیکەی دە سەعات دێمەوە ماڵ چی دەبینم
ژیانێکی هەژارانە وەک دڵ لە ژووانی تەرما بێ
بەڵین دەدەم بۆیان ببمە بەردەبازی پەڕینەوە
بەسەر دڕک و داڵی مەینەت نەک ژاکینیان لەشەرما بێ
ئیتر بلێن چۆن ئاڵای سوور لەسەر تەلاری دڵ داگرم
کە من باوەڕ بە مارکسییەت لە هۆش و بیر و سەرما بێ
ساڵ دوو هەزار و نۆزدەیە (مەشخەڵ) بۆ شۆڕش چرایە
تا سەرمایەداران خەویان لەنێو جێ و نوێنی نەرما بێ

تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

# ڕق و سکاڵا

دەوەرنەوە..
ئەم شەقامە ئەڵێی خۆڵی مردووی کراوە بەسەردا
ئەم شارە بێدەنگ و ماتە
ئەڵێی کفنی مەرگی کراوە بەبەردا
دەستم هێندە درێژ نییە
بگاتە نێو گیرفانی قازانج پەرستان
هەتا دڵۆپ دڵۆپ خوێن و ڕەنجی دزراوی ڕۆژانی
رابردووم بهێنمەوە
ئاخ ئێستا بەم تەمەنە پڕ لە مەینەتییەم
لە بەیانی تا ئێوارە لەم سەر شۆستە دەمێنمەوە
بۆ بەدەستهێنانی پاروویەک بۆ
ژیان
دەبێ گشت کات ڕەگی گەنجی
لەپێدەشتی دەمارەکانی ناو لەشما بڕوێنمەوە
دەوەرنەوە..
چیرۆکم هەیە بۆ باس و
حیکایەتیش لەبۆ وتن
تا وەک ڕەشەمار بئاڵێتە گەردنی چەوسێنەران
هەر لەمڕۆوە تا چرکەساتی سەرکەوتن
دەوەرنەوە...لەم سەرشەقامە مێژوویەک ڕاکشاوە
پڕە لە پەنجەرەی ڕووناک

پڕە لە دەنگی دلێری نارەزایی
پڕە لە گۆرانی سەوز
لەم شارەدا زبلّدانێک لەپەنای کات
خۆی مەڵاس داوە هەتا بێت
گۆڕی هەرچی چەوسێنەر و ستەمکارە
ڕێک هەروەک کاسکێتی شانازی لەسەر نێت.

**٢٦ی ئازاری ٢٠٢٠**

# لاپەڕەیەک لە یاداشتی جەنگاوەرێک

من هەموو ڕۆژێ لەشەڕدام
شەڕ لەگەڵ قسمەت و نسیب، شەڕ لەگەڵ ڕێکەوت و قەدەر
دژ بە غەدرم، دژ بە پێکەوە سووتانی وشک و تەڕم
من لە شەڕم
شەڕ لەگەڵ شوکرانەبژێرێ و سفرەی خاڵ
شەڕ لەگەڵ هەژارییەکی تاڵ
شەڕ لەگەڵ ئەو دۆخەی تیایا ئەسیر ماوم
شەڕ لەگەڵ ئەو تاریکییەی کەوا دەدرێتە سەر چاوم
شەڕ لەگەڵ ژیان و مەرگا
شەڕ لەگەڵ هەژاری و لەگەڵ برسێتی و ڕووتی بێ بەرگا
ڕۆژی سەدجار ڕووبەڕووی مەرگ دەبمەوە
ستەم بمپێکێ و بێباکم
جارێکی هەڵدەستمەوە و هەر بەهەمان ڕێگای جاران
بۆ ئاسوودەیی ئینسان و بەرەو هەتاوی سەرفرازی
دەچمەوە
هەموو ڕۆژێ بیرکردنەوە لە هاوسەر و لە کەس و کار
لەهاوڕێ و دۆست و هاوکاری نێو دونیای کار
هەموو ڕۆژێ وێنەیەکی تازە ئەدەم لە ڕۆژنامەی تەمەنی
خۆم
چرکە نییە من خەم لە نەهامەتی سەرمایەدار نەخۆم
من شەڕ دەکەم، شەڕ لەگەڵ یاسای جەنگەڵ و

بەربەریەتی دنیای تاریکیی و دزێوا
بە ئەنگێزەیەکی ڕۆشن و بزێوا
شەریش دەکەم بۆ بنبڕ بوون و نەمانی چەوسانەوە
بۆ جیهانێک پڕ لە خۆشی و حەسانەوە
شەڕ دەکەم و من جەنگاوەرێکی ڕێی سووری رزگاریم
ئاڵام بەدەست ، تفەنگ لەشان
ئەو ئینسانەم دژ بە کۆیلەتی سەرمایە
بووم بە ڕەمزێ لە تێکۆشان

**٢٠١٨**

# بەدبەخت

ڕۆژێ لە شارع جمهوری شانم بەر شانی کچێک کەوت
ئاوڕێکی لێدامەوە و جنێوێکی خەستی پێدام
منیش ڕەنگم هەڵبزڕکاو و لە داخانا هیچم نەوت
ئەو بەڕێگای خۆیدا ڕۆیی و
منیش بەرەو وەرگرتنەوەی بیتاقەی بایەعی و نەوت
دوو سێ هەفتە دوای ئەو ڕۆژە
دایکم وتی کوڕم بەیانی چێشتەنگاو زوو وەرەوە
مێوانمان دێ با نەێژن کوڕەکەیان سەرەڕۆیە و لەدەرەوە
پێش نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆماڵەوە و چاوەڕوان بووم
بێنە ماڵمان ماڵی غەزوورانی پووری
ئای چیم بینی ئەو کچەی جنێوی پێدام
لەگەڵ خزمان هاتە ژووری
ئەو تەریق و من تەریق و زمانی هەردووکمان مەیی
لە ڕووخساریا بینیم گەلێ پەشیمانە و
ئێستا لە بەدبەختیم گەیی.

١٤-٤-٢٠٢٠

# ترسستان

ئێستاش ئەترسین..
باوەڕ ناکەم کەس هێندەی ترس لێمان نزیک بووبێت و
کەسیش هێندەی ئێمە ترسی ناسیبێت!
ئێمە بەر لەدایکبوون لەترس ترساوین
بەترسەوە هاتووینەتە ئەم دونیا و لەدایکبووین
خوشترین چوکلێت و نوقوڵی منالێمان "دیوار بە گوێیە" بوو
لەگەڵ ترسا کەوتینە نێو کۆڵانەکانی ژیان و بەحەوشە گەورەکاندا گەڕاین
بەترسەوە بۆنی گوڵی بەهارمان کرد
بە ترسیشەوە کچەکانمان ئەوت خۆشمان ئەوێن و
وانەکانی قوتابخانەشمان هەر بە ترس ئامادە دەکرد
ترس چووبووە نێو جانتای قوتابخانەمان، چووبووە نێو دەفتەری بیرکردنەوەمان
پێکەنینەکانمان پڕ بوون لە ترس
گریانەکانمان هۆن هۆن ترسیان لە چاوانی بێدەسەڵاتیدا دەباران
قسەمان نەدەکرد دەترساین دڵی دایک و باوک و
مامۆستاکانمان لێ زووير نەبێ
گۆرانیمان نەدەچڕی نەوەک ڕووخساری دڵەڕاوکێی ترسەکانمان دەربکەون

که نامەی دڵداریمان دەنووسی بەترسەوە دەمان پێچایەوە
و
دڵمان لە سەد و بیست لێی دەدا نەوەک ڕەفز بین
لە چێشتخانەکان بە گومانەوە لەسەر مێزەکانمان
دادەنیشتین و نانمان دەخوارد
لە سەیتەرەکانیش ڕۆژ نەبوو لەترسی ناسنامە داواکردن
ڕەنگمان ڕەنگی پەلکە پیازی لێ نەنیشێ
لە گەورەبوونیشا وەختێ بالق بووین دیسانەوە بەدزی
کۆمەڵگەوە لەگەڵ کوڕانی گەڕەک
سەیری فلیمە شینەکان و وێنە نیمچە ڕووتەکانی نێو
گۆڤارەکانمان دەکرد
کە کەوتینە سیاسەت کردنیش ئیتر ترس بە فەرمی
هەڵیپێچاینە نێو جوغزی خۆیەوە
لەگەڵ هەر سەرکێشییەکدا ترس سەرەتاتکێی لەگەڵ
دەکردین
تا بەشێکمانی (نەک هەموومان)هەڵفریواندە سنوورەکانی
ئەودیوی نیشتمانەوە
لێرەش لەمدیو مەرزەکانی دڵنیاییەوە دەبینین تەمە ترسێک
ئاڵاوەتە باڵای بوون و
هەرچی ڕۆژە پەنجەی کیبۆردێکی ئازا دێتە شکان و چاوی
قەڵەمێکی تیژ کوێر دەکەن
جەهەنمێکیان لە ترس بنیاد ناوە

لێدوانێک، کۆمێنتێک. نووسینێک بەسە لە ترسستان بتبەنە
بەر دەم تەوری ترس
ئێمە لێرەش لەمدیو مەرزەکانی دڵنیاییەوە دانی پیا دەنێین
هێشتا ئەترسین
ڕەنگە ئەگەر مرۆڤ بچێتە هەسارەیەکی تر لەوێش بێ
سانسۆر و ترس نابێ و
لەوێش بەر لەوەچەخستنەوە، لە ژوورەکانی ئۆکسجین
ترس ئەڕوێنن
بەڵێ ترس ئەڕوێنن ترس

١٨ی نیسانی ٢٠٢٠

# هێنانەوەی تەرمی شیعرێک

چێشتەنگاو باڵندەی سەرگوێسوانەی سیلەی کۆلانی
مەینەتی دەیگمان
بێپەروا بەدەنگی بلند ڕازی هێنانەوەی تەرمی شیعرێکی
یاخی دەدرکان
شیعرێک هێشتا نەچووبووە سەر ڕووپەڕی هیچ گۆڤارێک
و تەنها و تەنها
لەسەر بەیازی دڵی ڕەوە وشەیەک نووسرابۆوە
شیعرێکی یاخی کتومت وەک هاوارەکەی مێژوو
دەمی دەژەنییە حەوزە پاک و بێگەردەکەی تووڕەبوون
تووند هەر دەتوت کرێکاری مەشخەڵ بەدەستە و دەیەوێ
درڕ بەتاریکاییدا بدات
جوان وەک کزەبای سێبەری دڵدانەوە و
بە سەلیقە وەک هارمۆنیای ساختمانی کۆشکەکانی جوانی و
وشە
ڕێگاکانی بەرەو ئاوەدانی ژیان تەی دەکرد و لەبەر هەتاو
سوور دەچووەوە.
کە شریخەی تفەنگی دەستێکی ترساو
دڵی شیعری کرد بە نیشان، هاوارەکەی لە بێدەنگیدا نقووم
بوو
تووڕەییەکەی وەک شەپۆلی ماندووی دەریا هات نیشتەوە
و

ناسکییەکەی چرچ و لۆچ بوو و
سەلیقەشی لەبەر هەتاوی مردندا وشکبۆوە و
لەم ڕاستەڕێیەی خەباتا کەوتە زەوی
هەر ئەوساتە چەند کۆپڵە و چەند بڕگەیەکی بەهێزی خوێن
لێچۆڕاو
هەڵیان گرت و بەتەکتوتی قەسیدەیەک، هەرچێشتەنگاو
بردیانەوە بەرەو دڵی لاکۆلانە تەمتەماوییەکانی ژیان
لەو ئاساتنە بەرزەی بووندا،
لەسەر سیلەی کۆلانەکە، باڵندەی ڕازێک دەیگمان
لەڕاستایی تەرمی شیعرە یاخییەکە وچانێک ئەدا و ئەمجارە
بە بێدەنگی
سڵاو دەکا لەتەرمی ئەو وشە گیانبازانەی کەوا بوونە ئاڵا
و
تەنها و تەنها لە فەرهەنگی یاخیبووندا مانای ژیان دەگەێنن
لەو ساتەوە هەرچی کاتێک یادەوەری و کۆلانەکان
باسی تێکۆشانی سووری شیعر بکەن، دەقیقەیەک بێدەنگی
ڕادەگەێنن.

٢٠٢٠-٤-٢٣

# پەڵە

دەتەوێ دەوام بکەم و
کاری ڕۆژت ڕاپەڕێنم
کەروێشکی سرکی سەرمایەت
لەلانەی خەم دەرپەڕێنم
تۆش بێدەربەست چوار مانگ جارێ
نیوەناچڵ ئاورم لێ بدەیتەوە
لەناو ژینی پاشائاسات لێم بڕوانی چۆن ئەمرم و
گرەوم لێ ببەیتەوە
بەهەڵەدا چووی جەنابی سەرمایەدار، تۆ زۆر هەڵەی
ئیتر پێی بزانیت یان نا
لەسەر ڕووپەڕی بیناییم تۆ هەم تانەیت و هەم پەڵەی!

**نیسانی ٢٠٢٠**

# قەسیدەی هاتنەوەی سەردەشت

سەردەشت عوسمان هەموو ڕۆژێک دێ و لەدەرگای
ماڵەکانمان دەدات
پرسیار دەکات ئاخۆ ئێستاش گوێمان لەئاست ئازادیدا
خەواندووە
ئاخۆ ئێستاش بە چرپەوە دەدوێین و ناهێڵین کەس بزانێت
چی دەڵێین و چی باس دەکەین
دەپرسێ : ئاخۆ ئێستاش کزەبا بە نهێنییەوە سەردانی
پێشانگای کەڤاڵەکانی خوێن و بەگژاچوونەوە دەکات
دەڵێ تۆ بڵێی کەسێک هەبێت هەست بە تەنیایی برینە
سارێژ نەبووەکانی ئازادییەوە بکات
تۆ بڵێی دڵی پیرە دایکەکان چ بڵێن و
غەمی سەرگەردانی چیرۆکەکانی ژیان بگات بە کوێ؟
سەردەشت لە سەرزەمینێکدا یەخەی ڕەشەباکانی گرت کە
ترس هەوری سەرسەری ڕامووسانی قەڵەم و خوێنە
لە شەقامێکدا پێی لە زەوی گیر کرد کە عام خەریکی
خلۆربوونەوە بوو بۆ باوەشی ڕەشی فیرعەونەکان
لە سێبەرێکدا ژووانی بەست کە هەتاوی بیرە یاخییەکانی
کۆمەڵگەیان تیا زنجیربەست کردووە
سەردەشت لە کاپتنێکی بە ئەزموونی نێو ئۆقیانووسە
مەترسیدارەکەی ژیان ئەچوو

کە سەرکێشی گەیاندییە ترۆپکی گەیشتن بە سەرمەدییەتی ڕەهایی
گەیاندییە لێواری خەرەندە قووڵ و گەورەکانی
ڕەتکردنەوەی ئایاتەکانی کۆیلایەتی
گەیاندییە قەراغ گێڵگە بەپیت و فەڕەکەی خەبات لەپێناو ئینسانییەت و دوا ڕۆژێکی خاڵی لە ترس و غەم و ستەم
گەیاندییە بەردەم دەشتە کاکی بە کاکییەکەی تەحەدا نووک تیژەکەی مردن
بۆیە کە وشە دێتە وتن و
کە شیعر دێتە نووسین و
کە چیرۆک دێتە گێرانەوە و
کە جوانی دێتە سەما و
کە نەغمە دەکەوێت دیلانێ وەک دڵی عەجمان لێبرانی دایکەکانمن،
ئا لەو ئاقارەوە سەردەشت وەک گەردەلوول هەڵدەکات و
باهۆز ئاسا خۆی بە شاردا دەکات و پرسیار لە شەقام و کۆلان و گۆڕستانەکان دەکات
بەدوای عەبدولخالیقدا دەگەڕێت و نایبینێتەوە
بەدوای فیکەی خۆشبەختییەکانی گەنجێکی قوشتەپەییدا وێلە و نازانێ لە کوێیە
لە ئەنگوجکی کراسەکەی دایکیدا بەدوای ئاخرین نامەی خۆیدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە

لە کچە هاوپۆلێکی دەپرسیێ بۆ ڕەشپۆشە و بۆچی غەمێکی ئەستوور ئاڵاوەتە باڵای هەناسەکانی و
لە کتێبێک زویر دەبێت کە ناتوانێت پەی بە فرمێسکەکانی چاوی چاوەڕوانی ئەم ببات
لە ئێوارەیەکی ئەنگۆرەییدا سەردەشت دەبینن دەست چەندی پرسیاری گرتووە و جادە و جادە دەیان گێڕێ و وێڵیان ناکات.
هێدی هێدی لەبەردەم باڵەخانەی سیما سیاهی شارەکەی ڕەت دەبێت و
تا ئەتوانێ قاقایەکی بۆ دەکات و پێ دەکەنێ
لەو ئێوارەیە ئەنگۆرەییەدا سەردەشت سڵاو لە گوڵە بەیبوونەکانی تێکۆشان ئەکات
ڕووخساری لاسکە ماچەکان خاوێن دەکاتەوە و
لە گڵکەند و ڕوو بە قەڵا شیعرێکی تەڕ وەک دڵی بەهارییانەی کیژە هەولێرییەک دەنووسێت و
سەیرێکی شوورا بەردینەکانی ترس دەکات کە چۆن شاریان ئابلۆوە داوە.
ئەو ئێوارەیە ئیتر ئەو مێوان نییە و خۆی خاوەنی بزەکان و هاوڕێی خەندە نوێیەکانە.
سەردەشت دێت و بێ جیاوازی سەر بە دەرگای ماڵە هەژارەکان دەکات و باسی نان و باسی ماف و باسی ڕزگاریان بۆ دەکات

ئێستا خەڵکی شاری منارە دەزانن هەر کات وەخت یان
ناوەخت لەدەرگا بدرێ دەزانن ئەوە سەردەشتە و پەیامێکی
تازەی پێیە
دەزانن ئەوە سەردەشتە بە گۆرانی ئازادییەوە هاتۆتەوە و
دەیەوێ ماڵە تاریکەکانی قەراغ شار ڕووناک بکاتەوە
دەزانن ئەوە سەردەشتە بە شیعرێکی کورت و پڕ ماناوە
هاتۆتەوە و بە نیازە هەتا هەتاو لەم مەڵبەندە یەخسیر
کرابێ نەڕواتەوە دەزانن ئیتر سەردەشتەو بەخێرایی
دەڕۆن دەرگا دەکەنەوە و فەرموو ی ژوورەوەی لێ دەکەن
دەڵێن سەردەشت ئەو برینەماندووەی شارە و لێناگەڕێن
لەچرکەیەک زیاتر چاوەڕون بێت دەڵێن خۆیەتی و ئەوەتا
نێوچەوانی خۆرەتاوە و دەمی پڕە لە هەتاوی ئومێدبەخش
و چاوەکانی بۆ ژیان دەبریسکێنەوە
ئەوە سەردەشتە و لە شارە و هاتۆتەوە و لە دەرگای
ماڵەکانمان دەدات خۆش هاتییەوە سەردەشتەکەمان خۆش
هاتییەوە خۆ نە پێکەنین بە بێ تۆ تامی خۆی هەیە و
نە حیکایەت بە بێ تۆ جوانی تیا دەژێت
خۆش هاتییەوە کوڕی ڕێگا پڕ ترسەکانی ئومێدمان خۆش
هاتییەوە
ئەوە خۆیەتی و هەموو ڕۆژێک لەدەرگای ماڵەکانمان دەدات
خۆش هاتییەوە سەردەشتەکە.. خۆش هاتییەوە.

٢-٥-٢٠٢٠

# شەرم

پێم شەرم بوو
لەئاست کچانی شارەکەم چاو هەڵبڕم
لەناخیشەوە خەریک بوو
بۆ باوەشی کچێکی جوان سینگ دادڕم
ئەو ڕێی بە شەرم نەبرد و هات چاوێکی لێداگرتم
وەختێک لێم نزیک بۆوە
دەستێکم بەقژیا هێنا و ئەویش هەردوو دەستی گرتم
لەورۆژەوە هەتا ئێستا
دەستم لیمۆ و هەنار ئەگرێ
هەرگیز بیرم ناچێتەوە
ماچی قەند و لێوی شەکرێ

**سەرەتای ٢٠٢٠**

# دیرۆکا ڕەش

ڕێک سی ساڵە ئێمەی هەژار واین لە بن دەست وچەپۆکتان
خنکاین لە دەریای مەینەتی ناتانە سەر بینمان چۆکتان

تا لە شاخ بوون ناز و فیزی چەک و چەتەییمان هەڵگرت
بووین بە لانەی حەوانەوە و سەردێری دوا نوکتەی لۆکتان

بەشی ئێوە بەشی شێرە و سفرەتان پڕ و ڕازاوە
سفرەی ئێمەش ڕەنگاوڕەنگە بە نیسک و ساوار و نۆکتان

شەڕتان هێنا بوونە چاوساغی ئێران و تورکیا و بەعس
دیاری دەستتان کیمیا و ئەنفال کوێر بێ چاوی بزبزۆکتان

ئێمەتان کردە سەد بەش و جیا جیا لەیەک لێکترازاو
نییە ئەمڕۆ چەترێ هەڵدەین لەبۆ بارانی خەمۆکتان

ڕەنگتان بەسەر دابەش کردین کردتانین بە کۆیلەی مووچە
نەفرەت لە پەرلەمانتان و لە دەسەڵات و سەرۆکتان

ئیتر جامی سەبرمان پڕە و وا لێی دەڕژێ دەی وەختییەتی
بێینە مەیدان توندتر بگرین هەناسەی یەخە و بەرۆکتان
بۆ گیان ئێمەی هەژار شێر و بۆ بەعس و شۆڤینیش ڕێوی

چ دەعبایێ پیسن ئێوە تف لە کاری ترسنۆکتان

بە خۆتان دەڵێن بەخشندە و دیموکراتی و ژین دابینکەر
بەنەفرەت بن گوو بە دڵ و ڕیخ بە نەفەسی قرچۆکتان

چەند بوودەڵەن دژ بە خەڵکن مێژوویەکە تاوان دەکەن
وەک شەقشەقە هەڵدەلەرزێ لەشی کەنەفت و لەرزۆکتان

ئێستا ئیتر ئەو ڕۆژەیە بتان بینین لەناو قەفەس
دادگایی بکرێن و ببنە عیبرەت بۆ مێژووی ڕەشۆکتان

وا ئاسۆیەک دەردەکەوێ ئومێد بەخشە ڕووناکە زۆر
مەرگە بۆ هەناسەی ئێوە و بۆ بیروبڕوای نەزۆکتان

٢٠٢٠-٧-٧

# سەفەرنامەی تەمموزێکی گەرم

**تەمووزی ٢٠٢٠**

(١)

کەڕۆیشتم گەنجێک بووم پڕ لە ئومێد و جووڵە و وزە
سی و پێنج ساڵە شارەکەمم جێهێشتووە
پار سەفەرێکم کردەوە، چوومەوە هەمان کۆڵان و
بینیم کیژە دڵناسکەکەی ڕۆژانی گەنجیم هەر ماوە و
شووی نەکردووە و ڕەنگی قژی ماش و برنج
لە چاوەڕوانی هاتنەوەم دانیشتووە.
زەردەخەنەی، هەمان زەردەخەنەی جاران
کە بینیمی کەوتە قسە، ئەوسا زانیم ئەو عیشقەمان
چۆن ژاکاوە لەژێر ڕەهێڵەی تەنیایی و لەهەناو غوربەتی
باران.

(٢)

لەلای ئێمە دەرچووی زانکۆ یان بێکار یان دەستفرۆشە
کە ژیانیشی دەکەوێتە سەر نوێڵی پڕ مەترسی
بۆ بەها جوانییەکانی ژین بە پەرۆشە
بێکار بەهای جوانی دەبینێ لە کارا
خۆشەویستی دەبینێ لە هەناسەی پڕ تاسەی شارا

حیزب لای ئێمە باشترە لە پسپۆڕ و لە شارەزا
کۆیلەیەک پایەدارترە
لە گیانبازێکی پڕ لە ورە و لە ئازا.

(٣)

وەستا بوو لە ڕیزی نەوت
هەرچی ئۆتۆمبیل هات و
دای بەناو چاڵی لێوڕێژ لە ئاوی باران
لایێ شەڕواڵەکەی تەڕ بوو و هیچی نەوت
مێردمنداڵێک وەستا بوو لە سەرەی نەوت
زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە ودڵی خۆش بوو
کاروانێک لە بەرمیل و جلیکانەی دی لەدوای خۆی
ئای کە تابلۆیەکی غەمگین بوو
نەتدەزانی بۆ ئەو خەمە چۆن خەم بخۆی.

(٤)

لەسەر ئەسکەلەی خەمەوە هیچ رۆژ نییە
دوو سێ جارێک بەرنەبمەوە سەر ئەرزەکەو
قاچی خۆزگەم
دەستی هیوام لەجێ نەچێ
هیچ ڕۆژ نییە کاتژمێری دان بە خۆداگرتنم دوا نەکەوێ و
سیمای شکاوی ژیانم لە ئاوێنەی کاولکردنەوە نەبینم

لێی دەڕوانم.. خۆ نازانم لە کێ ئەچێ.

(٥)

تەنها تۆی بۆ ڕۆژەکانم بەتاسەوە چاوەڕوانی
وەک چاوەڕوانی مەلوولێک بۆ ئازادی
وەک وەستانی سەرەی خەون لە پەنجەرەی ژیانەوە
چۆنی داتبنێم و ڕیز ڕێکبخەم
هەر دەبییەوە بە یەکەمین هەڵبژاردەم
ئەی ئومێدی چاو لە ئاسۆ و دەم بە خەندەم

(٦)

هەڵی ڕێژا سندووقە تەماتەی گەییوو
سوور و گەش وەک دڵە پڕ لە حەسرەتەکەی
شەقامی تەماتەڕێژ کرد
بیرکردنەوەی بۆ ڕێگاچارەی گونجاو و پڕ لە ئومێد
گێژ و وێژ کرد
دڵم پڕ بوو وەکو دڵی پڕ لە دەردی
چاوم تەڕ بوو بە فرمێسک
کۆمەڵگەیەک نەهاتە دەنگ بە دڵی ڕەقی وەک بەردی.

# کۆستەر

سوار کۆستەر دەبم
ئاخر ٣٠٠٠ دیناری تەکسیم پێ هەڵناسوڕێ
نیمە دەستکورتم ئاخ لە هەژاری
تا دەچمە ناو شار
قەڵایەک لە خەم
سوپایەک برسی دێنە بەرچاوم وەک خۆم دەستکورتن وای
لە بێکاری
لەسەر سووچەکەی پردی شەهیدان کە دا دەبەزم
دەنگی زایەڵەی بە نەعناعی ڕق
هاواری کپی لەخەم هەڵکێشراو
دەبنە بەربەستی ئارەزوو و حەزم
ماندووبوونێکی بێڕەهای بەردەم ئەم ژینە ڕەشە
گوڵی ژاکاو و تاسەی خۆزگەیەک ناخی ژنێکی لەژین
بێبەشە
بەر لە کردنەوەی تەلسیمی زارم یەکسەر پێمدەڵێ
(اتفضل اخویە مایصیر عینی وللە مایصیر)
بەری ئەوبەریش(بێش یوز بێش یوز)ی بلوز بەدەستێک
سەرنجی وشە و خەیاڵی تێکەڵ
دەباتە بەردەم کەلاوەی خەونێک
بەر لەدوا هەنگاو، پێش جێهێشتنی پیرەپردە ،
کچێک دەبینم ناسک مێردمنداڵ

تەپەدورێکی گەروەی لەبەردەم خۆیدا داناوە و مەقەبایەکی
کردۆتە کەپر
ئاوی سارد دەدا بە ڕێبوارەکان بەدڵی تەژی پڕ هەنسک و
نرک
لەگەڵ تەماشای نیگای ئەو کچە ڕووبارێک و ویست و
ئومێدی گەشی
وەک بۆن گوڵەباخ دەدا لە سیما ژان و پڕ لە برک
لە نێو دیمەنی جەنجاڵی ڕەشی پردی شەهیدان
سەیرێکی پیرە قەڵا دەکەم ئەوسا بەرەوخوار دەبمەوە
ڕووەو بازاڕی قۆرییە
تەنووری ئاخێک ناخ دەسووتێنی و
سەر با دەدەم لە دنیای بەرینی ستەم و غەدری
سەرمایەدار و
ئەو دەسەڵاتە تا سەر خۆڕییە

**ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠**

# ئۆکسجین

هەناسەیەکم بدەرێ ، بەقەرزیش بێت
با لەناو ئەم مەحشەرخانە چاو لێک نەنێم
لەختوو و خۆڕایی بوومە نێچیرێکی بێدەربەستی ئەو
چەتانە
هەتا درەنگتر نەبووە ئازیزانم
خەمێ لە خۆتان و ماڵ و منداڵ بخۆن
دەنا دەبنە پارووی چەوری ئەو بیرڕەش و لەش کەتانە(*)
چ غەدداره سەرمایەدار چەند دڵ سارده
ئەوەی بۆی جێی بایەخ نەبێ ژینی منە
ئای داخەکەم وا وردە وردە دەبینە خۆراکی مەرگ
چەندە سەختە لەم پێچە مێژووە تاریکە مەرگ هەیە
ئازار هەیە
ستەم هەیە
بەڵام بەهای ئینسان ونە.

(*)کەتە.. گەورە، زل

٢٠٢٠

# بۆنی گوڵ و خوێنی شەقام

ئێمە فێرین هەتا بۆنی گوڵێک دەکەین
دەیان دڵۆپە خوێنی سوور دەڕژێنینە سەر شەقام و
ناو کوچە و کۆڵانی برسی
ئێمە فێرین هەتا ماچی عەشقێک دەکەین
سەدەها جار دەکوژرێین و
دەئاخنرێینە کونجی زیندان
جەستەی ورەمان ورد دەکرێ زۆر بە قورسی
کوێمان هەیە ڕووی تێبکەین سەر شەقام و
ناو بازاڕ و بن سێبەری کتێبی سووری خەم نەبێ
چیمان هەیە لێی بترسین، لەدەستی دەین
چەوسانەوە و ستەم نەبێ
ئێمە دێین و مەرگی خۆمان
وەکو چەکی خەباتی سوور دەکەینە شان
بۆ سەرکەوتن لەم جەنگە چینایەتییەمان
دەبین بە روحی شوناس و بە زەردەخەنەی تێکۆشان

٣-١٢-٢٠٢٠

# سەفەری جاویدانیی

هەموو لەوێستگە جیاجیاکانی سەفەری جاویدانەدا
وەستاوین و بەنیازین
لەزەمەنێکی ئەبەدیدا بانگی ژیان بکەین
هەموو لەنێو ساتە کورتەکانی تەمەندا
دەستمان بە چرکەکانەوە گرتووە
تا لە شەمەندەفەرە گەورەکەی زەمەن جێنەمێنین
بەڵام ئەفسووس، بەر لە خوێندنەوەی دواین شیعر
بەر لە بیستنی دواین گۆرانی
بەر لە دواین ماچ
دواین سڵاو، دواین ماڵئاوایی
بێئەوەی دەستی لێکدابڕان هەڵبڕین، دەڕۆین
دەڕۆین بەنێو زەمنیکی دێوانەدا
زەمەنێک؛ نەهەناسە دەناسێ و نە پێکەنین و نەجوانی
ئا لەو ساتە لەگەڵ خۆمان،
لەگەڵ گەردی تەپوتۆزی ئەم بوونەدا ئاشت دەبینەوە
لەو خاڵەوە ئیتر ڕەنگە لەخۆمان بگەین و
بزانین ژیان چ مانایەکی هەیە و
بوونی ئێمە دەچێتە نێو چ هاوکێشەیەکی ئاڵۆزەوە!
*
لە بینگ بانگەوە بەشوێن ناسینی توخمەکانی ژیانەوەم

لە یەکەمین چرکەکانی زەمەنەوە خەریکم  پێناسەیەک بۆ خۆم بدۆزمەوە
هەسارە بە هەسارە و گەردوون بە گەردوون وێڵی
شیکارکردنی هاوکێشەکانی وجودم
وەک گەڕیدەیەک؛ کەشکۆڵی پرسیارەکانم بە کۆڵەوە بووە و
ڕوئیایەک نەبووە بمبات بەرەو کاکێشانەکانی بێدەنگی و
تاریکە کپەکەی نێو بۆشایی
مانگ و ئەستێرەکانم هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردووە و
پەنجەرەیەکم نەبینیوە خۆمی تیا ببینم جگە لێرە
بەڵام هەیهوو من لە کوێم و شیکاری پرسیارم لەکوێ؟
تازە بەم کتێبە سەرەتاییەی زانست و
بەم عەقڵە زۆر بچووکەی خۆمەوە ناگەم بە ئەستێڵە گەورەکەی ژیان
من هێشتا گەریدەیەکم لەسەرەتای سەفەرێکی درێژ و بێکۆتایی
بە کۆڵەپشتێ لە شیعر و
بە بەروانکەیەک لە وەهم و خۆگێلکردن؛ ناگەم بە پەرژینەکانی خەمە گەورەکانی ژیان
تازە درەنگە و نە من و نەئێوەش ناتوانین لەو کەشتییەوە بچینە نێو زەریای گەردوون
هەیهات؛ ئیتر ئەم خەمە دەسپێرم بە گەردیلە تەنیاکانی بوون

بە ماسییەکانی ڕۆحی یاسای ڕاکێشان
بە ئێوە، ئەی بوونەوەرە زیرەکانی نێو ئەم زەریا تاریکەی بوون.

**تشرینی دووەمی ٢٠٢٠**

# دەنگ دێ

## بەیادی ١٥٠ ساڵەی کۆمۆنەی پاریس

لەو ڕۆژەوە چرپەی نەرم و هاواری بەرز لێکئاڵاوان
سەمای وەرینی گەڵاکان وخونچەی گوڵ ئاوێزانن
لەژێر هەوری خۆڵەمێشی ساڵی خۆشی و پێکەنیندا
دڵ ئومێدی تیادا دەزا و چاو ئەسرینی لێ دەباری
پاریس بوو بە دڵی فەرەنسا و ئەوروپا
لە سەدەیەک جارێ هات و وەکچۆن دڵی ئینسان دەقەی ٧٢ جاران لێدەدا
ئەویش ٧٢ ڕۆژ ترپەی هات و ئینجا ئیتر خامۆش بۆوە
سبەینان لەگەڵ قاوەی تاڵ دەیان بڕیاری ئینسانیی لە پەنجەرە و دەرگای ماڵەکانی دەدا
ڕۆژنامەکانی سینگیان کردبووە مەتەرێز ، وشەکانیشیان بە گولله
سەنگەرەکان پڕ لە قاقا و لە خۆشی بوون
لویی میشێڵ کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا و بە تفەنگێک لە یاخیبوون
مانیفیستی فیمینیستی دەنووسییەوە
گریگۆری ئەو ڕۆژانە پێڵاوەکانی فڕێدا و وانەی شیعری دەوتەوە

ئۆژین پۆتییە ببووە دەنگی بەرزی خەمی چینایەتی نێو کۆمۆنە
کۆمۆنارە ڕەنگ سوورەکان زوو زوو دەچوون لەژێر تاقی ئازادیدا وێنەی خۆر و
بەهار و ئازادی و شیعر و ئومێدی دواڕۆژیان دەگرت
مۆسیقا ببووە خەرمانەی دەوری سەری ژن ومناڵ.

***

ئەو بەهارەی کۆمۆنە چاوی هەڵهێنا، ڕەنگی سروشت
تەنانەت ڕەنگی گوڵاڵە سوورەکانیش گەش و جوان بوون
ئاسمان دەتوت لەنێو شینیدا نووستووە
کزەباکان بەخۆبادانەوە دەچوون بن گەردن و
سینگی ئارەقاوی جەنگاوەرانیان فێنک دەکردەوە
پێکەنینی کۆمۆنارەکان پڕ لە مانا و پڕ ئومێد بوون
لەو دەلاقە زەمەنییەوە سێدارە بوو ئەفسانە
ئایین هەڵمی بێدەسەڵاتی لێ هەدەستا
گشت چاوەکان لەسەر ئایندەیەکی نوێ،
خەیکبوون بێدارییان دەخستە سەرشانی نەوەیەکی تازەهەڵچوو
ئاڵای سووری کۆمۆنەش بەسەر کەلاوەی ژیانی پاش جەنگ و کوشتن، دەشەکایەوە
ماچ لەژێر ئەو ئاڵا سوورە تامێکی پڕ چێژی هەبوو
خۆشەویستی لەژێر ئاڵای کۆمۆنەدا مانایەتی تری هەبوو
شیعر، هونەر، ژیان لەژێر ئەو ئاڵایە پێناسەی جواد بوون

***

هەتا ئاڵا شەکاوە بوو هەتاو گەش و
شەوانیش پڕ لە درەوشانەوەی ئەستێرەی ڕەنگاورەنگ و
کۆڵانەکانی کۆمۆنە پڕ لە هەناسەی بەجۆش و
ئاسمانیش پڕ لەجریوە
هەتا ئاڵا سوورەکەی کۆمۆنە بەئاسمانی پاریس
دەشەکایەوە
دڵ پڕاوپڕ لە ئومێد بوو
دوای کەوتنی ئەو ئاڵایە.. دەریایەک خوێن هاتە هەستان
شەقامەکانی پاریس بوون بە گۆڕی کۆمەڵی کۆمۆنار و
شۆڕشگێران سۆشیالیستەکان دەجەنگان
شەڕی سەروماڵیان دەکرد
بەڵام ئەفسووس دەستی ڕەشی مەرگ توانی خەندەکانی
عەشق ببا توانی بزەی سەرلێوانی مێژوویەک بسپێرێ بە
خەم قەڵای داهاتووی خەونێکی گەورەیان ڕووخان
دەیان هەزار بسکی زەردی هەناسەیان لەبن بڕی و
جارێکی تر پاریس لەنێو ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی بوو
بەتابلۆ
تابلۆی خەون و ئومێدی بەرزی ئینسان و
گۆڕی ترپەی دڵی پڕ لە ئاواتی کۆمۆنارەکان.

****

گەرچی پاریس بوو بە پارچەیەک لە تەم و
بوو بە شاخێک لە پرسەی خۆشەویستان و

بوو  بە دەریای خوێنی سەرجەم شۆڕشگێران
گەرچی دەنگی هاواری پڕ جۆش و خرۆشی
سۆشیالیستەکان کپ بۆوە
بەڵام ئەو دەنگە قەت نەمرد
ئێستاش دەنگ دێ
دەنگی کۆمۆنارەکان دێ
دەنگی خەونی سۆشیالیستەکان دەگاتە گوێچکەی هەمووان
پاریس ئێستاش دوای ١٥٠ ساڵ لە کوشتن و بڕین
هەستاوەتە پێ
بە سەدان هەزار کۆمۆناری هێلەک زەردی شۆڕشگێری
هێناوەتە سەر شەقام و
هەموو هەمان گۆرانییەکەی ئۆژین پۆتیە دەڵێنەوە
ئەمڕۆ دەنگی کۆمۆنە سوورەکەی مێژوو
 لە نێو کوچە و کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات
لەنێو دڵی ئەوروپادا لە ئەمریکا و لەودیو ئۆقیانووسەکان و
کیشوەرەکانی ئەم جیهانە دەبیستین
بۆیە ئەمڕۆ هەموو بووینە بە سێڵاوی هەمان ڕێڕەوی
ئاوی ڕوون ئەو سێڵاوەی بۆ بۆرژوازی مەرگ بەخشە و
بۆ ئێمەی کۆمۆناری نوێش ئارامهێنی دڵ و دەروون.

**کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠**

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوبۆتەوە.

# خەمی ژیان

بەو تەمەنە چەند ساڵ و ڕۆژەی کە هەمە
ئەو دۆزەخەی ناوی ژیانیان لێناوە
سەرتاپا برسێتی و خەمە
چیم کردووە؟ ئەو سزا گەورەیە بۆچی
منی مناڵ
لەئاست تاڵەتیشکێک خۆشی
بێمە سەرچۆک بە ملکەچی
ئای گەردوونی نادادپەروەر
قورستر کە باری شانم
تۆ نازانی منی گەورە بچکۆکە پیاو
بەو چەند ساڵە و ڕۆژەی تەمەن
کەی بەکەڵکی تێکۆشانم؟!

٢٠٢٠-١٢-٢١

# گوڵدان

من گوڵدانی باخی بیرکردەوەی خۆمم
هەر چوار وەرزە وشە ئەگرم
بۆنی ژن و
بۆنی شیعر و
لێمدێ بۆنی خۆشەویستی
هەر چوار وەرزە دەبمە مەشخەڵ
دەبمە ئاگر
ستەم و زۆر و تاریکی رادەماڵم و
دەبمە موژدەی خۆری ژینی کۆمۆنیستی

**کۆتاییساڵی ٢٠٢٠**

# ژنێک بڕیارە خۆشی بوێم!

عاشقی وردە بارانە و
بەپیاسەی ناو دارستانی ئارەزووەکانم ئاشنایە
حەزی لە مۆسیقایە و
جارجارەش سەما
ئەو ژنەی بڕیارە خۆشی بوێم.

زمانی باڵندەکان دەزانێ و
دوای هەر دووشێک بەشیعر خۆی دادەپۆشێ
نە لەسێبەر درەختێ ئۆقرە دەگرێ و
نە لەژێر گەرمی هەتاوی خۆشەویستیم
ئەو ژنەی بڕیارە خۆشی بوێم

ئێواران کووچە و کۆڵانی غەریبیم پەی دەکا
بەدەم گۆرانییەوە سەرخۆش ئاسا
پەرداخەکەی فڕێ ئەدا و
تانگۆیەک ئەیکا بە پەری
نیمچە ڕووتی قەراغ دەریای شۆڕە شیعرێک
ئەو ژنەی بڕیارە خۆشی بوێم

بەپێکەنینەوە کتێب دەگرێتە باوەش و
لەگەڵ خوێندنەوەی پەرەگرافە سەرهەڵگرتووەکان
لەررەیەک لەمەمکەکانی، بوومەلەرزەی خاکوخۆڵی
دڵم بە هەشت پلەی ڕێختەر وێران دەکا
ئەو ژنەی بڕیارە خۆشی بوێم

هیچ ئێوارانێک نییە پەرداخە شەرابێکی خەست
نەنێتەسەر
بەنیمچە مەستییەکەوە لەسەر دەسکی قەنەفەکەم دادەنیشێ
دەستێک نەنێتە سەر شانم
ئەو ژنەی بڕیارە خۆشی بوێم

سبەینان خۆر ختووکەی ئەدا
تەزووی بارینی بارانێک دەیخاتە سەر هەستی ورووژاوی
ناخی
مۆسیقایەکی لەسەرخۆ دڵی دەهێنێتە سەما
هەڵدەسێت و مەمکەکانی دەداتە بەر
سیحری نەسیمی بەیانیان
ئەو ژنەی بڕیارە خۆشی بوێم

ئاخ ژنێک بریارە خۆشی بوێم،نایدۆزمەوە
لە کەلێنی شیعر و کتێب بۆی دەگەڕێم
لە قووژبنی وەرزەکان سەردەکێشێ
بە تاک بەتاکی پەنجەرەکانی ڕۆژەکان
جاری تەمە و جارێ سێبەرێکی وێڵبوو
ئەو ژنەی بڕیارە خۆشی بوێم!

**٢٠٢١-١-١٢**
**کەنەدا**

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٨٥-٢٨٦ ی سالّی ٢٠٢١ بلاوبۆتەوە.

# ئازاری ڕەش

لای من ناخۆشترین کاتم سەعات پێنج و پەنجا دەقەی بەیانیانە
خەڵکی لە خەوی شیریندان
من لەناو جێ دەردەپەڕم و بەدەم ئومێدی ئەو ڕۆژە
ڕوو لە بازاڕی کار دەکەم
ناخۆشتر لەوەش ئەوەیە هەر هەمان ڕۆژ لە سەعات نۆ و پەنجا دەقە
بەدەست بەتاڵی دێمەوە و کەسێک نەبووە هێزی کارم لێ بکڕێ
کەس لێی نەپرسیووم ئاخۆ کتێبی دڵی پڕ خەون
چەند چیرۆک و چەند شیعر و گۆرانی تیایە
دەستێک نەهات بەسەر سەرما بملاوێنێ و
بڵێ قەینا تۆ ئەمڕۆت لە دوێنێ جیایە
دەچمەوە ماڵ؛ دەرگای ئومێدی ئەو ڕۆژە لەدوای خۆم دادەخەم و
بە بێدەنگی دەڕوانمە چاوەکانی هاوژینەکەم
ئەویش وەکچۆن لەگەڵ برسێتی ڕاهاتووە
نیگام ورد دەخوێنێتەوە و
بە هەناسەی ساردوسڕی بەبێ ئەوەی پێی بزانم
لە دڵەوە دەگری بۆ خۆی و بۆ من و چارەنووسمان

بە ڕاستی نا، لەدڵەوە، بەڵکە هەر بۆ فریودانی خۆمان بزە
بۆ یەک دەکەین
دەڵێین قەینا ئەمڕۆش نەبێ سبەی پەیدا دەبێ کارێک
بەبێ ئەوەی مرازی دڵ بژاکێنین
چەتری ڕۆژێکی برسی تر، دەکەین بە سێبەری شارێک.
ئەوەتانێ سەری مانگە و خاوەن خانووش پارەی دەوێ
ئاخر چلۆن بەو بێکارییەم بتوانم سەر لە سەرین کەم
ئازاری ڕەش ساتێ پشو بدا و بنوێ
چوون دەزانم سبەینێش هەر هەمان حەمامە و هەمان تاس
چاری دەردی من ناکات سەبر و تەحەموول
یان خواردنی نێو عەلاگە و ناو سفرتاس
من ناتوانم پەنجەرەیەک نەکەمەوە بەسەر ئەم شەوە
تارەمدا
قەت ناتوانم هەروا بێباک بڕوانمە خواروخێچی و
دەستەووەستان بکەوم بەلای ئەم بارەمدا
نەفەسکێشێکم دەوێ تا بمخاتە سەر ڕێی دەربازبوون
دەرمکێشێ لەنێو چاڵی نووتەک ئاسا بێ هاوئازاریی و
بێنازبوون
بسکی خەمی نەهامەتی هەتاکو کەی بهۆنمەوە
داستانی ڕەنجی ژیانم، بە چ جۆرێ لەنێو شیعرا بهۆنمەوە
دەفری ئازارم لێێ دەڕژێ و دان بەخۆما دەگرم بەس ئاخ
پشت دەکەمە فریودانی دەست قەدەر و
نابمە گوێڕایەڵی دەستی ستەم و داخ

ئیتر مەشخەڵێک هەڵدەکەم بڵێسەی با لە ئاسمان بێ
دەنگی ئێمەی بێکار لە ژین
لێوانلێو نووچە و باسمان بێ.

**٢٠٢١-١-١١**

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١٢٩١ ی ساڵی ٢٠٢٢ بلاوبۆتەوە.

# سێڵفییەک لەگەڵ مێژوودا

دەتانزانی گمەی کۆتر قەدەغەیە
بۆ ویستتان ببن بە کۆتر
کەروێشکە سەمای گوڵەگەنم هێلی سوورە
بۆچی چوون بوون بە ڕەشەبا
لەکوێ گوڵێک گوێ هەڵبخا بۆ گۆرانی ئێوە دەبن بە
باخچەی سەوز
چ هەورێک ڕێگا ون بکا
دەبن بە ڕێی کاکێشانی ئاسمانەکان!

*

زریکەتان لە ژوورە تاریکەکانەوە دەهاتە دەر
ئێمەش لۆکەی بێدەربەستیمان لە گوێ بوو
هاوارەکان تاکە تاکە دەکەوتنە سەر شەقامەکان
ئێمەش دەچووین سێڵفیمان لەگەڵ دەگرتن
هێشتمان دانە دانەی خونچەی خەونەکانتان وشک بنەوە
بەبێ ئەوەی لەسۆندەی جەربەزەییەوە ئاویان بدەین
بێدەنگ بووین و بەسەر شەقامە قەرەباڵغەکان
لەژێر لێوەوە دەمانوت ئێوە پاڵەوانەکانی چیرۆکی ئێمەی
برسین و
ئێوە وێنەی شیعریی جوانن و
ئێوە دەنگی سروودی پڕ لە جۆشی ئێمەی ترساون
دەترساین و دڵمان لاتان بوو ئازیزان

دەترساین و نەمان دەویست لەنێو نوێنی نەرم و گەرمی
بێدەنگبووندا بێینە دەرێ
ئای! چ خۆپەرست بووین و ئێوەمان نەبینی کە چۆن
بەگەورەیی لەنێو میلۆدی گۆرانییەکانی مێژوو و
لەتوێی کتێبە قەدەغەکراوەکانی ژیان، دەژێن
بە بێدەنگی هاتین و بەلاتاندا تێپەڕین
دەمانبینی پێستی لەشمان دەگوورن و هەستمان بەئازار
نەدەکرد
هەردوو چاویان دەرهێناین و
هەردوو دەستیان بڕینەوە و
هۆش و بیریان لە قاوغ نا و
هەستمان بە سەرکزیی هەستی خۆمان نەکرد
هەستمان بە ڕشانەوەی ستەم و
بە بێغیرەتی شەقام و
بە ترسنۆکی ئەدەب و
بەچەپەڵی دەسەڵاتی فیشەک و ترس نەدەکرد.

*

تازە ئێوە بوون بە باران ئێمەش پێدەشتێکی تینوو
ئێوە بوون بە دەنگی بەرز و ئێمەش نابیست و نابینا
ئێوە لەنێو دیرۆکی ئەمڕۆی ژیان
بوون بە پەرسف بۆ چەندین پرسیاری تابوو
بوون بە خەمێکی ڕسکاوتر لەنێو دڵی ئەم هەرێمە
بوون بەئازادی کوژراو و
بە مووژدەی گوڵاڵەسوورەی بەهارێکی سەر لە ئاسۆ
دەرهێنراودا.

**شوباتی ٢٠٢١**

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١٢٧٩ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# دەنگی زوڵاڵ

ئەوەی ئێستا بەڕێوەیە و دەگوزەرێ
نە سات و سەودا بەخوێنە و
نە جێ قوون خۆشکردنە بۆ سەر کورسییەکان
ئەم هاوارەی دێتە بەرگوێ
دەنگی زوڵاڵی شۆڕشە
شۆڕشی ڕەوای برسییەکان.

**٩ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠**

# وێنەی ساڵ

منداڵەکان دوای ڕۆژنامەنووسەکە کەوتبوون
ئەویش لەبری خەندە خستنە سەر لێوانیان
لەبری نیشاندانی خەونی ڕەنگاوڕەنگییان
لەبری خەم لەقۆڕەی سکی برسییان
وێنەیەکی لێچرکاندن
چەند ساڵ دواتر، منداڵەکان گەورەبوون و
هەتا ئێستاش نەیانتوانی پێبکەنن
هەر دەگرین
خەون دەبینن و نایگەنێ
قۆرەی سکیان لجاران زۆر بەئێشترە
وێنەی ڕۆژنامەنووسەکە بوو  بە جوانترین وێنەی ساڵ
خەلاتێکی دوو ملیۆنی پێوەرگرت و
ناوبانگی ئەو وێنەگرە نائینسانەش
لای ستەمکار زۆر لەجاران سەنگینتر و بەکێشترە.

**کۆتایی ساڵی ٢٠٢١**

# پاڵاسی قەدەر

سولالەیان دەچێتەوە سەر تەور و خوێن
دەچێتەوە سەر شوناسی سڕینەوە
نەسەبی ئەم دەستە ڕەشە لە تابووتە و
بوونیان قەفەسێکە تاریک
ئێمەی برسی و ستەملێکراویش ڕەنگاڵەین
خەون ئەبینین بە ئازادی و فڕینەوە
*. *. *
ئەو چەتانە پڕ ئەزموونن لەزمانی شەق و تێلا
ئەوانن نازانن گوڵ چییە و چۆن ئەپشکوێ
ئاخر ئەوان سەر بە جیهانی تاریکین
نازانن خەرمانەی سەری گوڵەگەنم چۆنە و لەکوێ
ئەوان پاڵاسێکیان دەوێ تەنیا و چۆڵ بێ
نەک وەک قەدەری حەتمییان
کونە مشک یان مەنهۆڵ بێ.

٢٤/١١/٢٠٢١

# خەونەکانم دەسووتێنن؟!

بۆ ئەو دڵانەی لەسەر سنوورەکانی بیلارووسیا و پۆڵندا بۆ ژیانێکی ئارام لێدەدەن
من دەمویست خەونەکانم بنێمە نێو سەبەتەی ژیانمەوە
یەک یەک چرای گەنجێتی خۆم پێبکەم و
بەبەردەم ڕۆژگارەکاندا بێم و بچم
لەگەڵ گوڵ سەما بکەم و جاویدانە ببمە عاشق
من دەمویست لەپەلکی روحی خوشنوودی ئازیزانم
سێبەرێک چێبکەم
بۆ جەستەی کەنەفت و ماندووی ژێر هەتاوم
دەمویست لەگەڵ هەناسەکانی درەختە بێنازەکانی شارەکەم بکۆکم و
لەگەڵ ئارەقەی هاوین و سەرمای زستانی بێکەسیمدا ئەو گۆرانییانە بڵێم
کە دەربەندی غوربەتی و تەنیاییم دادەخەن
ئاخ.. چی دەبوو بچوومایە باوەشی ئومێدێک و
سەرهەڵگرتنم ببوایە بە سەراب؟
چی دەبوو لەگەڵ پاسارییەکانی نێو خەیاڵ و یادگەی ڕابردووم
بەئاسمانی پڕ لە هەوری سادەیی خۆم بفڕیمایە؟
نەک ببوومایە نێچیری دووکەڵ و تەڵە و داو و مەرگ
من دەمویست هەناسەیەک بدەم تەژی لە ئۆخەی و خۆشی

دەمویست بژیم لەگەڵ ئومێد
دەمویست لەگەڵ نازدار حەیران ئاوێزانی قەد و باڵا و
گەردنی بم
ئێوە خەونەکانتان سووتان
چۆلەکەکانتان سەربڕی و
ئومێدتان کوشت
ئێوە هەناسەی خۆشیتان لەم ژیانەم تاساند و
بە هەژاری و بێهیواییتان سپاردم
پێتان وتم ئەها ئازادی چەند خۆشە و چەند بەبەهایە لای
ئێمە
پێتان وتم پیاسە بە گیرفانی خاڵی و
زەوقی کز و
حەزی مردوو با بۆ تۆ بێ
خەمی دایک و باوک و خێزان
خەمی بڕوانامەی زانکۆ و
خەمی ماڵ و ژنهێنان و
خەمی دەنگدان و هەڵبژاردن با بۆ تۆ بێ
ئێمەش خەمی تۆ و ئەوانەی وەک تۆن، دەخۆین
تۆ بێدەنگ بە، ئێمەش دەبینە سەدای پر لە ئازاری ژیانی تۆ
تۆ ملکەچ بە، ئێمەش مەدالیای سەربەزی دەبەخشین پێت
تۆ گوێگر بە، ئێمەش مامۆستای بەئەزموون
نەخێر؛ خەون کوژەکانی ژیان، نەخێر
نابێت من برسی و تامەزرۆ، ئێوەش تێر و پۆشتە و پڕ بن

نابێت من بەپێیان پیاسە و ئێوەش بە نوێترین ماشێن بێن و بچن
نابێت گیرفانی من خاڵی و گیرفانی ئێوەش دۆلار و یورۆی تێدا بێ
نابێت سەفەر بۆ ئێوە بێ و
منیش لەنێو جەنگەڵەکانی سنووری بیلارووسدا هەڵ بلەرزم
کە ڕۆشتم و سنووری دەستکردم بڕی
هەم گریام بۆ کەس و کار و بۆ یادەوەری منالّی و بۆ هاوڕێ و بۆ کچە نەشمیلەکەی گەڕەک
لەناخەوەش پێدەکەنیم بۆ ئایندە و داهاتووش گەش
تازە ملی ڕێم گرتوە و بەرەو چارەنووسی نادیار، چاوەڕێ مەبن بێمەوە
تازە کۆترێکی پەریووم، لەئاسمانێکی نوێ و تازە بە گمەی جوان
بەسەرهاتی کۆچ و خەمی ئەم سەفەرەم بۆ باڵندە چاوشینەکان دەگێڕمەوە.

**مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

تێبینی : ئەم دەقەم لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١٢٦٩ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.

# لەیادی سەد ساڵەی
# کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم

چەپکە گوڵ لەسەر چی دادەنێن
ئێوە ئەی بازرگانانی نێو سیاسەت
تا بەرژەوەندی و دەسەڵاتتان بخوازێت
بەنزین بە ئاگری شەڕدا دەکەن و
مەرگ و شەڕ دەبەنە بەر دەرگای ماڵی ئینسانەکان.

جەنگی جیهانی یەکەم کە لە ٢٨ ی تەمموزی ١٩١٤ دەستی پێکرد و لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ کۆتایی هات، وا وەسف دەکرا کە جەنگێکە بۆ کۆتایی هاتنی سەرجەمە جەنگەکان. لەم جەنگە نەگریسە ٧٠ ملیۆن سەباز بەشدار بوون. وا زەمەندە دەکرێ کە ٩ ملیۆن جەنگاوەر و ٧ ملیۆن خەڵکی سیڤیل لە ئەنجامی ئەو جەنگە کوژرابن. جەنگەکە لەنێوان زلهێزە ئابورییەکانی ئەو سەردەمەدا ڕوویدا .
لەلایەک بەریتانیا و ئێرلەندە و فەرەنسا و ڕوسیا و لەلایەکەی تر ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا و نەمسا و دەوڵەتی عوسمانی و مەملەکەتی بولگاریا بوون.

ئەو کاتانەش بەرژەوەندی لەگۆڕێ نەمێنێ
واژووی ئاگر بەست دەکەن و
دەست لەناو دەست لەگەڵ دووژمنەکەی دوێنێ و
شەرابی بردنەوە و دۆڕان ئەخۆنەوە
بە ویقارەوە دێن وتارێک دەخوێننەوە

بە ڕژانی چەند دڵۆپە فرمێسکێکی ئیمساحیی بۆ
کوژراوەکان
دەستی بە خوێن سوور خۆتان دەشۆنەوە.
شەڕ وەک دیاردەیەکی نیزامی سەرمایەداری جیهانیی
بریتییە لە شەڕ لەسەر بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووری و
ستراتیژییەکانی دەوڵەتەکان و حیزب و لایەنەکان. بێگومان
ئەوەی لەم جەنگەدا دەبێتە قوربانی چینی کرێکار و خەڵکی
بەشمەینەت و دەستەنگە.
ئەی بازرگانانی نێو سیاسەت
ئێوە دەزانن کوشتنی ئینسانێک یانی چی؟
ئەزان وشک کردنی ئاوی چاوی چاوەڕوانی
دایکێک بۆ کوڕ یان مێردەکەی یانی چی؟
ئەزانن منداڵێک کە باوکی نامێنێت و دەکوژرێت
قەت ناتوانێ بڵێت بابە، یانی چی؟
بۆیە لەسەر خەڵکی هەژار و دەستەنگە نەفرەت لە جەنگ و
شەڕ و دەرهاویشتەکانی ئەم دیاردە شوومەی نیزامی
سەرمایەداری بکەن و بەر بە کوشتن و کاولکاری و
ماڵوێرانی و ئاوارەیی بگرن و جوانترین و ئینسانیترین
وەڵام ملنەدان و ڕەتکردنەوەی جەنگە.
ئەی بازرگانانی نێو سیاسەت
چەپکەگوڵ لەسەر گۆڕی سەربازی ون دامەنێن
چەکەکانتان لەنێو بەرن
ئاگری شەڕەکانتان بکوژێننەوە

چاوی تەماحی خۆتان کوێر بکەن
(کە وا ناکەن و قەتیش ئامادە نین وا بکەن)
نەفرەتی ئێمەتان لێبێ
چاوەڕوانی داری دەستی راپەڕین و
شۆڕشی ئێمەی برسی بن
دێین ژیانتان لێ تاریک و خۆشیتان لێ تالان دەکەین
بۆ عیبرەتی مێژوو دێین و هەرچی جوانی ژیان هەیە
دەکەین بە چرای خۆشنوودی و بۆسەرجەم ولاتو شار و
یەک بە یەک مالان دەبەین
ئەمرۆ لە کاتێکدا کە سەد سال تێدەپەڕێت بەسەر ئەو
جەنگە جیهانییەی کە برینەکانی تا ئێستاش لەسەر جەستەی
مرۆڤایەتی سارێژ نەبوونە، ئێمەی ئینسانی کرێکار و
بەشمەینەت پێدەچێت هێشتا دەرس و وانەی پێویستمان لەو
ئەزموونە تالانەی مێژوو وەرنەگرتبێت و سەرمایەداری
هێشتا بەئاسانی بتوانێ لەناو کوورەی جەنگێکی تردا
ژیانمان بتوێنێتەوە و مرۆڤایەتی دووچاری جینۆسایدێکی
تر بکات.
لەم یادەدا نەفرەت لە جەنگ و دەرهاویشتەکانی
نەفرەت لە نیزامی سەرمایەداری و پلانە گلاوەکانی
درووود بۆخەبات و تێکۆشان لەپێناو ئاشتی و ژیانێکی
شایستە بە ئینسان

**١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨**

# ئەگەر هاتن تێیان هەڵدەن!

ئەگەر هاتن
قەت نەهێڵن بێنە ناوتان
وا نەزانن لەبەردەم زرریانی غەدری کوردایەتی راوەستاون
دەستتان بەرن بۆ کلێتە و بۆ کڵاوتان
ئێوە چادری هیوا و خەونی خۆتان هەڵدەن
قەت نەهێڵن ئەو مەسینە هەڵگرانە
لەبەردەم مایک و تیڤییەکان
بەشان و باڵی ستەم و
کوێخای نێو دیوەخان هەڵدەن
تا دەتوانن پڕشەقیان کەن
تێیان هەڵدەن
ئەگەر هاتن!

**٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# ڕازی یاخیبوویەکی ژیان

من هەر دەنگ و وشەم هەیە
تۆش لەشکر و جبەخانە
من باوەڕملی بەرزی ئینسانیم لە سەرە
تۆش پیلانی کوشتنی من و
سازکردنی دیواربەندی بەندیخانە
ئەی بۆرژوازی ستەمکار
من ئاسۆی ڕوونی ڕزگاری یەکجارەکی دەبینم و
تۆش ڕۆژ دوای ڕۆژ
ژیانی ئێمەت کردۆتە قەشمەرخانە
من لە ئاستانەی خەباتدا جێم ناو دڵی جەماوەرە کرێکارە و
تۆش ناو کونی ئاودەستخانە.

**ئابی ٢٠٢٠ ١٣**

# دوا قەسیدەی ساڵی ٢٠٢١

## (ژیان کورتە، دەبێ جوانی بکەین)
## وتەیەکی وەرگیراوە

جاران ڕۆژەکانم جێدەهێشت و
بەشوێن گوڵە بەیبوونەکانی خۆشەویستیدا
سێبەر بە سێبەر هەوری خەمم دەڕەواندەوە و
دەچووم لەسەر بەرزاییەکانی ئومێددا
تەماشای ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی پشت نووشتاوەی
تەمەنی خۆمم دەکرد
جاران خۆمم لێدەبوو بە سەعلوکێکی دەرەوەی مێژوو و
یاخی یاخی لەشەوە هەرە تووش و تاریکەکاندا
گۆرانیم بۆ هەتاو دەوت
لەسەر شۆستەی برسێتیدا وێنەی نانم دەکێشا
ئێستا دوای ناسینی تۆ و هەناسە پڕ حەسرەتەکانی شیعر
خەمی هەڵگێرانەوەی ژیان
وێنەکانی ئەم تەمەنەی تەڵخ کردووم
ئێستاش دەبێت لەژێر چەتری ئەو خۆشەویستییە گەورەیە
ڕەش بکەمەوە بە سپی
خەم و ئومێدیش بە جوانی
جەنگەڵ بە باخچەی خۆشنوودی
خۆشمان ببین بە گۆرانییەکی ئینسانی

# دەست بە ژیانەوە بگرە!

**٢٠٢١ کەنەدا**

دەست بە ژیانەوە بگرە
با دەنگی(چووک)ی شان هەڵتەکاندنت
وەک ئاماژەی نازانم، فریوی گوێچکەکانت نەدا
ڕیتواڵە نارێکەکانی (بێ تۆیی)م پێ نەنێنە سەر دڵۆپە ڕژاوەکانی حەسرەت
(سبەینێ)کان لەبازاڕی ڕۆژە ئاساییەکانی ژیاندا
گیرفانی زەمەن هەڵنەتەکێنن!
بێهوودەییەکی لەڕادەبەر ترسناکە، پاڵتۆی تەنهایی بدەیتە شان و
سیگاری گەمژەیی بکێشێت.
تۆ دەبوو ئێستا بچوویتایە سەر قادرمەکانی ئومێد و
شیعرت بەسەر جوانی و ناسکی خوێن ڕشتنەکاندا بنووسیایە
قەیرەییت لێ نایە و شیعرێک بخوێنەوە
با قەڵەمەکەت وەجاغ کوێر سەر نەنێتەوە.
تۆ سوێند بە هەرچی ئەسحابەی زمان هەیە دەخۆیت و
بە قودرەتی خەیاڵی تاق و تەنیا،
دەتەوێت خۆت لەمەترسییەکانی ئاشووبی مەرگ بشاریتەوە و
دەست بە ژیانەوە بگری

دەست دەگری بە ژیانەوە تا ورد ورد دڵۆپە حەزەکانی
مرۆییت
دەتکێنە سەر ئەپارتمانە دڵگرانییەکانی بوون
دەتەوێ مەرگ وشترمڕانە بڕوانێتە سەرە بێکۆتاییەکەی
ئینسان
دەتەوێ لەخۆپیشاندانە مەزنەکەی ژیانا بە لافیتەی (دەست
بە ژیانەوە بگرە)
لەڕیزی پێشەوە و دەم بە هوتاف وێنەت بچێتە سەر
ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان
زیانێکی گەورەیە هەڵدێڕان لە توولەڕێگاکانی مەینەت
نووشتانەوە بۆ ئەدەبی نووستوو و شاعیری تەپیو
بێڕێزییەکی زۆرە کردنەوەی دەرگا لەڕێبوارە
بەڕۆبۆتکراوەکانی چوار دەور
تەزووی چ حەسرەتێک دەمهێنێ و دەمبا
ئەڵێێ کارەبای توورەیی گرتوومیەتی و ڕامئەچڵەکێنێ
ئەلێێ کەوتوومەتە نێو بۆسەی مەفرەزەیەکی ئەمن و
لەترسی بێناسنامەیی خەریەکە زیرە بکەم.
لەولاوە لە ژیان ڕا ئەکەم و
لەملاوەش دەستی پێوە دەگرم!

***

پێت نەوتم دڵت بۆچییە
تۆ دەتوانیت خۆشەویستی بکەی بە ئیمۆجێکی بێ ڕووح
بە کلکێک دەتوانیت ببیە ڕۆمیۆ

دەتوانیت باز بەسەر سوێندە گەورەکاندا بدەی
ئارەزووەکانی بەرزەفت کەی
دەتوانی پرسەنامەت بە لایکێک و
دڵخۆشیت بە وێنەگوڵێک بدەیتەوە!.
چ ڕۆژگارێکە، هەستەکان ورد و بریندار دەبن و
بەنایلۆنی تەکنەلۆژیا تەغلیف دەکرێن
وێنەی لێوێکی سوور نیشانەی دڵەکوتێی عەشق بێت.
بە بازاڕ و مۆڵەکان بسوڕێوە، باسی شیعر بکەیت
ژمارە ١٠٤ لێدەدەن و دەتنێرن بۆ شێتخانە
چ ئینسانگەلێکین ئێمە؟!
مانگێک نان مەخۆ کەس لێت ناپرسێتەوە
بەڵام پێڵاوەکەت تورکی نەبێت لایان سەیرە و
نامۆ نامۆ لێت دەڕوانن
ساڵێک بە پێیان هاموشۆی بازاڕ بکە مێشێک مێوانیان نییە
بەڵام مازدایەکی کۆنت پێ بێت، لێت دەکەنە هەڵڵا و قسە
ئێمە چ غەزەبگەلێکین؟!
لەڕوودا بە قوربان دەبین و
کەپشتیشی لێت کرد پەنجەی (بتگیم)ی بۆ هەڵدەبڕێ.
ئێمەی غەزەب لە زۆنگاوی ئیرەییدا خنکاوین و
بەقات و ڕیباتی مۆدێرنەوە ژەنگی سەر بیرکردنەوە
سوواوەکانمان بۆ پاکژ ناکرێتەوە
تووڕە ببیت، پێت دەڵێن کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوە
عەقڵی فەرامۆش کردووە و کەوتۆتە دوای سۆز!

جنێو بدەی پێتدەڵێن عەبەسە و خۆتی لێ دوور خەوە
جیددی بیت و باسی سیاسەت و شت بکەی دەڵێن هەی هوو
هەی هوو
کاکە تکایە واز لە سیاسەت بێنە
ئەی ڕوو لەکوێ بکەم و سەر بۆ کوێ هەڵبگرم؟
کەی قفڵی بیرکردنەوەت دەکەیتەوە؟
تۆش کەی وەکو من میزی وشە و شیعر دەکەی بەسەر
لادیواری کۆمەڵگەی چینایەتی
کەی تف دەکەی لە سیاسییە دۆڕاوەکانی برسێتیمان
لە پارە و دەسەڵاتی شەهوەتبەزێنی نیمچە سەرخۆشەکانی
نێو حیزبی باوک
وەرە با لە دەرگای ڕق و خەمەوە بچینە دەرێ و ببینە
ئیمۆجی ڕاستەقینەی ژیان
بە گۆرانی
بە سەما
بۆ شیعر و وشەی جوانی و ئینسان.

***

دەڵێن دەست بە ژیانەوە بگرە
دەست بە کوێی ژیانەوە بگرم لە کاتێکدا ژیان
گوونی خۆی نیشان داوم و منیش دەستم لەوێی ماوەتەوە.
دەستگرتن بە ژیان، دەستگرتنە بە ئەسرینە
وشکهەڵاتووەکانی باران و
دەستگرتنە بە قەوزە سەوزەکانی کەناری گۆمی بێدەنگبوون

دەستگرتنە بە پیرۆزییەکانی ڕابردوو
دەستگرتنە بەو ئاسمانە غێمەی کەناوی کۆیلەتییە.!
من دەست بە ژیانەوە ناگرم
وەکچۆن چل ساڵی ڕەبەقە بەم سەرە ئەسڵەعەمەوە کڵاوکەم
داوەتە دەم ڕەشەبا
من دەست تەنها بەو خەونانەوە دەگرم کە باس لە ئایندەیەکی
جوان و
باس لە سبەینییەکی گەش و
باس لە پێچانەوەی بارگە و بنەی ستەم دەکەن.

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری نما ژمارە ٥٤ی ساڵی ٢٠٢٢
بڵاو بۆتەوە.

# یان کرێ یاخود کچەکەت

لە ڕۆژگارێک
نە قوومە ئاوێک بۆ تینوو
نە لەتە نانێک بۆ برسی
لەڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ
پڕ لە غەدر و لە مەترسی
ئەو ڕۆژگارەی
دڵ خاڵییە لە خۆشەویستی ئینسان و
بیرکردنەوە بۆنی تیژی زەلکاوی ژین دەدات بەبا
هەرچی هەیە لە پۆخڵی و چاوچنۆکی و تەماحی ئەم
فرماسیۆنە
بوونە بە شوناسی زوڵم و
سەرچاوەی غەدر و ناتەبا
لەم ڕۆژگارە خاوەن موڵکێک تا سەر ئێسقان دژە ئینسان
کرێچییەکەی گیر دێنێت و دەیخاتە بەردەم دووڕیان
»پارەت نییە برۆ دەری
ئەگەریش کرێت پێنادری
وەرە کچەکەتم دەری«
لەڕۆژگارێک
ژیان لەبری خۆشی و چێژ
لەسەرشانمان بۆتە بارێک

**١٢ی نیسانی ٢٠٢٢**

# ترس و نزا

دایکم باڵندەیەکی تەریوو بوو
لە ترسی ئەوی جەرگی نەسووتێت، هەردوو دەستی بە نزاوە گرتبوو
لەسەر بەڕماڵەکەی بەدەم پاڕانەوەوە تا هیچم بەسەر نەیەت هەر جووکەجووکی بوو
بە دەنووکی میهرەبانی خۆی ئاوی دەدایە بێچووەکانی غەم و ترس
باوکیشم هەڵۆیەکی زامدار بوو کەزانی خەریکی سیاسەتم
تا توانی توانجی لە سیاسەت و حیزبەکان دەخستە سەر باڵەکانی و
دەفڕی بەسەر ئاسمانە تاریکەکانی نەهامەتی
ئەو دەیوت شیوعییەت زۆر شتی باشی هەیە
کۆمۆنیستەکان تا بڵێی نەجیب و بە ئەمەک و ئازان
بەڵام ئەو کافرانە بڕوایان بە خوا نییە!
دوای ئەوەی بێئومێد بوو
دەپاڕایەوە دەیوت وریای خۆت بە نەکەویتە دەست ئەو زاڵمانە
دایکم و باوکم مردن و هەردووکیان هاوسێگۆڕی یەکن
هەردووکیان بوون بە قوربانی ئەم سیستەمە چینایەتییە
هەرتددوکیان تا مردن کاریان و کرد و هەدایان نەدا
هەردووکیان لەنێو شەپۆلی ترسدا مەلەیان دەکرد.

هەردووکیان ژیانیان بۆ من دەویست
هەردووکیان خەمی منیان بوو تا فێرە فڕین دەبم
دەترسان دەریایەک لە بێدەربەستی قووتم بدات
دەترسان نغرۆی ژێر باڵەخانەکانی مەرگ بم
دەترسان باڵەکانم بە هەتاوی ستەم هەڵقرچێن
دەترسان بکەومە بەر دەمی نەهەنگی خیانەتی هاورێکانم و
فریای هاوارێک نەکەوم.
چەند دلۆڤان بوون ئەو دایک و  باوکەم من
ئەو دایک و باوکەی ئێمە و ئێوە
دایک و باوکەکان لە میهرەبانیدا توابوونەوە
لە خەمی ئێمەدا ببوونە ساباتی خۆشەویستی

**١٦ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

# کۆمۆنیستەکان جێی مەترسین!

دەڵێن کۆمۆنیستەکان جێیِ مەترسین.
بەڵێ، پێموایە زۆر دروستە کە کۆمۆنیستەکان جێی مەترسین
چونکە ئەوان پەرجوویەکی سەیریان هەیە و بچنە هەر شوێنکی تاریک؛ ڕووناکی دەکەنەوە.
ئەوان جۆرە توانایەکیان هەیە و ماندوو نابن.
خۆشەویستن؛ چونکە ئەوان قەت خۆیان لە خەڵکی هەژار و ستەمدیدە جیا ناکەنەوە
لەکویێ چەوسانەوە هەبێت ئەوان لەوێن
لەکویێ منداڵێک بگریەت، ئەو کۆمۆنیستانە دەچن ژێریان دەکەنەوە
بۆ دڵدارەکان دەبن بە پەلکەزێڕینەی متمانە و
بۆ خەباتی چینایەتی دەبن بە تەتەری نێو کارگەکان
جێی مەترسین چونکە دژ بە سەرکوتی ژنانن
ئەوان جۆرە پەروەردەیەکیان دەوێت تا منداڵەکانمان کەسایەتییان بەهێز بن
حەزیان لە جۆرە کتێبێکە عەقڵی کۆمەڵگە بەرەو پێش ببات
ئەمەش کارەساتە بۆ قازانج و سەرمایە.
بەڵێ ئەوان جێی مەترسین چونکە دەیانەوێت خەڵکی هەموو خوێندەوار بن

دەیانەوێت دەستکورتی و هەژاری کە هەر لە ئەزەلەوە
بوونی هەیە؛ نەهێڵن
دەیانەوێت شیرازەی خێزانی ئەمڕۆ تێکبدەن و بەرەو
ئاڕاستەیەکی بەرزی بەرن
ئەو مەلعونانە جێی مەترسین چونکە دەیانەوێت دین نەهێڵن
و دەڵێن ئایین تریاکی گەلانە
دەیانەوێت موڵکایەتی تایبەتی بکەن بەگشتی
ئەو کۆمۆنیستانە جێی مەترسین، دەستیان بڕوا کچ و
منداڵەکانمان لەدەست دەردەکەن
ژنەکانمان لێ هار دەکەن
پەرلەمانەکەمان تێک دەدەن و
حکومەتەکەمان دەڕووخێنن و
نیشتمانە جوانەکەمان لێدەکەن بە دۆزەخ
دەستیان بڕوا دەیانەوێت مووچەی ئێمە بە ئەندازەی
مووچەی کرێکارێک لێبکەن
ئەم کۆمۆنیستانە جێی مەترسین
چونکە هەرچییەک دەڵێن دەچێتە نێودڵی خەڵکی
چەوساوە
سەیر لەوەیە قسەکانیان ڕاست و لێکدانەوەکانیان دروستن.
بەڵێ کۆمۆنیستەکان ئامادەن قوربانی بدەن
لەزینداندا نموونەی جەسوورین و لەبەرگریدا بێوێنەن
چەند جێی مەترسین؛ ئەوەندەش لەناو کۆڕ و
کۆبوونەوەکاندا جێی متمانەن

ئەوان دژ بە کۆنەپەرستی تێدەکۆشن و
بێباکانەش باسی سۆشیالیزم دەکەن
کۆمۆنیستەکان جێی مەترسین چونکە هەرکەس بەرنە ژێر
ئەو ئاڵا سوورە دەبێت دەستی لێ بشۆی
هەموو گیرفانەکانیان بگەڕێی بەڵگەیەک نادۆزیتەوە
چونکە گۆڤار و بڵاوکراوەکانیان لەنێو دڵیان دەشارنەوە و
بەئاسانی دەیگەێننە ناو کارگە و کارخانەکان.
کۆمۆنیستەکان خێو نین نەبینرێن؛ ئەوان مرۆڤی ئاسایین
بەڵام وەکوو کزەبایەکی هاوینیی دەچنە ناو ماڵی
هەژارەکان
وەکوو تریفە؛ جوان جوان ژیان قەشەنگ دەکەن و
دەبنە بزەی سەرلێوی منداڵە برسییە بێدارەکان
ئەوان جێی مەترسین و زۆریش مایەی دڵەڕاوکێن
لەهەمان کاتیشدا ئەوان ڕەمزی جوانی و خۆشەویستین.

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

تێبینی : ئەم شیعرە لەژێر کاریگەری شیعری (احذروا من الشیوعیین) ی شاعیر خلدون جاوید نووسراوە کە لە (المنتدی البلشفي للفن و الادب) بڵاوبۆتەوە.

# ئەکزەلەرەیتی زەمەن

زوو زوو مەزەندەی فڕین دەکەم
فڕین بەنێو کتێبێکی پڕ لە وێنەی شاعیرێکی سەعلوک
فڕین بەلێوار خەیاڵی تۆزاوی قەراغ ڕووداوێک
فڕین بەنێو کێلونی دەرگای پرسە سەرەڕۆکان
چ پانتاییەکە فڕین وەختی بەباڵی عەشقەوە
شیعر..شیعر کتێب بەسەر دەکاتەوە.
چەند جوانە وەختێ خەیاڵ دەچێتە بەردەم
دەروازەی وشە غەمبارەکانی بوون
ئای لە فڕین ..چۆن مەزەندەی شیعرم دەکا بە مەززەی خۆی!

*

هەورەکان لە ئاسمانی شارەوە زووخاویان لێ دەبارێ
دارگەڵا وەرەمی گرت
ڕووبار شیلەی ئیرەیی ڕشت
تابلۆیەکی تابڵێی غەمگین بوو هەتاو
زنجیری پانتۆڵەکەی نەبەستبوو
مانگ و ئەستێرەکان بەدزییەوە پێی پێدەکەنین.!

*

هیچ شتێک هێندەی بەفر ڕەش ناچێتەوە
وەختێ لەمەوعیدی توانەوەی خۆی دوا ئەکەوێ
تەنانەت پاسارییەکانیش کە گەروویان

بەهەناسەی مرۆڤ تەنگ دەبێ
جریوەیان خامۆش دەبێ.
*
کەس ناتوانێ ڕێکەوتنی نێوان شیعر و شاعیر تێبگات
مەگەر خەیاڵێکی چەتوون بەدزییەوە
لەپەناو کەلێنی کاتتدا گوێی لێیان هەڵخستبێ!
*
شیعرم جاران مەلێکی تەریوو بوو
تابلێێ سەربەست و تیژڕەو بوو
هەموو ڕۆژێ بە ئاسمانی نەهامەتی هەڵدەفڕی و
دەنیشتەوە
وەختێ بۆنی گوڵاوی نێو وشەی دەمی شیعرمیان کرد
باڵیان بەست و وتیان باسی سیاسەت و و سۆشیامیزم و
ئازادی و تادوایی مەکە
خۆت خەریک بکە بە ئیشەوە
لەو ساتەوەی قەسیدەی پڕ ئومێدیان برد
هەر بە ئومێدەکانی دڵی خۆی باڵبەستیان کرد
بە شەرابی ئەشکەنجە و خەمی تەنیایی خۆی مەستییان
کرد
ویستیان شیعرم بکەن بە پەند
بەڵام لە دڵی خەڵکیدا گۆرانی بۆ دادپەروەری ئینسان
دەچڕێ و وشەکانی بۆ ستەم بوو بە کۆتوبەند.

٢٠٢٢

# (جان) و پارادۆکسی ژیان

**بۆ جان،**
**ئەو سەعلوکەی هەر شەقامەکان دەیناسن**

ئێوارەیەکی سارده و
جادەکان تا دێن بێدەنگتر دەبن
(با)یەک خۆی هەڵدەسوو لە ڕووخساری ڕێبوارە
شەکەتەکانی
ئەوانەی پەلەیان بوو زوو بچنەوە ماڵ
ئەوانەی شوێنێک چاوەڕوانیانە و
ڕووناکییەک دەیاننووسێتەوە.
ئەمیش جگە لە تاریکیی و هەندێجاریش ژاوەژاوی
شەقامەکان خانەخوێیەکی کەی نەبوو
بۆ بەباکردنی دەردەدڵی خۆشەویستی.
(جان)؛ هەمیشە دڵپڕ و بێدەنگ دەژیا
ئەو بەتەنها لەگەڵ تیشکەکانی خۆر و
سێبەرەکانی هاوین و
باخچەکانی ناو سەنتەری شار دەپەیڤی
ساڵانێکە (جان) بۆتە هاوڕێی خەمێک و ئومێدێکی لەڕولاواز
نە پشت دەکات لەمێژووەکەی،
نە بۆ دەستی بزەییش دەچەمێتەوە.

*

ئەو ڕۆژانەی (جان) دەبینم چوست و چالاک شەقامەکان دەبڕێت و
خۆی دەکاتە نێو کافتریای پێکەنین و دڵخۆشییەوە
ئەو ڕۆژانەی یەک یەک دەستی درەختەکان بەردەدات و
باز دەداتە سەر شۆستەکانی ئەم شارە شیعراوییە
ئەوە دەزانم شیعرێکی تازەی پێیە و بەنیازە بۆ بارانی بخوێنێتەوە
ئەوە دەزانم لەگەڵ خەمەکانی دواوە و
دەیەوێت دەردەدڵی خۆشەویستی بە با بدات
دەزانم یادی ئەو کیژەی خەونەکانی کردۆتەوە و
بۆیە هەرخۆی بۆتە خەندە و
بۆتە خەم و
بۆتە حیکایەتێکی تەواونەکراوی ئەم ڕۆژگارە.
(جان) ناتوانێ پێبکەنێ مەگەر ئەو ڕۆژانە نەبێت
وەختێ مانگ دادەبەزێتە نێو دڵی دەریا و
بەلەمەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەژمێرێت و
خۆشی دەبێت بە تابلۆیەکی باڵدار و
دەفڕێ بەسەر ئۆقیانووس و دوورگەکانی ئەم ژیانە پڕ لە چاوەڕوانییەی ئێمە
چ پارادۆکسییەکە ژیان، بەپێکەنین دەبێ باسی پەژارە و ئازارت بکەی.

*

لەوەتەی من (جان) دەناسم
ئاشنا بوومە بە بوومەلەرزەی پێکەنین
بە لافاوی خەون و ئومێدی ڕژاوی نێو دڵەکان
بە قەڵەمبازی سەرشۆستە و
حیکایەتە بێکۆتاییەکانی عەشق.
(جان)؛ کتێبێک بوو خوێندمەوە، وشەکانی لیمۆی ئاوداری
ئەوین و
دڵی دەریاچەیەک بوو لە خوێنی تازە
چاوەکانی تەنها بەهاریان دەبینی
(جان)؛ ئێستاکە هەرچی جارێک کە دەمبینێ لە دوورەوە
هەردوو پەنجەی دۆشاومژە و ئەسپێکوژەی دەستی چەپی
خڕ دەکات
ڕێک وەک هێمای هەرچی شتە کۆک و تەبان، نیشانم ئەدا و
لەگەڵ سەر نەویکردنەوەی ئاسایی خۆی
بزەیەکی بۆ ئەکات وەک بڵێ سبەی دەتبینمەوە هاوڕێی
شاعیر!

**شوباتی ٢٠٢٢**

# گوڵەگەنمەکان یەک یەک
# دەستی مەرگیان دەگرت

## (لەیادی ڕەشترین تابلۆ لە مێژووی گۆرانی و ناندا)

گوڵەگەنمەکانیان دەوەراند و گۆرانییان بۆ نان دەوت
باڵی پەپوولەکانیان دەسووتاند و سترانیان دەچڕی بۆ فڕین
خەونیان دەکردە نێو کیسەی مردنەوە و
گلێنەکانیان دەفرۆشتە چەرچییەکانی بازاڕەکانی ستەم و غەدر و زوڵم
شیعریان دەناردە سەر ڕێگەی بیابانە غەمگینەکان،
تا هەرچی یادەوەری کانیاو و چۆم و زرێبارە لە خۆ داتەکێنن
چ تاریکییەک بوو ئەو ڕۆژەی هەتاو دەیویست هەڵنەیەت و
تاسەی گەرمی ڕێبوارەکانیش دەبوون بە هەناسەی کوژراو و
دەبوون بە باڵی گۆرانی و،
بە پریاسکەی خەمە زیز و لەخەمڕسکاوەکانی
کیژانی بەر سێلەی هەتاو و فیشەک و خوێنی تەڕ و گەرم
چ بێدەنگی و بێزمانی و بێ تروسکە و بێ مانگەشەویی بوو وەختێک

فیزاح و هاوار و ناڵە و ئاخ و ئۆفی حەسرەتەکان،
وەک ئۆرکێسترای مەرگ لەنێو دڵی ئەو بیابانە وشکە،
شەپۆڵ..شەپۆڵ..قەدی چرکە و خوولەک و کاتیان دەبڕی و
گوێی مێژوویان کاس دەکرد کاس
ترس ببووە چەتری چاڵە گەورەکانی ماڵی ئینسان
چاو دەمەیی و نیگا دەوەری و لەژێر پێی لم
دەبوون بە نەخشەی غەدرێکی بێوێنە لە ئەتلەسی
جینۆسایدی تازەی مێژوودا
لەودەمەی ڕا خۆزگەکانیان یەک یەک کردە کۆی زوخاڵ و
لەنێو هاوەنی حەسرەتدا کردیانن بە ئاردی نێو لمی بیابانی
ترس و وەحشەت
لافاوێکی سوور لەخوێنی کورد هەڵیکرد
مەتەڵێکی ژەنگاوی هات کۆدەکانی خۆی دەکردەوە
لەو کەڤاڵەی دەنگ و ترس و خوێن و نزای لێدەچۆڕا
گوڵە گەنمەکان زمانی ئاو و ژیانیان دەزانی
ئەوان گیرفانیان پڕ بوو لە زەنوێڕ و کوێستان و لالەزاری
ئەوین
لەو شەوەی کە سەد و هەشتا و دوو هەزار پەڵەی
شەرمەزاری کەوتە سەر تەوێڵی مرۆڤایەتی
لەو تاریکییەی سەد و هەشتا و دوو هەزار چاو بوون بە
مۆم و
بوون بە چرا و بوون بە ملوانکەی پساوی گەردنێکی تازە
خنکاو

لەو چارەنووسە قەترانییەی چیرۆک تیایدا ڕیشی بۆ مەرگ
هێشتبووەوە
لەو پرسە گەورەیەی سەرجەم بەشەرییەتدا
دەستە ڕەشەکان هەر دەستی سوارچاکانی شۆڤینیزمی
ناوەند نەبوو
دەستی خۆشمی لەگەڵدا بوو
چاوەکان هەر چاوی بەخوێن سوور بووی نێو ماشێنی زیل
و ئیڤا نەبوو
بەڵکو گلێنە و نیگاکانی خۆشم بوون لەپێشەوەی سوپای
مەرگ
دەچوونە نێو دڵی ئەشکەوتەکانی ئەم سەرزەمینە سەوز و
پڕ لە بۆنی بەهارەی ژیان
هەنگاوەکان هەر بە تەنها هەنگاوی ساڵێکی سست و تەمەڵ
نەبوون
بەڵکو دەبوون بە مۆتیڤی خەونی گەورە و
دەبوون بە کۆلارەی خۆشنوودی منداڵە هەژارەکانی چاو لە
هەتاو نەتروکێنەر
هەر خۆی نەبوو سوپای لم و بیابان و ئەنفالە ڕەشەکەی
بەعس
منیش بووم من دەستیم گرت و کچەکانی خۆم پێ بەخشی
منیش بووم من خەونەکانی خۆم لەبەرپێیدا سەربڕی
منیش بووم من شیعرم کوشت و
ئازادیم دایە بەر چەقۆ و

خۆمکردە قوربانی دەستی جەللادێکی زەنوێرِ نەدیو
جەللادی من شمشێرێکی چواردە سەدە لەوەوبەری
گرتبووە دەست
هەر خەریکی قرتاندنی ملی ئارامی و دڵنەوایی بوو
هەر خەریکی سەربرِینی وشە پرسەدارەکان بوو
چ تاریکییەکی قەترانی خۆری لەخۆیدا هەڵکیشا
دەنگ خەجاڵەت
هاوار تا سەر ئێسقان شەرمەزار و کەنەفت
بیابان تینوو بۆ خوێن و
تفەنگیش ئامادە بۆ نیشانەگرتن
لە هەشتاوهەشت گۆرِ غەریب بووم، نەمدەزانی دەبمە
گۆرانییەکی غەمبار
لە هەشتاوهەشت لەرێرەوێکی مێژوودا ونیان کردم
بەبێئەوەی ناسنامەم لە گیرفان و لە باخەڵی پرِ نهێنی
دەربهێنن.
لە هەشتاو هەشت وەک گوڵە گەنم هەڵوەریین
بووین بە جۆگەلەی پرسیار و بە بەنداوی نەفرەت لە ستەم
و غەدر
بووین بە کانیاوی تەقیوی نێو گەرووی وشکی ئەم مێژووە
بێکەسەی خۆمان
بووین بە شیعر
بووین بە تابلۆیەک تا ئێستاش نەکێشراوین.
لە هەشتاو هەشتەوە تا ئەمرۆ و تا دنیا تەواو دەبێ

باڵەکانمان بە ئاگری ئەنفالەکە هەڵکروزاون
خەونە زیندووەکانمان زیندەبەچاڵ کراون
شیعرم یەک یەک درزی بردووە و گۆرانیم هەتیوو
کەوتووە
نەسیمێکم لێ ونبووە و
ئاوێنەکانی نێو مێژووم، دانە بە دانەیان شکان.
لەو تاریکییە کەرنەڤاڵی مەرگ ببوو بە کەڤاڵێک
وشەی دڵە ژەنگاوییەکان ببوون بە جەللادی دڵڕەق
قوربانییەکان بە کۆرس هوتافیان دەکێشا
زانستی ڕەش ئێمەی کوشت و
بە کتێبێک خراینە ژێر لمی سوورەبووی عەرعەر
ئێمە ڕەگمان لەناو کار و ژیاندا بوو
ئێمە ئاومان لە فرمێسکی هەڵوەریوی چاوەکانی ئاسمانی
میهرەبانیی بوو
لەباخچە هەڵواسراوەکانی خەیاڵ و پیاسەی عەشق و
لەڕووبارە دڵڕفێنەکەی سەر سینگی میزیۆپۆتامیا تینووێتی
خۆمان دەشکاند
ئێوە هاتن شارستانییەتتان تەفرەدا
ئێوە هاتن دەستی کار و داهێنانتان هەر لەبنەوە بڕییەوە
ئێوە هاتن لەجێگای ماچ؛ دڕکتان ڕوواند
ئێوە هاتن ژیانتان گۆڕی بە مردن
چەند بەسادەیی کەوتینە ژێر سێبەری فریوی ئێوەی
زۆردار و

کاڵفامانە.. بڕوامان کرد؛ ئاشتیخوازن!
کالفامانە.. وەک فریادڕەس لێمان ڕوانین!
ئەو ساتانەی لەناو دەمی شۆڤەڵەکان دەستە دەستە شایی
مەرگمان دەگێڕا
هەر گلێنە بوو هەڵدەهات
هەر فرمێسک بوو ڕای دەکرد
هەر هەناسە بوو دەخزایە ژێر حوشترالووکی نەهامەت
تازە ئیتر زۆر درەنگە بچینەوە ئەودیو ژیان
درەنگە بچینەوە لای دار و بەرد و شاخ و ڕووبار و باوەڕ
و سەرفرازی و پێیان بڵێین فریویان داین
زۆر درەنگە ئەم حیکایەتە بۆ گوڵ و باخچە و باڵندە باس
بکەین
زۆر درەنگە باران ڕازی کەین ببارێ بەسەر کێڵگەی
ونبوومانا
تا لە بەهاری ئازادی سبەینێدا وەک گوڵاڵە سوورەی
قەدپاڵی چیاکان بڕێیینەوە
ئاخ داخەکەم زۆر درەنگە؛ هەتا بڵێی زۆر درەنگە جارێکی
تر
گۆرانییەکی ڕەنگاوڕەنگی غەرقی ئەفسوون لە بۆ ژیان
بڵێیینەوە.

**١٩٨٨ – ٢٠٢٢**

**کوردستان - کەنەدا**